# فەرهەنگی
# زاراوەکانی زمانناسی

وەرگێڕانی
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* ناوی کتێب: فەرهەنگی زاراوەکانی زمانناسی

* نووسینی: د.خەلیل ئەحمەد خەلیل

* وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف

* نەخشەسازی ناوەوە: وەرگێڕ

* چاپ: یەکەم ٢٠٢٣

* چاپخانە: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ : ٦٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(    )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە( ٧٥٧)

# پێشەکی

ئـــەم کتێبـــە بـــە ناونیشـــانی (فەرهـــەنگی زاراوەکـــانی زماننـاسی)یە، فەرهەنگێکە پەیوەست بە بواری زماننـاسـی، تێیــدا زۆربـــەی لایەنـــەکانی بـــواری زماننـاســـی لـــەخۆوە دەگرێـت. وەرگێڕانـی کتێـب لـە زمانێـک بـۆ زمـانێکی تـر تاڕایـەک ئاسـانە، بـەڵام دروسـتکردن و دۆزینـەوەی زاراوە لـە بـوارێکی دیـاریکراو زۆر ئەسـتەمە، چونکـە کتێبخانـەی کوردی لەبارەی زاراوەکانی زماننـاسـی زۆر هـەژارە، بۆیـە کـارێکی زۆر ئەسـتەم و گرنگـە، کـە ئێمـە توانیومانـە لـە بەرانبـەر هـەر زاراوەیـەکی زماننـاسـیی بـە زمانـەکانی عـەرەبی و ئینگلیـزی، زاراوەیـەکی زماننـاسـیی کـوردی دابنێین، ئەمـە لەلایـەک، لـە لایـەکی تـرەوە نووسـەری ئـەم فەرهەنگـە هەنـدێ جـار زاراوەی زۆر دەگمـەن و بەکارنـەهاتووی لـە بـواری زماننـاسـی بـەکارهێناوە، کـە ئێمەی ناچارکردووە لـە ڕوانگـەی زاراوە ئینگلیزییەکە یان شـرۆڤە و پێناسـەی زاراوەکـە بزانین بابەتەکـە چییـە و لـە کوردیدا بەرانبەری چ بەکاردێت، بۆیە ئێمە لەم فەرهەنگـەدا زاراوە زماننـاسـییە عـەرەبی و ئینگلیـزی و هەنـدێ جـار

فەرەنسییەکە وەکخۆیانمان داناوتەوە و لە بەرانبەریدا زاراوەی زمانناسیی کوردیمان داناوە، هەندێ جاریش بۆچوون و تێڕوانینی خۆمان لەسەر زاراوەکە نووسیوە و لەناو جووت کەوانە دامانناوە.

ئەم فەرهەنگە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ڕیزبەندی ئەلفوبێی عەرەبی دارِژاوە، بۆیە ئێمەش هەر وەکخۆی لە ڕوانگەی ئەلفوبێی عەرەبی ڕێزمانکردوون و لە کۆتایشدا دوو پاشکۆمان سەبارەت بە زاراوەکان خستۆتەڕوو، کە ئەوانیش زاراوەکانی (عەرەبی کوردی ئینگلیزی) و زاراوەکانی (ئینگلیزی کوردی عەرەبی)ن.

لە کۆتایدا هیوادارین خزمەتێکی بچووکمان بە کتێبخانەی کوردی کردبێت.

**نەریمان عەبدوللا خۆشناو**

**هەولێر**

# أ

**ابداء ـ پرۆتێسیس(فۆنیمی زیادکراوی سەرەتا) ـ** Prothesis

◊ پرۆتێسیس لە ڕێزماندا کردەیەکی سەرباركردنی پیتی بزوێن یان نەبزوێنی ناداتاشراوە بۆ وشەیەک، وەک وشەی(Scala)ی لاتینی، کە بە زمانی فەڕەنسی دەنگی (e)بزوێنی بۆ زیاددەکرێت و دەبێتە (Échelle)، واتە (پەیژە) و (ناردوان) یان (پێوانە) یان ئاست، بە هەمان شێوەش وشەی (Scribere) کە پێشگری (e) بۆ زیادکراوە و لە زمانی فەڕەنسی هاوچەرخدا وشەی (écriture) دەبەخشێت.

دەوترێت: (إبداء) (prothése) و جاری واش هەیە وشەی (prosthese) بۆ پێشکەوتنی نەبزوێنی ناداتاشراوی لە سەرەتای وشەی بەکاردەهێنرێت.

Cf.H.Lefebvre, Le Langage et La Société, Col. Idées, Gallimard, Paris, 1966.

Bernard Potier, Le Langage, CEPL, Retz, Paris, 1973.

## إبدال . جێگۆڕکێ . Commutation

◊ لە زمانەوانیدا جێگۆڕکێ پرۆسەی گۆڕینی دەنگێکە بە یەکێکـــی دیـــکە لە وشـــەدا، کە لە خـــودی زمـــانەکەدا بەکەڵکی بەکارهێنانی دێت، بۆ بەرهەمهێنانی وشەیەکی دی لەم زمانەدا، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا:

جێگۆڕکێی پیتی (ج) بە پیتی (ق): **جبر. قبر.**

جێگۆڕکێی پیتی (ب) بە پیتی (ن): **بحر. نحر،.....هتد.**

لێـرەدا نـابێ پرۆسـەی (جێگـۆڕکێ) لەگەڵ پرۆسـەی هەڵگـەڕاوە تـێکەڵ بکەیـن، (التقلیـب هەڵگـەڕاوە، المقلـوب هەڵگـەڕاوکراو) و (هەڵگـەڕاوەکان) وەک: **(بحـر/ دەریـا، حبر/ مەرەکەب، ربح/ قازانج . رحب/ فراوان).**

دەوترێـت جێگـۆڕکێ یـان گـۆڕین لەسـەر پرۆسـەی سیستەمی بەردەوام و ڕۆتینی دەخرێتەگەڕ بۆ لارکردن و گێڕکردنیان، هەروەهـا مەبەسـت لەم پرۆسـەیە دەرکەوتنـی توخمەکـانە لە گێـڕانەوەی ئاخێوەرانـدا، کە لە سـەرووی تەوەری گۆشـــەوە تێپـــەڕ دەبێـــت و لەگەڵ چەمکـــی پەیوەندیکردندا پێچەوانە دەبێت.

**أداء ـ چالاكی ـ performance**

◊ له زمانەوانیـــــدا بــــه دارِشـــــتنی نـــــاوەرۆک دەوترێــــــــت (performatif)، كه مەبەســــــت لێــــــی: شــوێنكردنەوەی توانسـتی زمـانەوانییه له كـار یـان كـردە خودییەكانــدا، ئینجــا چــالاكی به دەربــڕین بێــت یــان به تێگەیەشتن بێت چ به (شرۆڤەكردن یان ڕوونكردنەوە یان ڕاڤەكردن) بێت.

١ـ كاتێک ڕستەیەک دەنووسین یان دەردەبڕین، ئەوا له دەســـــتپێكی ئەو ڕێزمــــانەوە دەردەچـــین، كه بـــواری زنجیرەیی ڕستەسازیمان بۆ دەرەخسێنێت.

٢ـ كاتێک وتەیەكی گۆكراومـان گوێ لـێ دەبێت، ئەوا ئەم پرۆســـەیە به واقیعــی چالاكییــەوە پەیوەســـتە، كەچــی ئەوەی تێگەیشتین لەم پرۆسەیەمان بـۆ دەرەخسێنێت، ئەوا له بــواری توانســـت یــان دەســـەڵاتمان تیایــدا ســـەرچاوەی گرتووە.

٣ـ ئەگەر بونیادنانی نموونەكانی توانست تـا ئێستاكە لەپێش ئەوانی دیكەدا بێت، ئەوا لەسەر ئاستی نموونەكـانی چـالاكی بەو شـێوەیە نییە: چەمكـی پەسـندێتی بـۆ نمـوونە؛ ســـەر به تــوێژینەوەی پرۆســـەی چالاكییــە، لەبەر ئەوە ئەو هۆكـــارانەی بۆیـــان هەیە دەســـتوەر بـــدەن، بـــۆ ئەوەی له

ڕستەیەک تێبگەین، لەوانەیە لە دەرەوە یان ناوەوەی خودی ڕستەکە بێت.

٤ـ ئەگەر ئەم پەیامە نووسراو یان زارەکی بێت، ئەوا تێگەیشتن بە خودی چۆنێتییەکەی خۆی بە فەرمان بەڕێوە ناچێت، چونکە ڕستەیەک بۆی هەیە لە ڕووی تێگەیشتنەوە پەسەندکراو بێت یان نەء. لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە فاکتەرەکان هەن، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە کارە زمانەوانییەکاندا دەگێڕن: دەوروبەر، ژاوەژاو، پلەی ئاگایی، دۆخی ئاسایی، هتد. بڕوانە:

N.RUWET, Introduction á la grammaire générative, plon, paris, 1967.

## إدغام ـ **تێهەڵکێش** ـ Amalgame

◊ تێهەڵکێش بەیەکەوەبەستنی دوو دەنگە لە یەک بڕگەدا، بە مەرجێک لە میانەی پرۆسەی پەیامگەیاندنەکەدا گۆڕینی مۆرکی دەنگەکەی لەگەڵدا بێت.

١ـ تێهەڵکێش گەیاندنێکی دەنگییە، کە لە سووککردنەوەی منگە یان هێزەکە پێکدێت، وەک (أن+لا= ألا)، یان بە زمانی فەڕەنسی (au=le+á و du=le + de)

٢ـ دەوترێت تێهەڵكێش لەسەر گۆكردنی دوو دەنگی دراوسێی یەكن لە وشەیەكدا، هەروەك بلێی یەك بڕگەی دەنگین.

٣ـ بەشبەشكردنی گۆكراو یان واژەكراوەكان بۆ یەكەكان (مۆرفیمەكان Morphemes) لە یەكەم جومگەیدا، زۆرجاران سەخت دەبێت، لەبەر هۆكاری بوونی ئاماژەیەك - واتایەكی ئەوتۆ كە هەڵوەشاندنەوە پەسەند نەكات، بەڵام لەگەڵ چەند نیشانەیەك یان چەند هێمایەك (Signes) یەكدەگرێتەوە، بۆ نموونە وشەی (du) لە: (Le Livre du Maître)، كە دوو واتا هەڵدەگرێت (Signifiés)، ئەمەش دەتوانین لە میانەی پرۆسەی ئەم جێگۆڕكێكردنەوە دەستمانبكەوێت: Le Livre de léléve ، لێرەدا ناتوانین وشەكان لەم جۆرەدا بەشبەش بكەین، لەم كاتەدا دەڵێین (de) و (le) هەردووكیان لە (du)دا تێهەڵكێش بوونە.

**استعارة ـ خواستن ـ Allegory**

◊ خواستن؛ هێماكراوی نێر یان هێماكراوێكی مێ.

١ـــ خواســـتن له شـــێواز و شـــێوازگەرییدا بـــە بەرجەســــتەکردن و ڕووتکــــردن ـــــ ڕەهــــاکردن و دەستنیشانکردنی وەسفێک یان ئاوەڵناوێک دەوترێت.

٢. خواستن بریتییە لە دەستنیشانکردنی نموونەیەک، خەیاڵێک، لە کاتێکدا هێمای پێکهێنەرەکەی لە شتێکەوەیە.

٣ـ خواســتن پرۆســەیەکی ئاوەزیــانەیە و ئامــاژە بە وێکچــوونێکی مێشــکی دەکــات، یــان واتــای شــاراوەیی (Métaphore) دەبەخشێت.

**أسلوب ـ شێواز ـ Style**

**أسلوبية ـ شێوازگەریی ـ Stylistice**

◊ شــێواز تایبەتمەنــدێتییەکە لـــە جیــاوازی یـــان ســـەرپێچی بـــۆ پێـــوەری ئەم چەرخە، (ابـــو البقـــاء) لە (الكليات)دا(بڕوانە بابەتەکە) ئاماژە بەوە دەکات، کە شێواز هەموو شتێکە درێژە بکێشێت، هەروەها شێواز (پیشـە) و (پرۆگرام، میتـۆد)ە: شـێوازی دانایانەیـە بە هەمـوو قسـە و ئاخاوتنێک دەوترێت کە تۆکمە و پتەو بێت.

شـێوازگەریش (شێوازناسـی) زانسـتی ئەو شـێوازە پەیڕەوکـــراوانەیە لە کتێـــبە نووســـراوەکاندا، هەروەهـــا شێوازگەریی چۆنیەتی مامەڵەکردنە بەشێوەیەکی هەمەکی نەک وەک کـۆمەڵە لادانێکـی پێوەریـانە لەمیـانەی چەنـد

ئاستێکی هەمەجۆر، بۆ نموونە:((**شیعر لە سەربارکردنی زەرق و بەرقی ڕەوانبێژانە بۆ دەقی گوتارەکە خۆی حەشارنەداوە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی هەڵسەنگاندێکی گشتگیرە بۆ گوتارەکە و بۆ هەموو پێکهاتەکان، ئینجا هەر چییەک بن**)). لەم کاتەدا مەسەلەکە لە دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سیستەمە لقی و بەشەکییەکاندا بەرجەستە دەبێت، کە لە سیستەمەکانی ڕستەسازی و واتاسازی و کێشناسی پێکدێت.. هتد، بڕوانە:

C. BALLY, Traité de Stylistique, Klincksieck, Paris, 1919.

R. JAKOBSON, Essai de Linguistique général,Minuit, Paris,1963 .

ـ عبدالسلام المسدي، الأسلوبية، تونس.

**اسم ـ ناو ـ** Name

◊ ناو وشەیەکە لە خودی خۆیدا ئاماژە بە واتایەکی خودی خۆی دەکات و پەیوەندی بە ساتەکانی کات و شێوەکانیەوە نییە، هەروەک لە (کار)دا بەدیدەکرێت، لە زمانی عەرەبیدا: (ناو) لە جووتهاتنی ڕووداوێک بە شوێنەوە پێکدێت (**بێگومان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێکی جودایە، ڕووتە**)،

چونکه بنجەکەی لە (باڵابوون) و (بەرزی)ەوە هاتووە، کە بەرانبەر بە (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵکار) و (شۆرەت) و (نازناو) هاتووە.

١. ناو چەند جۆرێکی هەیە:

- ناوی بنجی: **پیاو، ئافرەت، بەرد.**
- ناوی واتایی: **زانست، نەزانین، کار.**
- ناوی تایبەتی: **محەمەد، ئەمین، ئەبو قاسم.**
- ناوی پەیوەست: (لە هەردوو ڕەگەزدا): **پیاو/ ئافرەت.**
- ناوی دژیەک: **بچووک/ گەورە، درێژ/ کورت،.. هتد.**
- ناوی داتاشراو: **نووسەر، بەرگدوور، زێڕینگر، بڵاوکەرەوە.**
- ناوی دیارخراو: **کتێبەکەی خەلیل.**
- ناوی نادیار: **فڵان ڕێوییە.**
- ناوی ڕەگەز: **مرۆڤ، ئاژەڵ، (نێر، مێ).**
- ناوی ڕەچەڵەک/ نەسەب: **باوک، دایک، (نێر، مێ).**

٢. ناو وشەیەکە ئاماژە بە دروستکراوی بێگیان/ جووڵەدار دەکات، واتە کەسەکە یان شتە نەناسراوەکە

دەکاتە ناسراو، کە بە ناوی خۆیەوە بناسریێت، پرۆسەی ناولێنان بۆ فەلسەفەی توانایی بەسەر خاوەنداریێتی و داهێنان و بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە **(هەر کەسێک خاوەنی شتێک بێت ناوی لێدەنێت، ئەوەی بەرهەمی دێنێت ناوی لێدەنێت، ئەوەی دایدەهێنێت ناوی لێدەنێت).**

٣ـ لە لای عەرەب ناولێنان پرۆسەیەکە پەیوەستە بە جووتهاتنی ناولێنراوەکە بە ڕووداوێکەوە لە شوێنێکدا **(ڕوودانی خودی خۆی کارێکە پەیوەستە بە کاتەوە)،** پاشان پەیوەستە بە حاڵەتی کارەوە (فاکتەر، کارتێکەر)، کە لێرەدا دەردەکەوێت .جووتهاتنی ڕووداوەکە بە کاتی بکەرەکەوە. لێرەدا پێناسی ناو . لە ڕوانگەی ئێمەوە . ناگاتە ئەو لێکدانە کردەییەی نێوان کات و شوێنی مرۆڤ بۆ نموونە، دەبینین جووتهاتنی ناو و کار وەک جووتهاتنی شوێن و کات وایە، کەواتە وا باشترە بەدوای فەلسەفەیەکی نوێی ناولێنان بگەڕێین، چونکە کار ناوێک دەبەخشێت، ناویش لە زۆر حاڵەتدا کارێک دەدات بەدەستەوە.

Cf. M. GREVISSE, Le Bon Usage, Geuthner, Paris, 1964 .

## اسم العلم ـ ناوی تایبەتی ـ Proper Name

◊ هەمـــوو ناوێـــک واتـــایەکی دیـــاریکراو بـــدات بەدەستەوە، کە بۆ واتایەکی دی دەستنەدات، نـاوی تایبـەت لای عەرەب: ڕوونکـردنەوە، ڕەچڵەکـی ڕێزلێنـان (بـاوکی فـلان، دایکـی فـلان)، نازنـاو بەخشـین وەک (ئایـەتـوڵڵا) جـۆرێکە لە وەسـفکردن، کەواتە نـاوی تایبـەتی ناولێنـانێکی ڕوونکردنەوانە و ڕێزلێنان و وەسفییە، لەبەر ئەوە عەرەب لە ئاخاوتنیاندا ئەمانە لەیەکتر جودا دەکەنەوە:

١ـ تایبەتی مەبەستدار: واتە بۆ خودی شتێک دانرابێت.

٢ـ تایبەتی ڕێکەوتن: واتە ئەوەی دەبێتە (تایبەتی) بە بەکارهێنانی بەردەوام نەک کەسێک دایبنێت **(کۆڕنیش کێڵگەیەکە لە بەیروت: بولڤار ئاشتییەکی ڕاستە)**، بەڵام ناوی وەسفکراو هاوواتای ناوەکەیە و بەرانبەر بە ئاوەڵناوەکەیە.

**ناولێنان** (**Dénomination**) ڕێچکەیەکی بەرەواژی لەگەڵ پێناسەکردندا هەیە:

١ــ لە ڕێچــکەی ناولێنانــدا لە کــۆمەڵە واتــایەکەوە دەســـتپێدەکەین بـــۆ گەیشـــتن بە یەک واتـــا، ناولێنـــانی چڕکردنەوە.

٢ــ لە ڕێچــکەی پێناســـەکردنــدا بە دوای واتـــای وشــەیەکدا دەگەڕێـین لەمیـانەی چەنـد واتـا و ئامـاژەیەکی فرەواتادا (بۆ نمـوونە وشـەکان)، پێناسـەکردنـی فـراوان یـان فراوانکردنی واتاکەیە.

## اشتقاق ـ داتاشین ـ Derivation

◊ زۆرجار (اشتقاق ـ داتاشین) و(ترکیب ـ لێکدان) لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، (داتاشین) لە زمانی فەڕەنسیدا، بۆ نموونە، بە بەکارهێنانی چەند پاشگرێک(suffixes) دروست دەبێت: صغیر ← صغارة؛ صغر (بچووک بچووکی، لە بچووکییەوە: petit ← petitesse کەچی لێکدان(الترکیب) پشت بە سەربارکردنی وشەیەک بۆ وشەیەکی دی دەبەستێت، ئەویش بە ئاوێتەکردن، بۆ دروستکردنی وشەیەکی نویێ:

Soust + Développement - Sousdéveloppement

بەڵام پێشگرەکان(Prefixes) وردترن، چونکە هەندێک کەس لە (پێکهاتەکان ـ لێکدانەکان) دایاندەنێن،

ئەمەش مەسەلەیەکە سەختە سەری بۆ دابنەوێنین، پێشگرەکان لە پاشگرەکان دەچن و چەند توخمێکن بەبێ ڕەگ نابنە ڕێکەوت Utile ← Inutile .

کەچی لە حاڵەتی لێکدان دەکرێ هەردوو وشەکە بە جیا بمێننەوە و دەشکرێ هەریەکە و لەو دوو وشەیە بەجودا بەکاربهێنرێت.

١. لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی، داتاشین گرنگی بە ڕێکخستنی پاشگرەکان و پێشگرەکان و ئەو یاسایانە دەدات، کە پرۆسەی دابەشکردنەکانیان ڕێکدەخن: پاشگرێک دەبێتە پاشگرێکی ئاوەڵناوی، پاشگرێکی دیکەش دەبێتە پاشگرێکی ئاوەڵکاری ...هتد.

٢. لەسەر ئاستی ڕستەسازی هەندێک لە داتاشینەکان هەمان ڕۆڵی ئەو وشەیە دەگێڕن، کە داتاشینەکان لە دەوروبەریدا دروست دەبن، بەتایبەتی لە حاڵەتی (الابداء)دا (préfixation) لەم حاڵەتەدا هەردوو وشەی (Inutile) و (Utile) بە یەک شێوە لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، بە پێچەوانەوەش وشەی دی هەن ڕۆڵی خۆیان هەیە لە گۆڕینی جۆری ڕستەکان، ئەمەش لە پرۆسەی پاشگرەکاندا (Suffixation)دەردەکەوێت:

**یجیب بحصافة ← جواب حصیف.**

بەڕەوانی وەڵامدەداتەوە ← وەڵامێکی ڕەوانە.

٣ــ لێــرە جووڵەیــەک بەدیــدەکرێت، ئــەگەر وشــە داتاشــــراوەکە لەگەڵ وشــــە ســــەرەکیەکە بە هەمــــوو بەهایەکیـانەوە وەکـیەک بـن: (الطیبـة) (نـاوی وەسـفکراو) لەگەڵ (الطیب) (ئاوەڵناو) وەکیەک دەبن.

٤ـــ بە فەرهەنگکردنـــی داتاشـــراوەکان واتە (تۆمارکردن لە فەرهەنگێکدا)، ئەگەر پەیوەست نەبێت بە وشــە ســەرەکیەکەوە، کە لە ڕووی مێــژووییەوە لێوەی هاتووە، بۆ نموونە: Coup – Couper.

**اصطلاح خاص ـ زاراوەی تایبەت(زمانی) .** Slang

◊ زاراوەی تـایبەت بە خـاوەن پیشــە و هونەرسـاز و خــاوەن کارەکــان، کە بە بەشــێک لە زمــانی گشــتی (Jargon) هەژمــار دەکرێــت، زمـانی فەرهەنگـی تـایبەتە (Lexique) بە گروپێــک لە خەڵکــی یــان بە پیشــەیەک، زمــانی دەوڵەمەنــدان، زاراوەی قوتابیــان،... هتــد، وەک زاراوەیەکی دیـاریکراو لە بـواری فەرهەنگێکی پیشـەییانەدا بەکاردەهێنرێت. بڕوانە:

ـ بدرالـدين السـباعي، أضـواء علـى قـاموس الصـناعات الشامية، دار الجماهير الشعبية، دمشق، ١٩٧٧.

ـ جولييت غارمادي، اللسانة الأجتماعية، تعريب خليل أحمد خليل، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٢.

**١ـ زاراوەی تایبەت** ڕوویەکە لە ڕووەکانی زمانەکان: ئەم زاراوەیە زمانێکە خۆی پێشکەش دەکات وەک هێمایەک بۆ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، نەک تەنیا تایبەتە، بەڵکو پەراوێزیشە، بە گوێرەی گۆکراوی **(هلمسيلڤ)**، پشتبەستن بە زاراوەی تایبەت پەلمان بۆ لە لەخۆگرتنی ناکۆمەڵایەتی دەکێشێت.

**٢ـ زاراوەی تایبەت** دەبێتە زمانێکی نهێنی کاتێک بەکاردەهێنرێت، تا تاکەکانی دەرەوەی ئەو گروپە زمانییە لە واتاکەی تێنەگەن، ئەم زاراوانە ئاماژە بە واتا شاراوە میللییەکان یان بەکارهاتوو و پەسەندەکان دەکەن، کە بەگشتی زاراوەی بازاڕین و هیچ نهێنیەکیان تێدا نییە.

٣ـ زاراوەی تایبەت، سێ توخمی پێکهێنەرانەی هەیە، کە ئەمانەن:

أـ زاراوەیەکی تەکنیکییە گوزارشت لە وێنا و بۆچوون و چالاکی و گروپەکان دەکات، تەرزێکی ڕۆشنبیری تایبەت و عەقڵیەت و هەستیاری و ڕوانگەیەکی تایبەتی بۆ ژیان هەیە.

ب - زاراوەیەکی نهێنییە، پشت بە داهێنانی واژەی نویَ دەبەستێت، بە واتای ناولێنانی شتێک بە غەیری ناوە ناسراو و کارپێکراوەکانی خۆی.

ج - زاراوەیەکی گەڕەلاوژەییە، کە لە توخم یان وشەی هونەری پێکدێت، ئەرکێکی دی جێبەجێدەکات، نەک ئەرکە ئاساییەکەی خۆی:

**Chinetoque لەجیاتی چینی Chinois و Dirlo لەجیاتی بەڕێوەبەر Directeur.**

Cf. p. Guiraud, Largot, p. U. F. Paris, 1956 .
G. Esnadlt, Dictionnaire Historique des Argots Francais, Latousse, Paris, 1965.

### اصطلاح معجمي . زاراوەی فەرهەنگی ـ Lexicon

◊ بە واتا فراوانەکەی، ئاماژە بۆ هەموو وشە فەرهەنگییەکان یان یەکە واتاییەکانی نارستەسازی لە زمانێک لە زمانەکاندا دەکات، هەروەها لە دروستکردنی فەرهەنگەکاندا ئاماژە دەکات بۆ:

ـ یان بە تۆمارێک، کە لیستێک لە یەکە فەرهەنگییە بەکارهێنراوەکان بگرێتەخۆ **(نووسەر ـ پیشە ـ زانست).**

ـ یان ئاماژە بە جۆرێک لەو فەرهەنگە دووزمانی یان فرەزمانییە دەکات و لیستێک لە یەکەکان لەگەڵ

هاوکێشەکانی خۆی لە زمانێکی دیکە یان زیاتردا دەگرێتە خۆی.

١ـــــ هـــــونەری دروســــــتکردنی فەرهەنگەکـــــان (Lexiography, Lexicographie) و شــیکردنەوەی زمانیــانە بــۆ ئەم هــونەرە: فەرهەنگســاز دەســتدەکات بە بژارکردنــی یەکە فەرهەنگییەکـان و پۆلێنکردنیـان لە ڕووی (ئەلفوبێ و داتاشـین و تیۆرسـازی)یـەوە و پێناسـکردن و هەژمـــارکردنی واتاکانیـــان و کـــۆکردنەوە و هێنـــانەوەی نموونە لەسەر ئەو واتایانەی دەیانبەخشێت.

٢ـ فەرهەنگسـازی یـان تـوێژینەوەی زانسـتی زاراوە فەرهەنگییەکـــان، یەکـــێکە لە ئەرکەکـــانی ئەم زانســــتە فەرهەنگیـیە (Lexicology)، بریتییــە لــە وەســفکردنێکی هاوئاهەنــگ بەپێــی توانـــا بـــۆ زاراوە فەرهەنگیـــیەکە، بە گوێرەی پرۆگرامی زمانەوانیی هاوچەرخ، لەوانە:

أ. ئاماری زاراوە فەرهەنگییەکان.

ب . فەرهەنگسازیی بونیادگەریی.

٣ـ یەکەی فەرهەنگـی (Lexical Unit; Lexie) ئەوەیە کە لە زمانـــدا دەبێـــتە بەرهەڵســـت لەگەڵ ئەوەی (پوتییە . B. Pottier) ناوی دەنێت کۆبوونەوەی کتوپڕی

گوتاری، وەک: **ئەسپ ئەسپی هەڵم، ئەسپی دەریایی...هتد،** جیاوازی لەنێوان چەند یەکەیەکی فەرهەنگیانەدا ڕوودەدات:

. یەکەی فەرهەنگی سادە: **مێز، کورسی، قەڵەم.**

ــ یەکەی فەرهەنگی لێکدراو: **مێزی نووسینگە، کورسی تەلەفزیۆن، قەڵەمی گیرفان.**

ــ یەکەی فەرهەنگی ئاڵۆز: **مێزی نووسینگەی مامۆستاکە، کورسی تەلەفزیۆنێکی ڕەنگاوڕەنگ، قەڵەمی گیرفانی کۆچبەر.**

## اضافة حرف . سەرباری پیت . Epenthesis

◊ دیاردەی دەنگی پشت بەوە دەبەستێت، کە پیتێک بخزێنرێتە ناو وشەیەکی ئەوتۆ، کە بە وەرگرتن یان خواستن لەدایکبووبێت، یان بخزێنرێتە ناو وشەیەکی وتراو بە شێوەیەکی جودا لە گۆکردنەکەی یان نووسینەکەی لە ڕووی فەرهەنگییەوە:

١. تێخزاندنی پیتی(ت) لە جیاتی پیتی (د) لە وشەی (بودقە)، کە وشەیەکی فارسییە: وشەی بوتقە (قاڵبێکی فوخار) دەگەیەنێت و لە زمانی فەڕەنسیشدا تێخزاندنی پیتی (B) بۆ ناو وشەی (Nombre)، کە لە زمانی

لاتینییـــیەوە وەرگیـــراوە (Numerus)، ئەویـــش وەک ئاسانکارییەک بۆ پرۆسەی گۆکردنەکەی Num-re.

٢ـ تێخزانـدنی پیتـی (ا) بـۆ نـاو وشـەی (مئـة)، پـێش خاڵبەنـدی: مائـة/ مایـة، (میـة)، بـۆ نمـوونە لە زمـانی فەرەنسـیدا تێخزانـدنی پیتـی E لە وشـەی (Lorsque) بە گوێرەی درکاندنە خۆجێییەکەی Lors-e-que.

٣ـــ ســـەربارکردنی دەنـــگ Annexation; (paragogé) : دیـاردەیەکی دەنگیـیە لە ســەربارکردنی دەنگی (phoneme) پێکدێت، کە نابنجیانە بێت تا دەگاتە کۆتایی وشەکە، بە تایبەتی لە دەقە شیعرییەکاندا، وەک:

**Jusquesá لەجیاتی Jusqu'a بەکاردەهێنرێت.**

**(ماهیا) لەجیاتی ( ماهي ) بەکاردەهێنرێت.**

**اضطراب القراءة ـ شڵەژانی خوێندنەوە ـ Alexie**

◊ حـاڵەتێکە ڕووبـەڕووی خـوێنەر دەبێـت، بەرانـبەر بەمەش شـــــڵەژان لە نووسینیشـــــــدا ( Agraphia, Agraphie) پەیـــدا دەبێـــت، هەردوو شـــڵەژانەکەش پەیوەنـــدییان بە سیســـتەمی ئاخـــاوتنی نووســـراو یـــان تۆمارکراوەوە هەیە:

ــ له حـــاڵەتی شـــڵەژانی خوێنـــدنەوەدا، شـــڵەژانەکە پەیوەندی بە تێگەیشتنی زمانەکەوە دەبێت.

ـــ له حـــاڵەتی شـــڵەژانی نووســـیندا، شـــڵەژانەکە پەیوەندی بە ڕستە نووسراوەکەوە دەبێت.

لەبەر ئەوە لە (زمانـــــــــەوانیی دەروونـــــــــــی)دا (psycholinguistique)، ئەم دوو شـتە لە یەکتـر جـودا دەکرێنەوە:

١. شڵەژانی گۆکردن یان شڵەژانی ئاخـاوتن ( کـوێری خوێندنەوە) Alexie Verbale.

٢ــ کەڕبـــوونی پیتەکـــان: شـــڵەژانی خوێنـــدنەوەی پیتەکان: Alexie Litterale .

**اضمار . شاردنەوە .** Ellipsis

◊ لابردنێکـــی گۆشـــەییانەیە، لـــە هاوواتاکانیشـــی: کەواندن، شاردنەوە، بەدواداچوون.

١. لای ڕێزماننووسانی عەرەب بەم شێوەیە:

أ ـ شـاردنەوە لە گرتنـەوە ئاسـانترە، چـونکە گرتنـەوە جـۆرێکە لە زیـادکردن، ئەویـش بە گـۆڕینی بـارودۆخەکە، کەچی شاردنەوە زیادکردنە بەبێ گۆڕان.

ب ـ شاردنەوە لە هاوبەشکردن باشترە.

ج ـ شاردنەوە و پێویستبوون وەکیەکن، کە هەردووکیان بواری لابردن و کورتکردنەوەن.

٢ـ لای زمانەوانە هاوچەرخەکانیش بەم جۆرەیە:

أـ شاردنەوە لابردنێکی گۆشەییانەیە، کە پەیوەندی بە یەک گۆشە یان چەند گۆشەیەکی دەربڕینەکەوە هەیە، ئەمەش وا لە دەربڕینەکە دەکات کەموکووڕی هەبێت، بەڵام لێیتێدەگەین.

ب ـ لابردنی گۆشەیی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی دەستگرتن بە واتاکانەوە، وەک کورتکردنەوە و جێناو...هتد. بڕوانە:

ـ أبو البقاء الكفوي، الكليات، م.س.

Le Langage; op.cit .

**اعتراض ـ ناڕازیی.** prolepie

◊ ڕستەی ناڕازی.........، گازاندە.

١ـ لە ڕستەسازیدا، ڕستەی ناڕازی ئاماژە بە بونیادی خۆی دەکات، بە دانانی توخمێک لە ڕستەیەکی تایبەتدا، کە بە گشتی پێش ئەنجامی گونجاوی ڕستەکە بکەوێت.

٢ــ له شــێوازگەرییدا (بــڕوانه شــێواز): نــاڕازی شێوەیەکە لەسەر بنەمای پێشخستنی دوو (ئاوەڵکار) یان دوو (کار) دەوەستێت، کە کاتەکانیان جودا بێت، هەروەک بڵێی هاوکات یان هاوئاهەنگ بن.

٣ــ بەگشــتی، نــاڕازی لە ئاخــاوتن یــان نووســین، شــێوەیەکی هــزرییە، کە بەهــۆیەوە ئاگــادارکردنەوەیەک دەخرێتەڕوو سەبارەت بە ئەگەری ناڕازی، وەک:

**[پێم دەڵێی ئەگەر.....بەڵام.....].**

**اعراب . شیکردنەوە(شلۆڤەکردن) . Flexion**

◊ پێکهــاتن، حەواڵــە: زمــانی عەرەبــی زمــانێکی شیکردنەوەییە (حەواڵەییە).

١ــ بە واتــا فــراوانەکەی، شــیکردنەوە وەک زانســتی پێکهاتن و حەواڵەکردن، ئاماژە بە شێوەکانی حەواڵەکردنی ناوەکـان و (شـیکردنەوەیـان: Flexion des noms) و حەواڵەکردنی کارەکان (Flexion des Verbes) دەکات.

٢ـ بە واتـا تەسـکەکەی، شـێوازێکی ڕستەسـازییە، کە یـارمەتی پڕۆســەی شـیکردنەوە دەدات، بەهـۆی لادان یـان هەمــوارکردنەوە، دەربــارەی جــۆر و ژمــارە و کــات و

کەسەکان...هتد. شیکردنەوە دەربارەی پەیوەندییەکانی دامەزراندن لە بواری گوتار و گێڕانەوەدا.

٣ـ حەواڵەکردنی ناوخۆیی (نووسی، نووسەر) و حەواڵەکردنی دەرەکی (نووسی ـــ نووسەرەکان) جیاوازییان لە نێواندا دەکرێت.

## اعلام ـ ڕاگەیاندن ـ Enunciation

◊ ڕاگەیاندنی ئاخێوەرانە کاری وتنە، کاری ئەو بەرهەمەیە، کە لە زمانەوە دەردەچێت، نەک ئەنجام و بەرهەمەکەی.

١ـ ڕاگەیاندنی شتێک ئاماژە بە کاراکردنی وتە و دەربڕینەکان و دروستبوونی گوزارشتەکەی لە بوارێکی دیاریکراودا دەکات.

٢. زمانەوان گرنگی بە بەکارهێنانی هەندێک هێما یان نیشانەی زمانی دەدات، کە واتاکەیان بە گوێرەی بارودۆخی ڕاگەیاندنەکە (وتنەکە) دەگۆڕێت.

٣. ڕاگەیاندنی زمانەوانی پەیداکردنی زانستە، بوون و ڕوودانی لە کاتی پەیوەندیدا (Communication) یان ئاراستەکردنی گوتاردا.

٤ـــ لە ڕاگەیانــدنی (وتـــن)دا ڕاســـتگۆیی بە مەرج دەگیرێت، بە پێچەوانەی (هەواڵگەیاندن)، کە هەواڵەکە بۆی هەیە ڕاســـت یـــان درۆ بێـــت، ئەویـــش بە گـــوێرەی ناســـین(Empathie) یـــان ئـــاڵوگۆڕی زانیـــاری (هەوڵگەیاندن).

٥ـ ڕاگەیاندن لە هەواڵگەیاندندا بەرزترە و لە سروش (Inspiration) نزمترە، چونکە سروش لەوانەیە بە ڕێگای ئاگـــادارکردنەوە دروســـت بووبێـــت (فێرکـــردن و لاساییکردنەوە)، لەوانەشە بە ڕێگای وەرگرتن دروست ببێت (سروش، خەیاڵ).

**اعلامیات ـ ناوهێنانەکان ـ** Onomastics

◊ زانستی بنجی ناوە ناسراوەکان یان ناوەکانە، کە لقێکە لە لقەکانی فەرهەنگسازی، باس لە بنجی ڕاستەقینەی ناوەکان دەکات.

لێرەدا ئەم دوو شتە لە یەکتر جودا دەکرێنەوە:

١ـ باسکردنی ناوی کەسەکان، ناوە ناسراوەکان.

٢ـ باسکردنی ناوی شوێنەکان، شوێنەکان.

**افتصاد اللغوي . ئابووریی زمانەوانی ـ**Language Economy

◊ کورتبڕییەکی بەسوود، کەم و واتادار، پێچەوانەی درێژدادڕییە، دەوترێت ئابووریی زمانەوانی، لەسەر دوو واتا:

١ـ مایلبوونی زمان بە قسەی زیادە، ئەم واتایە لەگەڵ بنـەمای دووپاتکردنـەوە ناگونجێت، تەنیـا بـاس لەو شـتانە دەکات، کە لە ڕووی ڕوونکردنەوە و ڕاگەیاندنەوە بەسن.

٢ــ ئـــابووریی زمانـــەوانی یـــان بنـــەمای توانســـت و وەستان بە کەمترین سنوور لە کاتی دەربڕینی وشـەکاندا، بە واتـــای داگرتنـــی ئاســـتی بەهەدەردان و لەوچەیـــی لە قســـەکردندا و دەســـتگرتن لە بەکـــاربردنی ئامرازەکـــانی دەربڕین.

بڕوانە:

- A. MARTINET, Economie des Changements Phonétiques, éd Franke, Berne, 1955.
-P.PASSY, Etudes sur Les Changements phonétiques et Leurs Caractéres Généraux, éd.Didot, Paris, 1890.
-G. k. Zipf, Human Behavior and the Principle of Least Effort, Ed. Addison - Weselay, Cambridje, 1949.

**التباس ـ لێڵی ـ** Ambiguity

◊ لێڵـی، تـەمومژی لـە واتـای دەربـڕین، بـۆی هـەیە بە چەنـد واتـایەک شـرۆڤە بکرێـت یـان بە چەنـد شـێوە و شێوازێک لێی تێبگەین.

١ـ لێڵی لە قسـەکردندا ڕوودەدات، کاتێک دەربڕینەکـە چەند واتایەک هەڵدەگرێت.

٢ـ لە زمانەوانیدا دوو شت لە یەکتر جودا دەکرێنەوە:

**ـ لێڵی فەرهەنگی**

**ـ لێڵی ڕێزمانی**

**التباس المعنی ـ لێڵی واتـایی ـ** Amphibology

◊ ئەم لێڵییە ئاوازەیە یان دوانەییە، بوونی ئەو واتـایە لـە پێکهێنـانی لێڵییەکـەدا بە ڕێکەوت لە ڕسـتەیەکدا بەهـۆی چـــۆنێتی بونیادنـــانی ڕوودەدات، هەرچەنـــدە لە ڕووی ڕستەسازییەوە ڕاست و دروستە، هەروەک لەم گوزارشتە فەڕەنسییەدا دەردەکەوێت:

Quels Romanciers Lisent Les Journalistes.

لێـرەدا بـۆی هەیە بـکەری ئەم کـارە (Lisent) یـان ئەمە بێت (Romanciers) یان (Journalistes) بێـت، ئەم ئـاوازە یـان ئەم لێڵییـە لە واتـاکەدا دەکـرێ لە زمـانی

عەرەبیـــدا لاببرێـــت، ئەویـــش بە دەستنیشـــانکردنی پێشوەختەی بکەرەکە:

ـ یـان بکەرەکـان (ڕۆماننووسـەکان)ن، لەم کـاتەدا دەوترێت:

واتە ڕۆژنامەنوسان بە ڕۆماننووسان دەخوێنرێتەوە.

ـ یان بکەرەکان (ڕۆژنامەنووسەکان)ن، لەم کاتەدا دەوترێت:

واتە ڕۆماننووســـــــەکان بە ڕۆژنامەنووســـــــان دەخوێندرێتەوە.

ئەمەش لە تایبەتمەنـــدێتییەکانی زمـــانی عەرەبـــی و ڕەوانبێژییە عەقڵانییەکەی هەژمار دەکرێت.

## الحاق ـ پاشکۆکان ـ Subordination

◊ پاشـــکۆکردن، بە دواخســـتنە، واتە پـــێچەوانەی هاوئـاهەنگی و هاوئـاوازییە و گوزارشـت لە پەیوەنـدییەکی بەدواداهـــاتن و پاشـــبەندی و گوێڕاڵخیـــانە دەکـــات، کە هەردوو لایەنەکەی: یەکێکیـــــــان: (بەدوای دەکەون) و ئەویتریان (بەدوای دەچن) و (فەرماندە) و (فەرمـانپێکراو) و (لاســـــایکراو) و (لاســـــایکار) و (داهێنـــــان) و (پاشـــکۆبوون)ن، واتە لەم پرۆســـەیەدا هەردوو لایەنەکە

وەکیەک نین، بەڵکو یەکێکیان هەژمووونی بەسەر ئەویدا هەیە.

١.((**فراوانی لە ڕێگەی پاشکۆکردنەوە ئەو خەسڵەتەی هەیە، کە ئەرکی توخمە سەربارەکە لای توخمێکی ئەوتۆ پێشتر بوونی هەبێت، جارێکی دی لە هەمان چوارچێوەدا بوونی نابێت**)). بڕوانە:

A.Martinet, Eléments de, Linguistique générale, Colin, paris, 1960.

٢. ئەگەر وشەی پاشکۆکردن بە واتای پاشبەندکردن یان پاشکۆیی وەربگرین، ئەوا دەتوانین نموونەی ئەو پەیوەندییە بە (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵنێراو) بهێنینەوە: لە هەموو حاڵەتەکاندا (ئاوەڵناو) لەپاش (ئاوەڵنێراو)ەکە دێت، وەک: ئۆتۆمبێلێکی نوێ - ڕوویەکی نوێ - زۆر زیرەک، زۆر زۆر.

٣ـ لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا، زۆرجار وشەی (پاشکۆکردن) بەشێوەیەکی تایبەت بە ڕوویەکی ئاخاوتنەوە قۆرخ دەکرێت: وشەیەک بە وشەیەکی دیکەوە پاشکۆدەکرێت، ڕستەیەک بە ڕستەیەکی تر و فرێزێک بە فرێزێکی دیکەوە دەنووسرێنرێت و پاشکۆ دەکرێت: (**يرى / أن هذا ممتنع؛ عندما تنتهي/ ستخرج**)(ئەم حاڵەتە

**ئەستەمە و بەدی نایەت، کاتێک کۆتایی دێت/ دەردەچێت)**، سەبارەت بە تەواوکەرەکانی وەک (براکەی) لە ئۆتۆمبیلی براکەی، گوزارشتی پاشکۆیی بەکاردەهێنرێت.

**املاء . ڕێنووس .** Speling (Orthographe)

◊ پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی نووسینە، کۆڵەکەی پرۆسەی ڕێنووس: لەو حاڵەتانە پێکدێت کە نووسین چەند هێما و نیشانەیەکی زیاد لە پێویست لەخۆدەگرێت، یان چەند نیشانەیەک لە خۆدەگرێت، کە جودان و سەبارەت بە یەک دەنگ جیاوازییان هەیە.

ڕێنووس چوار ئەرکی هەیە:

- ئەرکی ڕستەسازی
- ئەرکی وشەسازی
- ئەرکی شێوازگەریی
- ئەرکی فەرهەنگی

Cf. N. CATACH, Orthographe et Lexicographie ed, Didier, Paris, 1971.

**انحراف لساني . زمان لاری/ ناتەواوی زمان .** Lingustic Deviation

◊ لادانێکی زمانییە، واتای کۆششکردن دەگەیەنێت بۆ پێناسەکردنی ئەو جیاوازییە زمانەوانییەی نێوان وتراو و

نووســـراوەکە و نێــوان پیشـــەی ئاخــاوتنی شــێوازکراو و ئاخاوتنی ئەو گوزارشتانەی ناشێوازین. لێرەدا مەسەلەی (پێــوەر - Critére) و مەســـەلەی گوزارشـــتی شـــێواز دەوروژێنرێت.

زۆرجـــار شـــێواز وا پێشکەشـــدەکرێت وەک بلێـــی شـەقلێکی پێوەریانە بێت و لادانێکی پێوەرانە ( Ecart - Type) بێت بە بەراورد لەگەڵ بەکارهێنـانە باوەکەی یان بەکارهێنـــانە بـــازارییەکەی، یـــان ئەو بەکارهێنـــانەی خزێنراوەتە بواری ڕۆشنبیری گشتییەوە.

شــێوە ڕەوانبێژییەکـان بەوە وەســف دەکــرێن، کە لادانێکـــــی بوارەکــــانی ڕستەســـــازی و واتاســــــازی و دەنگسازین.

## انسجام . گونجان . Homogeneity

◊ هاوئـاوازی ئاخـاوتن، ڕەوانـی، خۆشـبێژی، ئەویـش لەبەر نەبوونی خلّتەی ئالۆزکار و ڕژێنبوونی وەک ئـاوێکی خۆشڕەوان، جیاوازی بەرانبەر بەم حاڵەتەیە.

ئاخـــاوتن بەوە وەســـف دەکرێـــت، کە پێکهـــاتەیەکی لێکێنراوە، گونجاوە، هەروەک چۆن بەوەش وەسفدەکرێت، کە جیاواز و پێچەوانەیە.

**أوزان شعرية ـ کێشی شیعر ـ Metric**

◊ زانستی دەریایەکانی شیعرە، کێشی تەفعیلەکانە، بەشێکە لە کێشناسی (Prosodie).

١ـــ کێشناسی شیعریی پایەکە لە پایەکانی خوێندنەوەی شیعر، واتە:

ـ خوێندن و گێڕانەوەی سەروای شیعر.

ـــ خوێندنی شێوەکانی هەڵبەست یان یەکە شیعرییەکان.

٢ـــکێشناسی شیعر گرنگی بە پێوانەکردنی هەڵبەستەکان دەدات و تەفعیلەکانی بەشێوەیەکی ماتماتیکی ورد لێکدەداتەوە (هونەری دروستکردنی شیعری کۆن)، ئەم کێشانە لە یەکە پێوەرییەکاندا دووبارە دەبنەوە (کە خاوەن یەک کێشن)، پەلدەکێشن بۆ شیعری کێشکراو یان هەڵبەستی ستوونی دێرین، کە هەڵبەستی (تەفعیلە)ی ئازاد یان شیعری ستوونی ئازاد لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

٣ـ شێخ عەبدوللا عەلایلی لە (مقدمة لدرس لغة العرب، بیروت، ١٩٣٦). جیاوازی لەنێوان (النظم) و (النظيم) دەکات:

- (النظم) هەموو ئەو شیعرانەن، کە بەگوێرەی کێشەکانی شیعری ستوونی عەرەبی هەڵبەستراون.

- (النظــيم) هەمــوو ئەو شــيعرانەن، کە بەدەرن لە شیعری نوێ و هاوچەرخ.

**ایقاع . ڕیتم .** Rythm

◊ ژێیەکە لە ژێیەکانی دەنگ.

١- ڕیتم گێڕانەوەیەکی ڕێکخراوی هەندێک لە دیاردە دەنگییەکانە، وەک ژەنەژەن و درێژی و هێز و ئاستەکانی ئاواز و دەنگ و چینەکانی.

٢- هێشتا شیکارناسی لە سەرەتاکانی خۆیدایە، ئەم زانستە گرنگی بە توێژینەوەی ڕیسکی ڕیتم و جێگۆڕکێی هێزەکانی دەنگ دەدات.

٣- شیکردنەوەی ڕیتم لە (الکلیات)دا لای (أبي البقاء الکفوي)، لە بابەتی سەرباربوونی ئاستەکان بۆ سەر یەکتری تا هەمەکییەکی هاوڕیسک دروست بکەن. بڕوانە: (أوزان شعرية و قافية).

# ب

**بدل . لەجیاتی .** Substitute

◊ لەجیـاتی، لەجیاتییـەکان، پرۆسـەیەکی سـەرەکیی زمانەوانییە لە ئابووری ڕاگەیاندندا.

١ـ لەجیاتییەکـان ئەو بەشـانەن، کە دەرفەت بـۆ نووسـەر یـان بـۆ قسـەکەر دەڕەخسـێنن، بـۆ گێـڕانەوەی زانیارییەک لە چوارچێوەی دەربڕینێکی کورتتردا:

**- ئایا ئۆتۆمبێلەکەت شوشت؟**

**- شوشتم.**

لە زمانەوانیدا دوو نموونەی سەرەکی لەجیاتییەکان لەیەکتر جودا دەکرێنەوە:

أ- لەجیاتی پاشخستن، وەک وەڵامگێڕەکان(**شوشتم**) لە نموونەکەی پێشوودا، لەجیاتی وتنی (**ئۆتۆمبیلەکەم شوشت**).

ب ـ لەجیاتی پێشخستن، وایە پێشخستنی لەجیاتییەکە لەگەڵ لەجیـاتیکراوەکەی خـۆی یـان بـۆ ئەوەی لەجیـاتی بەکاردێت، وەک لەم نموونەیەدا بەدی دەکەین:

**ئەگەر کاتی هەبێت، هیشام دێت.**

**بلاغة . ڕەوانبێژی .** Eloquence

◊ **پـێچەوانەی گەمـژەییە، مەرجـی دروسـتبوونی پەتیبوونێکی زیرەکانەیە لە بواری ڕوونبێژی قسـەکردن و درکاندن و نووسیندا.**

**(ابوالبقاء) لە کتێبی (الکلیات)دا ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەوانبێـژی بـنجەکەی لەسـەر ئەوە دەوەسـتێت، کە پرۆسەی ئاخاوتن هەڵگری سێ خەسڵەت بێت:**

أ- ڕاستی لە پێگەکانی زماندا.

ب ــ پـڕ بە پێسـتبوونی قسـە لەگەڵ ئەو واتـایەی مەبەستمانە لە پرۆسەی قسەکردنەکەدا.

ج- ڕاستگۆیی قسەکە لە خودی خۆیدا.

**بنية. بونیاد .** Structure

◊ هەمـووو ئەو شـتانەی لە توخمەکـان یـان پەیوەندییەکان یان لە وشەکان پێکدێن، بە (بونیاد) هەژمار دەکرێن، (بونیاد)یش لە خودی خۆیدا بەرهەمی بونیادێکە

بە ڕێکخراوی، کاتێکیش لەگەڵ غەیری خۆیدا پەیوەندی دەبەستێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی زمانەوانییە، ئەوا لەم حاڵەتەدا سیستەمێکی زمانەوانی پێکدەهێنێت، وەک سیستەمی زمانی عەرەبی.

**بونیادگەریی** (Structuralism, Structuralisme):

لێرەدا گرنگە لامان وەک میتۆدێکی زمانەوانی، واتە کۆمەڵە ڕێچکەیەک بەدوای زانیندا دەگەڕێت.

١ــ بونیادگەریی زمانەوانیی هاوچەرخ ئاماژە بە توێژینەوەی هەر زمانێک دەکات، بەو حیسابەی سیستەمێکی سەربەخۆیە و فاکتەرەکانی هیچ بەهایەکیان نییە و بونیادەکانیشی بە هەمان شێوە بێبەهان، مەگەر تەنیا بە هاوکێشەکان و بەرهەڵستەکان نەبێت، کە توخمەکانی ڕیسکە زمانەوانییەکە بە توخمەکانی دی دەبەستێتەوە.

٢ــ لە زمانەوانیی ڕۆژئاواییدا جیاوازی لەنێوان بونیادگەریی ئەوروپی و بونیادگەریی ئەمریکی دەکرێت:

**أ. بونیادگەریی ئەوروپی:**

دیارترین نوێنەرەکانی **(فردیناند دی سۆسێر)**ە، کە جیاوازی دەخاتە نێوان زمان (Langue) و ئاخاوتن

(Parolg)، هەروەها جیاوازی دەکات لە نێوان مێژوویی زمان و ئێستایی زمان.

**ب . بونیادگەریی ئەمریکی:**

دیارترین نوێنەرەکانی (**ڕۆمان جاکۆبسۆن**) و (**ترۆبتسکۆی**)ن و میتۆدی دابەشکارییانەی گرتەخۆ، هەموو ئەو دیاردانەی زانایانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و شیکاریانەی دەروونی باسیان لێوەدەکەن و لێیان دەکۆڵنەوە، بە دیاردەی زمانەوانی هەژماریان دەکەن.

٣ـ زمان ڕووی کۆمەڵایەتی بونیادی زمانەوانییە، کەچی ئاخاوتن ڕووە تاکیەکەیەتی، بەڵام تویژینەوەی مێژوویی بونیادی زمان بە وانە و وەسفەکەی هەژمار دەکرێت، کە لە ڕووی مێژووییەوە بە تێپەڕبوونی کات پێشڤەچوون بەخۆوە دەبینێت، کەچی تویژینەوەی ئێستایی بە وەسفکردنی لە کاتێکی دیاریکراودا هەژمار دەکرێت: بڕوانە:

-F. DE SAUSSURE, Cours de Linguistique générale, 1916 .

- Roman JAKOBSON, Essai de Linguistique générale, (1963-1973).

- N.S. TROUBETZKOY, Principe de Phonologie, Paris, 1949 .

# ت

## تباين شكليى . ئەلۆمۆرف . Allomorphe

◊ دەکرێ ئەلۆمۆرفەکان بە گوێرەی جیاوازی ڕەگی کارەکان و دەرکەوتنیان بە چەندەها جۆری جودا بن، وەک کار:

**(جاء: هات)،(يجيء: دێت)، (تجيء: دێت)، (نجيء: دێین)، (تجيئون: دێن)، (سأجيء: دێین)... هتد.**

**(كتب: نووسی)، (يكتب: دەنووسێت)، (تكتب: دەنووسیت)، (نكتب: دەنووسین)، (تكتبون: دەنووسن)، (سنكتب: دەنووسین)...هتد.**

لە هەموو گۆڕانەکانی گەردانکردنی(کار) دەکرێ ئەم جیاوازییانە ناوی مۆرف (Morphe) هەڵبگرن، هەروەها بە هەموو کۆمەڵە گۆڕانە واتاییەکانی یەک یەکە ناو دەنرێت ئەلۆمۆرف.

**تێبینیکراو:**

**(All(o : دەستپێکێکە بنجەکەی یۆنانییە و واتای (دوایی: Allos) (ئەوانی تر) دەگەیەنێت و بۆ سەر وشەی دی لە بواری زمانەوانیدا زیاد دەکرێن، وەک: (graphe) (Phone) (Morphe)) تا وشەی زاراوەئامێزی نوێ ببەخشێت.**

**تباين صوتي ـ ئەلۆفۆن ـ** Allophone

◊ زاراوەیەکە زمانەوانە ئەمریکییەکان و هەندێک لە زمانەوانە ئەوروپییەکان بەکاری دەهێنن، ئەویش بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو جیاوازییانەی لە فۆنیم (Phoneme)دا هەیە، هەر فۆنیمێک هەرگیز دووجار لەدوای یەکدا بە هەمان چۆنێتی ڕوونادات و دووچاری چەند جوداکاری و سەراونخونێک دەبێت، بەبێ ئەوەی کرۆکەکەی بشێوێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو فۆنیمێک جیاوازی کردەیی هەیە، کە هاوتەریبە لەگەڵ ڕێژەی بەکارهێنانەکانی.

ئەلۆفۆنەکان گۆڕانی یەک فۆنیمن و کێڵگەی دابەشکردنی یەک فۆنیم پێکدەهێنن (وەک گێڕانەوە دەربارەی کێڵگەی دابەشبوونی تێگرتن).

## تباين كتابي . ئەلۆگراف . Allographe

◊ پیتەکانی نووسین لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت، تەنانەت لای یەک کەسیش هەر گۆڕانی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی وێناکراوەکان (graphémes) یان نیگارکێشراوە پیتئامێزەکان، لەژێر کۆنترۆڵی گۆڕانەکانی خەتدان، و کۆمەڵە ئەلۆگرافەکانی سەر بە پرۆسەی نووسین بۆ یەک دەستنووس پێکدەهێنن و بە ئەلۆگراف (Allographe) یان بە جیاوازی نیگارکێشانی نووسراوەکە ناوزەد دەکرێت.

## تبدل صوتي . گۆڕانی دەنگی . Mutation

◊ دیاردەیەکی دەنگییە، لەسەر پایەی گۆڕانی مۆرکی دەنگی بزوێن بە دەنگی نەبزوێنی تەنیشتییەوە دەوەستێت. زۆرجار مەسەلەکە پەیوەندی بە کار و کاریگەری بزوێنێکی دیکەوە دەبێت، کە لە بزوێنێکی دیکەی نزیکیدا دانراوە، بۆ نموونە لە زمانی فەڕەنسیدا بەگشتی پیتی (R)مان بەرچاو دەکەوێت، دەنگی (oe)ی (کراوە) نەک (o)ی (داخراو): (peur(poer.

## تبدل رتبي . پۆلگۆڕین . Transfer of Function

◊ داتاشـــینێکی نـــاتەواوە، بەڵام کـــارپێکراوە و لە گواستنەوەی وشەیەک لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دی و لە پلەیەکی ئەرکییەوە بۆ پلەیەکی دی پێکدێت(**واتە لە پۆلێکی ئاخاوتنەوە بۆ پۆلێکی تری ئاخاوتنەوە . وەرگێڕ**)، کە گواستنەوەیەکی بەکارهێنەرانەیە لە (**ناو**)ەوە بۆ (**ئاوەڵناو**) و بۆ (**ئاوەڵکار**)...هتد. وشەی (**عال**) ناوە و دەبێتە (**ئاوەڵناو**) و (**ئاوەڵکار**):

**العالي(بەرز)، رجل عال(پیاوێکی بەرز)، یتکلم عالیا(بە بەرزی قسە دەکات)(واتە بەدەنگێکی بەرز).**

**الأحمر(سوور)، امرأة حمراء(ئافرەتێکی سوورکەلە)، أحمر الشفاء(لێوسوور)...هتد.**

## تجرید . ئەبستراکت . Abstraction

◊ چالاکییەکی مێشکییە و بابەتێکە لە جیاکردنەوە یان لە دابڕینی بەشێک لە هەمەکییەکەی پێکدێت. چالاکی ڕووت و ڕەها و ئەبستراکت یەکێکە لە مەرجەکانی زانست، بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین هەموو زانستێک سیستەمێکی ئەبستراکتە.

١ــ لە زمانەوانیــدا: بنــەمای دابەشــکردنی ئاخــاوتن بەسەر یەکە دەنگییەکان (فۆنیم) بە واتـا زمـانەوانیەکەی بە ئەبستراکت هەژمار دەکرێت.

٢ـ لە واتاسـازیدا: توانـای قسـەکردن لەسـەر ڕەش و سـپی بەبـێ پشتبەسـتن بە شـتێکی ڕەش یـان سـپی بە ئەبسـتراکتێکی ئەمەنـدە جیاکـار دادەنرێـت، کە لە هەمـوو زمانێکدا دەستناکەوێت.

### تحدید . دیاریکردن . Determination

◊ دیاریکردن نەخشکردنی وێنەی دیاریکراوەکەیە لە مێشکدا.

١ــ دیــاریکردن ســنووررێژکردنە، واتە ناوهێنــانی شتەکان بە گوێرەی سنوورە واتابەخشـەکانی خـۆی، کە بە شــێوەیەکی ورد و درێــژ ئامــاژە بــە ڕاســتەقینەکانیان (جێبەجێبوونیان) بکات.

٢ـ دیاریکردن دوو لایەنی هەیە:

أـ (دیاریکار)؛ ئەوەیە کە وێنەیەکی پەسەندکراو لە مێشکدا نەخش دەکات، وەک (ئاوەڵناو) سەبارەت بە ناوی (ئاوەڵنێراو).

ب ـ (دياريكراو)؛ ئەوەيە كە مێشك ئاراستەی دەكات بۆ ئەو شتەی بەشێوەیەك لە شێوەكان زانراوە، پاشانیش وێنەیەكی تیادا دەكێشێت، كە لەوەی یەكەم تەواوترە، بۆ نموونە:

**١ـ كتێبێكم خوێند.**

**٢ـ كتێبەكەم خوێند.**

**كتێبەكەم....**

**ئەم كتێبە....**

**هەموو كتێبێك....هتد.**

**تحقق ـ جێبەجێبوون ـ** Actualization

◊ كاتگرتن، كاراكردن، كاتێتی.

١ـ زمان ڕیسكێكی پێشبینیكراوە و بە ئاخاوتن لەناو پرۆسەی ئاخاوتندا بە واتای نێرەر و گێڕانەوە جێبەجێ نابێت.

٢ـ جێبەجێبوون ئاماژە بە كاتێتی ئاخاوتن و گواستنەوەی لە واتایەكی پێشبینیكراو بۆ واتایەكی دیاریكراو دەكات:

**ئایا دەزانیت عەرەبەكان چەندین زانایان هەیە و (ئیبن سینا)ش یەكێكە لە پزیشكە دێرینەكانیان؟**

٣ــ واتــای جێبەجێبــوونی زمانــەوانی ئەوەیە کە چەمــکەکە ڕاســتەقینەیەکی تــایبەت بێــت لە درەوەدا و هاوواتای: بوون و گەردوون و چەسپاوە.

**تحكم/ تحكمي . كۆنترۆڵ .** Arbitrary

◊ هەڕەمەکی، سەرەڕۆ ، سەرەڕۆیانە.

١. پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو پەیوەندییەکی کۆنترۆڵئامێزە، بڕیاردەرانەیە لای (فردیناند دی سۆسێر).

٢ــ لە ڕوانــگەی ئەرکــی زمــانەوە، وا دەخوازێــت پەیوەندی واتایی لە ڕووی کۆنترۆڵکردنەوە پەیوەندییەکی پێویست بێت، بۆچی؟ چونکە لە چوارچێوەی ئاخاوتندا نــاوچەیەکی تــایبەت بە کــۆنترۆڵکردن هەیە و بــۆ ئەوە دەگەڕێــتەوە کە نیشــانەیەک تەنیــا لە بــواری فاکتەرێکــدا بەکاردەهێنرێـــت و لە بـــواری فـــاکتەرێکی دیـــکەدا بەکارناهێنرێت.

٣- عەرەبەکان و گریکەکان، پاشانیش (دی سۆسێر) پێیــان وابــووە، کە پەیوەندییــەکی سروشــتی لە نێــوان شتەکان و ناوەکانیاندا هەیە، غەیری ئەمانیش وتوویانە، کە ناولێنانەکان پرۆسەیەکی ڕێککەوتانە یان ڕێکسازانەیە.

**تحليل توزيعي . شيكردنەوەی ستوونی .** distributional Analysis

◊ پشـــت بە شـــيكردنەوەی ســـتوونی دەبەســـتێت، شـيكردنەوەی دابەشـكاری سـتوونی هەمـوو توخمێـک بە پێگەکەی خۆی دیاریدەکات لە میانەی پرۆسەی گێڕانەوەی ئاخاوتنـــدا نەک لە ڕووی ئەرکەکەی دابەشـــی بکـــات، دابەشکردنەکە بۆ ڕێچکەی ستوونی حەواڵەمان دەکات.

**تحليل ركني . شيكردنەوەی ئاسۆيی .** Syntagmatic Analysis

◊ بـــابەتە ســـەرەکییەکەی گۆشـــە يـــان تەوەری گۆشـــــەییە، واتە زنجيرەبـــــوونی مۆرفيمـــــەکان (morphémes) يـان يەکـە ڕوخسـارييەکان و فۆنيمـەکان (Phonémes) يان يەکە دەنگييەکان.

**تحليل معناتي . شيكردنەوەی واتـايی .** Semic Analaysis

◊ بريتييە لـە شـيكردنەوەی نـاوەرۆک، نـاوەرۆک بـۆ ئادگـار و خەسـڵەتی واتـايی هەڵدەوەشـێتەوە، بە شـێوەيەک واتاکە يان واتاييەکان لە کێشـەی قسەکەرەکە يان لە کێشـە و گرفتـی نووسـەرەکەوە هەڵـدەگوزەرێـت. خەسـڵەتەکە هێمايەکە بۆ تايبەتمەنديێتی شتەکان و واتاکانيان.

**تحليل نحوي . شيكردنەوەی ڕێزمانی .** grammaticale Analysis

◊ پشـت بە شـیکردنەوەی وشـەکان و شـیکردنەوەی ئەرکی وشەکان دەبەستێت.

بڕوانە: ڕێزمان، و زمانەوانی.

**تحويل . گوێزانەوە .** Transformation

◊ گوێزانەوەی زمانەوانی.

١. پرۆسەی گوێزانەوەی زمانـەوانی، پشـت بە ئامـاژە گۆشـــەییەکان (پێکهاتەکـــان) دەبەســـتێت، بە مەبەســـتی گەیشتن بە ئاماژەی دی.

٢ــ جیـــاوازی لە نێـــوان گوێزانـــەوە تاکییەکـــان و گوێزانەوە دوانییەکان دەکات، ئەمـە لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەشـــەوە جیـاوازی لە نێـوان گوێزانـەوەی زۆرەملـێ و گوێزانەوەی ئارەززمەندانە دەکات.

**تخريج . سازگە .** Phem

◊ لە ڕووی زمانەوانییـــەوە ئەو ســـازگە دەنگیـــیە جۆربەجۆرانەیە بۆ پیتەکان یان هێمای دەنگی جیاواز.

١ــ ســـازگە یـــان یەکەی ســـازگەیی، کە کـــۆمەڵە سازگەیەکی یەکەی دەنگی پێکدێت، کە تایبەتە بە پیتێکـەوە، بـۆ نمـوونە سـازگەی جیاکـاری پیتـی (P) لە هەمـوو ئەو

سازگانە پێکدێت، کە تایبەتن بە یەکەیەکی دەنگی جیاکار و واتای کرۆکی یەکە دەنگییەکە دەدات بە دەستەوە.

٢ـ لە زمانەوانیدا سازگە بە دەنگێک یان یەکەیەکی دەنگی (فۆنیم) گوزارشتی لێ دەکرێت.

**تخصیص . تایبەتکردن .** Allocation

◊ گشتاندن بەرانبەر بە زاراوەی تایبەتکردنە (پسپۆڕێتی).

١ـ تایبەتکردن لەسەر بڕیاردان بە چەسپاندنی ئەو شتەی تایبەتکراوە و لابردنی لەسەر ئەوانی دی جێبەجێ دەبێت.

٢ـ تایبەتکردن داماڵینی تایبەتە لە گشتییەکان و دەرهێنانی تایبەتمەندێتی لە گشتییەکان.

**تدامج . ئاوێتەبوون .** Embedding

◊ پرۆسەی ئاوێتەکردنی ڕستەیەکی پێکهاتووە لە ڕستەیەکی دیکەدا، هەروەک لەم گوزارشتەدا دەردەکەوێت:

**دەڵێت (دێت.)**

(دێـــت.) ڕســـــتەیەکە لەم ڕســـــتە پێکهـــاتووەدا ئاوێتەکراوە: **(دەڵێت ئەو).**

واتە: (شتێک دەڵێت کە لە داهاتوودا دێت).

## **ترادف**(**مرادف**) **. هاوواتا .** Synonymy

١ـ واتـای یەکگرتنـی چەمـک و واتاکـان دەگەیەنـێ، وەک: (مــرۆڤ و ئـــادەمیزاد) نەک لە خـــودی خۆیانـــدا، هاوواتـا نزیکـایەتی یـان نزیککـردنەوەیە، وێکچـوونە، نەک توانەوە.

٢ـ هاوواتاکـان وشـە و گوزارشـتێکن خـاوەن شـێوەی جۆراوجـۆرن، بەڵام واتـای نزیـک لەیەکتـری و گونجاویـان هەیە(بە شێوەیەکی ڕێژەیی یەک واتان).

## **ترجمة . وەرگێڕان .** Translation

١ـ وەرگێـڕان ئەرکێکـی زمـانییە و لە گواسـتنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە پێکدێت، ئەویش بە مەبەسـتی تێگەیاندن نەک تێگەیین.

٢ـ یاسـای وەرگێـڕان پێکـدێت لە: گوزارشـتکردن لەو واتـــایەی لە زمـــانە گـــوازراوەکە بـــۆ زمـــانێکی دی دەگوازرێتەوە(واتای زمانی فەڕەنسی، بۆ نموونە لە زمـانی عەرەبی و بە پێچەوانەشەوە).

٣ـ ئەم جـۆرە گواسـتنەوەیە بـۆ نێـرەر نـاکرێ بەبـێ کەمکردنەوەیەکـی دیـاریکراو لە زانیـارییە گواسـتراوەکە بەڕێوەبچێت، واتە بەبێ کەموکووڕی و کەلێن لەگەڵ دەقە سەرەکییەکەدا بەڕێوەناچێت.

٤ـ یاسـاکانی وەرگێڕانێکـی بـێ خەوش و کەلـێن و پەسەندکراو ئەمانەن:

أـــ گواســـتنەوەی بیـــرۆکەکە لە کرۆکـــی دەقە وەرگێڕدراوەکەدا بوونی هەبێت (بە عەرەبیکراو، لە زمـانی عەرەبیدا).

ب. یەکسانبوون یان بەکارهێنانی ئامرازێکی شـێوازی و پێکهاتەیی هەمەجۆر.

جـ پشتبەسـتن بە گونجانـدن و نزیککـردنەوە، بەو حیسابەی ڕێگـایەکی یەکلاکەرەوەیە لە ڕێگاکانی پرۆسـەی وەرگێڕان.

٥. پێویستە جیاوازی لە نێوان وەرگێڕانـی دوابـەدوا و وەرگێڕانی هاوکات و وەرگیڕانی زارەکی بکرێت.

## ترجيح حرفي . دووبارەکردنەوەی پیت . Alliteration

◊ پرۆسـەی دووبـارەکردنەوەی دەنـگە هاوشـێوەکانە، بە مەبەستی شێوازگەریی و جەختکردنەوە یان هاوئـاوازی

لاسـاییکردنەوە، وەک دووبارەکردنـەوەی پیتەکـانی (I,F)، لەم دێرە شیعرییەی (ڤیکتۆر هۆگۆ):

Les souffles de la nuit flottaient sur Galgala.

هەنـدێکجار دووبـارەکردنەوەی پیـت تەنیـا لە پیـتە نەبزوێنـــەکان ڕوودەدات، هەروەک لەم دێـــرە شـــیعرەی (ڕاسین)دا دەردەکەوێت:

Pour qui sont ces serpents qui sifflent sur nos tétes ?

لێـــرەدا واژەی هاوســـەروایی بەکاردەهێنرێـــت بـــۆ دووبارەکردنەوەی توخمی دەنگی، بۆ نموونە:

- **أرى قدمي أراق دمي**
- **ايها القاضي ب (قم)، قد عزلناک فـ (قم).**

**ترسیم کتابي . نیگارکێشی نووسین .** pictogram

◊ پرۆســـــەی نیگارکێشـــــی شـــــێوەکارییانەیە، لە دووبـارەکردنەوەی بەرهەمهێنـانی پەیامێـک پێکـدێت، بەبـێ گەڕانەوە بـۆ وێـنە دەنگییەکە، کەچـی وێنـاکردنی نووسـین یـان نووسـینی وێنـایی لە بەکارهێنـانی نیگـاری شـێوەکاری پێکـدێت، بە مەبەسـتی جێبـەجێکردنی ئەرکـی ڕاگەیانـدن. بڕوانە: بابەتی نووسین.

## ترکیب . ئاسۆیی . Syntagma

◊ جووتکردنێکی واتایی، ئاسۆیی.

١ـــــ لە زمانەوانیـــــدا، پێکهاتـــــەی ئاســـــۆیی بەو جووتکردنانەی نێوان دوو یەکە یان چەند یەکەیەکی واتایی دەوترێـــت، کە لە پـــێگەی یەکەدان لەنێـــو گێڕانەوەکـــانی ئاخاوتنـدا: ئەو کـارەی کە بـکەرەکە لە خـۆی دەگرێت، بـۆ نمـوونە: (لنأکـل) بـا نـان بخـۆین)، لە ڕەگـی کـاری (أکـل / خواردن) و بکەری (نحن / ئێمە)ەوە پێکهێنراوە، بە هەمـان شێوەش ناوی لێکدراوی وەک(بعل) + (بک).

٢ـ بەپێی ئەم بنەمایـە، هەمـوو پێکهاتەیـەک و هەمـوو دەربڕینێک، کە مـۆرکێکی بەکارهێنەرانەیـان هەڵگرتبێت، بـە ئاسۆیی و سرووتئامێز و تەکنیکیانە هەژمار دەکرێت:

**(ئەگەر ڕێگە بدەیت)،**

**(بە فەزڵی خودا)،**

**(بەخۆشحاڵییەوە)،**

٣ـ جیاوازییەکی زمانەوانی لە نێوان ئەمانەدا دروست دەبێت:

أ- پەیوەندی ئاسۆیی سەربەخۆ **(هاوینی پار: لەسـەر ڕێگا).**

ب- پەیوەندی ئاسۆیی هەڵگرانە **(باران باری).**

ئەمەش بە دەوری خـۆی وا دەکـات، کە جیاکـارییەک هەبێــت لە نێــوان پەیوەنــدی ئاســۆیی ڕستەســازی و پەیوەنـدی ئاسـۆیی واتاسـازی: پەیوەنـدی ڕستەسـازی، پەیوەندی ئاسۆیی. لە گێڕانەوەی قسـەکەراندا، پەیوەندییە ئاســــۆییەکان و پەیوەنــــدییە بەســــتنەوەکان یــــان وشەســازییەکان بەرانبــەر یەکـن: ڕەگ ـــــ ڕەگیـانە، لە کۆتاییدا دەڵێین: پێکهاتەی گوزارشتانە هەموو پێکهاتەکانی ئەو یەکانە دەگرێتەوە، کە خاوەن درکاندنێکی ڕوونن.

**ترکیبة صوتیة. پێکهاتەی دەنگی**(**فۆنەتیک**) **.** Phonetic

◊ دیـاردەی گونجـانی زمـانی یـان هاوبەشـیکردنە لە گۆکردنـدا: هـیچ فۆنیمێـک بە تەنیـا گۆناکرێـت، لەبەر ئەوە لەگەڵ فۆنیمەکـانی دیـکەدا لە بـواری گێڕانەوەکانـدا ئـاوێتە دەبێـت، بەم شـێوەیە لەژێـر فشـاری پیـت یـان دەنگەکـانی دراوســێی خــۆی دەبێــت، فۆنیمــەکانی پێکهــاتەیی لــە کــاریگەریی فۆنیمــەکان دەکۆڵنــەوە، کــە لەمیــانەی بەدوایــەکهاتنی گوتــاردا دووچــاری دەبــن، هەروەهــا تــوێژینەوە لــە تایبەتمەنــدییە پێکهاتەییەکــان و بونیــادە دەنگییەکانی دەکەن.

### تساوق . ئێستایی . Synchrony

◊ ئێستایی، هاوچەرخ.

١ــ بەو بۆچــوونە تــایبەتە دەوترێــت دەربــارەی تـوێژینەوەی پرۆســەی زمـانەوانی کردەیـی، تـوێژینەوەی ســەرتاپای پەیوەنــدییە ڕیســکەکانی نێــوان ئەو واژانەی پـێکەوە دەژیـن و حـاڵەتی زمـانەوانی دیاریـدەکەن، لێـرەدا مەبەسـتمان لە دەرفەتـی زمـانەوانییە، لە میانەیـدا ئـاڵوگۆڕە لەناکاوەکان دەگەنە خوارترین سنوورەکانیان.

٢ــ ئێســتایی یــان ئێســتاییەکان هەمــوو بــابەتێکی زمـانەوانییە، کە پشـت بە تێبینـی یـان دیـتن ببەسـتێت، کە باس لە ماوەیەکی زۆر کورت بکات، بەشێوەیەک بتوانرێت ئەو دیتنانە ـ دیمەنانە بە ئێستایی لە قەڵەم بدرێن.

٣ــ ئێســتایی ئامــاژە بــە وەســفکردنی حــاڵەتێکی زمانەوانی لە خاڵێکی دیاریکراو و لە تەوەری کاتدا دەکەن، ئەویش بەگوێرەی بونیادە تایبەتەکەی و بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشکەوتنی: وەسفی ئێستایی جاری وا هەیە لە زمانـەوانی ئێستاییانە دەچێت.

٤ــ زمانــەوانیی ئێســتایی بــابەتەکەی: ڕیسکســازییە، هەنـووکەییە، وەک پەیوەندییـە دەروونیـیە لۆجیکیەکـان، کە بە گوێرەیان لە زمانێک تێدەگەن و قسەی پێدەکەن.


٥ـ زمانــەوانی یــان بوارەکــانی زمــانەوانی ئێســتایی بەرانبەر بە زمانەوانی مێژووییە، کە باس لەو پێشڤەچوونە دەگمەنانـــــەی (واژەکـــــان و وشـــــەکان - دەنگەکـــــان - فەرهەنگۆکەکــان) لە میــانەی ڕووداوەکــان دەکــات، بـــۆ گۆڕینی حاڵەتێکی زمانەوانی بۆ حاڵەتێکی دیکە.

٦ـ ئێســتایی، میتــۆدیی ئێســتایی لەســەر هەمــوو ئەو بابەتــانە پیــادە دەبێــت، کە دەکــرێ بــاس بکــرێن و لێیــان بکۆڵــدرێتەوە و بزانــرێن، ئینجــا لە هەر چوارچێــوەیەکی ڕۆشنبیریدا بن، ئەویش بەبێ گەڕانەوە بۆ بەردەوامبوونی، پاشــانیش دەتــوانین باســی بــوونی بۆچــوونێکی ئێســتاییانە بکەین تەنانەت لە مێژووشدا.بڕوانە:

F.DE SAUSSURE, Cours de linguistique générale, payot, paris, 1964.

## **تشجیر . بەدرەختکردن .** Stem

◊ بەدرەختکردن، درەختــاوی، درەختکــراو: بە گشــتی خشــتەیەکی بەرجەســتەیە، بــۆ وەســفکردنی پەیوەنــدییەکانی نێــوان توخمەکــانی ئەم گوزارشــتە بەکاردەهێنرێــت (تــاریق ســـبەی دەبێـــتە زانـــایەکی زۆر مەزن) درەختکـــراوی ئەم گوزارشتە بەم شێوەیە:




ئەم خشــتەیەی (لوســیان تســنیر، L.TESNERE) دایهێناوە، پشت بە بنەمایەکی سەرەکی دەبەستێت، ئەویش دانــانی لایەنە تەواوکــارەکەیە لەژێــر لایەنــی پاشــکۆیەتی، کاتێک خشتەی درەختەکە بە ڕێکخراوی دەکێشرێت، ئەوا ئەم درەختکردنە لەسەر دوو پایە دەوەستێت، کە یەکێکیان بەرز و ئەوی دیکەیان نزمە: لەسەرەوە لوتکەکە (کارەکە) یان هەڵگری واتاکە بەرجەستە دەبێت.

**تشدید . توندکردن .** Emphasis

◊ دەرخستن، زەقکردن، تاراندن.

١ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە، توندکردن ((**بە پیتێکی لار Italique، یان بە پیتێکی ڕەش یان سوور، یان دانانی هێڵێک لەژێر وشەکە یان گوزارشتە توندکراوەکە**)) لە وێنە ڕوونکراوەکە/ خشتەکە پێکدێت، کە پشت بە بەکارهێنانی واژەیەک بە واتایەکی بەهێز دەبەستێت، توند (Fort)، زۆر زەق و دیار، ئەم واتایەش بۆ ڕۆچوون لە گوزارشتکردن لە بیرۆکەیەک بەکاردێت.

٢ـ لە ڕووی نووسینەوە، توندکردن زەقکردنەوە یان دەرخستنی فرێزێک لە فرێزەکانی ڕستەیەک یان گوزارشتێک.

**تشویش . شێواندن .** Noise

◊ گەڕەلاوژەیەکە بۆ شێواندن.

بە واتا فراوانەکەی، شێواندن ئەو کۆمەڵە ئاستەنگانەیە، کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم گواستنەوەیەکی ڕوونی پەیامێک یان نامەیەک.

١ـ دەوترێت شێواندن و دروستکردنی لەرە بۆ پەیوەندییەکی دەنگی (نامەگوتار ئاراستەی گوێ دەکات) و پەیوەندی نیگایی (نامە ئاراستەی چاو دەکات).

٢ـ شـێواندن بریتییـه لـه (نەبـوونی هێمـا ( non - signal)، واتە وەرگر ناتوانێت دەنگەکان وەربگرێت یان وێـنەیەک وەربگرێـت، کە لە بنەڕەتـدا بەشـێکە لە خـودی نامەکە.

٣. شێواندی واتای وایە: شڵەژانێکی دروستکردووە لە گواستنەوەی پەیامەکەدا، چ چاوی چ دەنگی، ئینجا بە هەر شێوازێک بێت.

٤ــشــێواندنی نووســین: شــڵەژاندن و تێکــدان بەوە دروســت دەبێـت، کە پیتەکـان ســەراونخوون بکەیـن، یـان فەرامۆشــیان بکەیــن و پــێچەوانەی ســازانی توخمەکــانی نووسین بن.

٥. شێواندنی ئاخاوتن: هەموو شێواندنێکی واژەیی و هەموو شڵەژان و گوێبیستییەکی ناتەندروست(مەرجەکانی گوێبیستبوونی خراپن).

٦. شێواندنی تێگەیشتن: چ نووسراو و چ لاسایکار بێت.

**تصاوت ـ دووبارەکردنەوەی بزوێن یان نەبزوێن ـ** Hiatus

◊ بە یەکگەیشتنی دوو پیتی بزوێن یان نـەبزوێن، ئەم دیاردە زمانەوانییە بەم شێوانە ڕوودەدات:

أــــ لەنـــــاو وشـــــەیەکدا ڕوودەدات، لەم کــــاتەدا دووبارەکردنەوەی ناوخۆیی دەبێت، وەک: جاء ـ جاءوا.

ب ـ لەنێـوان دوو دەنگدا ڕوودەدات، کە سـەر بە دوو وشـــەی جیــان، لەم کــاتەدا دووبارەکردنــەوەی دەرەکــی دروست دەبێت:

**جاء الى البيت. (هاتە ماڵەوە).**

بە گـوێرەی یاسـاکانی شـیعری کلاسـیکی فەڕەنسـی، سیسـتەمی دووبارەکردنـەوەی بـزوێن یــان نــەبزوێن بە لکانــدنی وشـــەکان یــان بە ئاوازکردنیــان دەســـڕێنەوە، بەشـێوەیەکی ئەوتـۆ، کە پەسـەندکراو بێـت، هەروەک لەم دێرە شیعرییەی (ڕاسین)دا دەردەکەوێت:

**Dans le fond de ton Coeur,**
**je sais que me hais. (RACINE)**

## تصور . وێناکردن . Concept

◊ چەمک، هەموو (هەمەکی).

١- ڕێزمانزانـانی عەرەب دەڵـێن: وێنـاکردن هەمـوو نـــاوێکە، کە ئامـــاژە بە خـــودی یەک شـــت بکـــات لە ڕەگەزەکەی خـــۆی، وێنـــاکردن چەمکـــی ئەو شـــتەیە، کە بوونی بەدی ناکرێت لە خودەکاندا و لە هەمـوو بـوونەوەر و نەبوونەکاندا بەڕێوەدەچن (خەیاڵەکان).


٢- لە زمانەوانیی عەرەبیدا لەنێوان ئەمانەدا جیـاوازی دەکرێت:

**أ- وێناکردنی گونجـاو:** لەم حـاڵەتەدا ئەوەی ناوترێت گونجـاوە لەگەڵ کرۆکـی ئەوەی لە بڕیـارەکەدا گۆدەکرێـت: **(العين بالعين، الحر بالحر، النفس بالنفس، هتد).**

**ب- وێنـــاکردنی نـــەگونجاو:** بەڵـــگەی گوتـــارە چ ناوەڕۆکەکەی و چ ئاوازەکەی.

٣- (فردینانـــــد دی سۆســـــێر) واژەی (وێنــــاکردن) بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە وێنەی بیستراو دەبەستێتەوە و بە نیشـــانەیەکی زمـــانی لە قەڵەم دەدەن. لە ڕاســـتیدا کــردەی پەیوەنــدی لە مێشــکی یەکێــک لە ئــاخێوەرانەوە دەستپێدەکات: لێرەدا وێنایەکی دیاریکراو هەیە (کە بریتییە لـە کـردەی هۆشـیاری)، کە پەیوەنـدی بە وێـنەی بیسـتنەوە

هەیە (خەیاڵ: image) کە لەگەڵ خۆی گونجاوە، لێرەوە شـــــەپۆلەکانی دەنـــــگ دەســـــتپێدەکەن (واتە بەشـــــە سروشـتییەکەی پەیوەنـدی)، بە هەمـان شـێوەش ڕێـڕەوی بەرەواژی وەرگــرەکە (**گواســتنەوەی وێــنە دەنگیــیەکە، بەستنەوەی لەگەڵ وێناکردنە هاوشێوەکەی)**. با ئەم نیگارە سویسرییە بە نموونە بهێنینەوە، کە پێگەی (وێنـاکردن) لە پڕۆسەی پەیوەندیدا ڕوون دەکاتەوە (بازنەی ئاخاوتن):




(فردینانــد دی سۆســێر) پــاش مــاوەیەک هەردوو واژەی وێناکردن و وێنەی بیستن بۆ هەردوو واژەی هێمـا و هێمابۆکراو گۆڕی.

**تصويت . فۆنیمی .** Vocalization

◊ فـــــــــۆنیمی، هاوواتـــــــــای ( Voisement, Sonorisation)ە، فۆنیمی یان دەنگی ئاماژە بە توخمێکی دەنگی نەبزوێن یان گۆڕانی بۆ حاڵەتێکی دەنگی بزوێن دەکات:

Cheval ⟶ Chevaux

L ⟶ U

جودا ⟵ جیاد

و ⟵ ي

بلد ⟵ بلاد

**تصویر . وێنە(نووسین) .** Script / Graphie

١- بە واتا فراوانەکەی، وێنەی نووسینی کردەی نووسینی پێ ناوزەد دەکرێت، واتە ئەو شێوازەی ئێستا بەکاردەهێنرێت بۆ چەسپاندنی یان سڕکردنی زمانە لاساییکراوەکە لە کۆمەڵە قاڵبێکدا (بودقة = بوتقة، دکاة = زکاة)، بەڵام زمانە لاساییکراوەکە لەڕووی کرۆکەوە تاراوە و بەهیچ شێوەیەک قۆرخ ناکرێت و کۆت و بەندی لەسەر دانانرێت، بەم واتایە ئیتر دەوترێت کردەی

بەکارهێنــان ئاخــاوتنی نووســراو زینــدوو دەکــاتەوە و دەشیمرێنێ.

٢- بە واتا تەسکەکەشی، دەوترێت وێنەی نووسینی ئەو گوزارشتەی پێ ناوزەد دەکرێت، کە وێنەی نامەیەکە بە شێوازێکی نووسراو (وێنە = نووسراو).

**تضاد ـ دژواتا** ـ Antonymy

◊ دژیەک.

١ـ دژواتا لە حاڵەتێکدا دروست دەبێت، ئەگەر دوو واتــای دژ بەیەک دروســت بــبن، واتە یەکێــک لەو دوو واتایە، ئەویتر ڕەت بکاتەوە. دژواتا پێچەوانەی گونجان و هاوواتایە و لەگەڵ هاوشێوە بەرەواژە (بڕوانە: الجاحظ: المحاسن والأضداد): هێمای دژواتا (≠)ە .

دەڵێن:

**ئامادەبوو ≠ ئامادەنەبوو**

**گەورە ≠ بچووک**

**ڕێک ≠ ناشیرین**

٢ـ دژواتــا پەیوەنــدییەکی تونــدوتۆڵی بە میوانــداری (Overcoding; Surcodage) هەیە، هەروەک (ئــەبو بەقا) لە (الکلیات)دا ئاماژەی پێدەکات، کە ناکرێ هەردوو

واژە دژیەکەکە بەدەستبێنین بەبێ پێوەرکردنی لەسەر ئەویتر:

**باوک ≠ کوڕ** ، میوانداری سوودی بۆ ئەم بەستەرە دژیەکە هەیە.

## تضمین . گرتنەوە . Implication

◊ گرتنەوە واتای ئەوەیە واژەیەک واتایەکی دی لەخۆبگرێت جیاواز لەو واتایەی شایستەیەتی، بەڵام بەشێوەیەکی لەخۆگرتوو، شاراوە.

١ــ جاری وا ڕێکدەکەوێت هاوواتای زاراوەی تێگەیشتن بێت، بەشێوەیەک کردەی گرتنەوە لەو خەسڵەتە تایبەتانە پێکدێت، کە هێمابۆکراوەکە لە ڕووی چەمکەوە گرتوویەتییەخۆ و وەک ئەوەی بوترێت: (**مرۆڤ ئاژەڵێکی عاقڵە/ ژیرە**)، ئەم نموونەیە هەموو ئەو نیشانانە لەخۆدەگرێت، کە ئاماژە بە مرۆڤ دەکەن و پێیان دەناسرێتەوە.

٢ـ بەرانبەر بە دامەزراندن/ دانانە (Denotation)، لێرەدا سێ سنووری زمانی لەیەکتر جودا دەکرێنەوە:

أ- زمانێکی دامەزراوەیی . دانراوە، کە ئەمەش بارودۆخی زمانەکە دەگەیەنێت پێش دەستکاری، بەبێ

لەخۆگرتن یان بارگاوییکردنی تایبەت، چ سۆزداری یان هزری (ئایدیالی)، دەتوانین زمانی دەستنیشانی بکەینە توخمێک بۆ زمانێکی دی.

ب ـــ میتـــا زمـــانی یـــان ســـەرووی زمـــانی (Metalangage)، ئەو زمـــــانەیە کە بارگـــــاوییە بە توخمەکانی خۆی لە بارودۆخە خودییەکەیدا تێدەپەڕێنێت، بارودۆخی زمان وەکخۆی.

ج ـ زمانی لەخۆگرتوو ئەو زمانەیە، کە ئەرکی هێما ئەنجامدەدات.

### تعاقب ـ دایکرۆنی/ مێژوویی ـ Diachrony

◊ چەمکێکی مێژووییە و پەیوەندی بە زنجیرەبوونی کـــات و مـــاوە مێژووییەکـــانەوە هەیە، هەروەک لە بەدوایـــەکهاتنی نەوەکانـــدا دەردەکەوێـــت لای (ئیـــبن خەلدوون) (پێشەکی ئیبن خەلدوون).

١ـ تویژینەوەی دایکرۆنی(مێژوویی) هەر دیاردەیەک واتای ئەوەیە، کە ئەو دیاردەیە بە درێژایی مێژوو گۆڕانە زنجیرەییەکانی باس بکرێت، بە واتایەکی فراوانتر واتە گەڕان بەدوای بـــنج و بنـــاوانی وشـــەیەک بە بەشـــێک لە بەشەکانی تویژینەوە زنجیرەکانی مێژوو هەژماردەکرێت.

٢ـــ ڕوانـــگەی دایکرۆنـــی بەرانبـــەر بە ڕوانـــگەی سـایکرۆنی (ئێسـتایی)یە، کە بـاس لە دیـاردەی مێژوویـی ناکـات، بەڵکـو لەم دیـاردەیە دەکـۆڵێتەوە کـە لە ڕووی پەیوەنـدی هەنـووکەییەوە لەگەڵ دیـاردە هـاوچەرخ و هاوشێوەکانی دروستی دەکات.

٣ـ بە واتـایەکی وردتـر، هەردوو ڕوانـگە دایکرۆنـی و سایکرۆنی (مێژوویی و ئێسـتایی) لە چرکەسـاتی یەکەمەوە تیایدا دەردەکەوێت، دەنگەکان بە بەردەوامـی لە ڕیسـکێک یان (Systeme) چەند بەشێک پێکدەهێنن. پاشـان نـاکرێ توخمێکی زمانی بەبێ سیسـتەمێک لێکدانەوەی ڕیسـکەکەی بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکانی لێکبدرێتەوە، لەم ئاسـتەدا زنجیرەیی دەبێتە بـابەتێکی پێشـڤەچوونی مێژوویـی تـایبەت بە سیســـتەمەکانی زمـــانی نەک تـــایبەت بە یەک تـــوخم، بـۆچی؟ لەبەر ئەوەی پێشـڤەچوونی سیسـتەمی دەنگـی بـۆ نمـوونە واتـایەک یـان لـۆجیکی نـاوخۆیی هەیە، کە پێویسـتە دەنگی مێژوویی زەقی بکاتەوە و دەریبخات. بڕوانە:

N.S.Troubetzkol.la phonologie actuellue, in journal de la psychologie, 1933.

٤ـ نـاکۆکی نێـوان دایکرۆنـی و سـایکرۆنی دروسـت نابێـــت، بەڵکـــو ئەو نـــاکۆکییە لە نێـــوان تـــوێژینەوەیەکی

سنووردار له خاڵێکی قۆناغه مێژووییه‌کان و نێوان توێژینه‌وه‌ی بابه‌ته‌که‌ی دروست ده‌بێت (خاڵی زنجیره‌یی). لێره‌دا وردتر و باشتر وایه بڵێین: توێژینه‌وه‌ی مایکرۆنی (Monochronique) و توێژینه‌وه‌ی دایکرۆنی (Diachronique)، پێویسته جیاوازیش بکرێت له‌نێوان: ئه‌تۆمی سایکرۆنی و ئه‌تۆمی دایکرۆنی (Atomisme diachroniyue) (Atomisme synchronique) و بونیادگه‌ری سایکرۆنی و بونیادگه‌ری دایکرۆنی.

به‌کورتی ده‌ڵێین توێژینه‌وه‌ی دایکرۆنی له‌گه‌ڵ توێژینه‌وه‌ی سایکرۆنی ته‌واوکه‌ری یه‌کتر ده‌بن، ئه‌مه‌ش وا ده‌کات خوێندنی چه‌ند زمانێک ئاسان بێت، ئه‌مه‌ش جاری وا هه‌یه به دایکرۆنی سایکرۆنی ده‌ناسرێت.

**تعاقب المصوتات . به‌دوایه‌کهاتنی نه‌بزوێن .** Graduation

◊ به‌دوایه‌کهاتن گۆڕانێکه ڕووبه‌ڕووی نه‌بزوێنه‌کان ده‌بێته‌وه، گۆڕانی یه‌ک ده‌نگ یان چه‌ند ده‌نگێک دووچاری ڕه‌گی وشه‌یه‌ک ده‌بێت، وه‌ک:

صغیر ← صغیرة ← صغیرات، صغار، صغائر....هتد.

**١. به واتا ته‌سکه‌که‌ی؛** به‌دوایه‌کهاتنی نه‌بزوێنه‌کان به گۆڕانی ده‌نگێک یان کۆمه‌ڵه ده‌نگێکی ڕه‌گێک یان وشه‌یه‌ک

دەوترێــت، کە لەگەڵیــدا گۆڕانێــک لە ئاســتی ناوەرۆکــدا دروست ببێت: ناوەرۆک:

بە زمانی ئینگلیزی Man→ Men

بە زمانی فەرەنسی Homme → Hommes

بە زمانی ئەڵمانی Bruder→ Brüder:

برا ← برایان.

**٢. بە واتا فراوانەکەی؛** بەدوایەکهاتنی نەبزوێنەکان بە هەموو گۆڕانێکی لەناکاوی دەنگی دەوترێت و لەم حاڵەتەدا بەهایەکی مۆرفۆلۆژی (شێوەیی) دەبێت، ئەگەر گۆڕانەکە یان جێگۆڕکێیەکە لە پاشگرەکە نەک لە ڕەگەکە ڕوویدات، وەک:

grise ← gris

کە جیاکــاری نیشــانەی مێینەکەمــان بــۆ دەســتەبەر دەکات:

**(رمادي/ خۆڵەمێشی ← رمادية/ خۆڵەمێشی).**

## تعبير . دەربڕین . Expression

◊ دەربڕین نێوەندگریی هێماکانە (لە هێما و جووڵە و وشــەکان)، ئەویش بــۆ دەرخســتنی ئەو واتایــانەی پێــوەی لکاون. دەبڕین دەرکەوتنی واتاکەیە بە نیشــانە (تێگەیشــتنی

نیشــانەکە)، ئەمەش وا دەخــوازێ خودییــەک لە دووتــوێی نیشانەکاندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی دەقێک یان کارێکی هونەرییەوە بدۆزێتەوە.

١ــــ ئەرکـــــی دەربـــــڕین ئەوەیە، بــــوار بــــدات بە دەستنیشــانکردنی پــێگەی مــرۆڤ، بەو حیســابەی واقعێکــی دەربڕینانەیە **(بە خودی خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات)**: ژیـانی مـرۆڤ هەمـوو لە دەربـڕین و گوزارشـتێکی خـودی پێکدێت.

٢. دەربڕین دیاردەیەکی زمانەوانی دوولایەنەیە:

ا. لایەنێکی خـودی، کە لە مێژووی تـاک و کۆمەڵگـەدا جێگیر دەبێت.

ب. لایەنی بابەتیـانە، بەشـێوەیەک تیایـدا گوزارشـتەکە بابەتیــانە دەبێــت، بە گــوێرەی ئەو توانــایەی هەیەتــی بــۆ گۆڕینی واتای دەوروبەرە زیندووەکەی.

**(جۆرج گیسدۆرف)** پێی وابوو دەربڕین **(دەرچـوونی مــرۆڤە لە خــودی خۆیــدا، ئەویــش بــۆ دەســتەبەرکردنی واتایەک بۆ واقیعەکە)**. بڕوانە:

G.Gusdorf, La Parole, P.U.F, Paris, 1966.

٣ـ دەربڕینەکـە سـەبارەت بە هێمـا بـۆ هێمابۆکراوەکـە جێگیر دەبێت. واتە وشـەکە لە ڕووی مـاددییەوە سـەبارەت

بەو وشـــەی دەدرکێنــدرێن، کەواتە دەربــڕین بەرهەمێکــی بەردەوامی کۆمەڵە نیشانەیەکە دەبنە پێشمەرجی ئەگەری دروســــتبوونیان و ئامرازەکەشـــیان زمـــانەکەیە وەک ئامێرێکی جیاکار.

٤. دوو شت لەیەکدی جودا دەکرێنەوە:

ـ دەربڕینێکی ڕێکوپێک بە مەبەستێک یان ئامانجێکی هۆشـــیارانە، وەک دەربڕینـــی **ڕووخســـارێکی ترســـنۆک، دەستێکی لەرزیو... هتد.**

ـ دەربڕینێکی دەستکردانە یان ڕێککەوتانە، کە پشت بە تۆمـاری کـۆمەڵە نیشـانەیەک دەبەسـتێت، بـۆ ئەوەی توانای گەیاندنی پەیامێکی بۆ دەستەبەر ببێت.

٥ـــــ لە جوانناســـــی یـــان چەشـــــەکارییەکاندا (Esthetiques) دەربڕین ئاماژە بۆ چۆنێتیەکی تـایبەت و جـۆرێکی ڕەســەن و جیاکـاری شـێوازێک لە شـێوازەکان دەکـات (**لای بیفـۆن Buffon شــێواز خــودی مــرۆڤ دەگەیەنێت**)، بە هەمان شێوە ئامـاژە بەو کۆمەڵە ئادگارانە دەکات، کە بینەر و گوێگر یان جەماوەر بەگشتی درک بە شتە جێ مەبەستەکە بکەن، بڕوانە:

M.Merleau-Ponty, Phenomenologie de la Perception, Gallimard, Paris, 1955.

◊ هەمـــــوو زمـــــانێکی نەتەوەیـــــی دەربڕینـــــی زاراوەیی(ئیـدیۆم) (Idiome) تـاییەت بە خـۆی هەیە، کە مەبەست لێی دەربڕینی تاییەتی زمانە نەتەوەییەکەیە وەک زمانی عەرەبی، کە زۆر زەحمەتە بەشێوەیەکی پیتئامێز بۆ سـەر زمـانێکی دی وەریبگێـڕین. بـۆ نمـوونە شـێوەی دەربڕینـی (tournure)، کە تیایـدا دەربڕینـی زاراوەیـی (خـۆجێی، نەتەوەیـی) دەبێـتە حـاڵەتێکی تـاییەتی حـاڵەتە جیاواز و جیاکارییە بونیادییەکانی نێوان زمانەکان.

هەمـوو نەتەوەیەک یـان گروپێکـی نەتەوەیـی یەک زمانیـــان هەیە، کە دەتوانرێـــت ئەو زمـــانە لە چەنـــد پســـپۆڕێتییەکی هەمەچەشـــنەدا بەکاربهێنرێـــت، هەمـــوو تایبەتمەنـدێتییەکیش زمـانێکی (Jargon) خـۆی هەیە، کە خـاوەن زاراوەی تـاییەت بە خـۆین و لەگەڵیـدا گونجـاون، گوزارشـت لـە تایبەتمەنـدێتییەکانی پیشـەیەک یـان کارێـک دەکەن لە ڕێگەی زمانی دایکەوە، بە هەمان شێوە زمـانێکی ڕەمـــەکی هەیە (دیالێکـــت Dialecte)، کە گوزارشـــت لە بـواری جـوگرافی تەرزی ڕۆشـــنبیری کـۆمەڵەی لقەکـان دەکات، کە نەتەوە پێکدەهێنن.

## تعدد دلالي . فرەواتا . Polysemy

◊ ئاخـــاوتن هەڵگـــری واتـــاگەلێکە، هەر وشـــەیەک چەنـــدەها واتـــا لەخۆدەگرێـــت، کە بەکـــارهێنەرانی ڕاســـتی دەکەنەوە و هەمـــواری دەکەن، لەوانەشـــە وشـــەکان لە واتاکانیـــان دابڕێنـــرێن، ئەویـــش ئەگەر بەکـــارهێنەرەکە واتـــایەک بە ئامـــانج نەگرێـــت، بە تـــایبەتی کاتێـــک لە میـــانەی قســـەکانیدا جەخـــت بکـــاتەوە ســـەر دەربڕینـــی (بەبـــێ واتـــا)، واتە بەبـــێ واتـــایەکی خـــراپ، کە لە گروپێکـــی گوتـــاری کۆمەڵیانەدا لێی تێبگەین.

لێرەدا فرەواتایی لە ئارادا دەبێت بە واتـا دێرینەکەی، ئەویش هەر کاتێک لە توانایدا هەبێت کە یەک واتـا کـار لە چەند واتاکراوێکدا بەشدار بێت، واتە هەر کاتێک یەک وشە چەند بەکارهێنانێکی لە ڕووی واتا خوازییەوە هەبێت.

## تعدد ربطي . فرە بەستنەوە . Polysyndetic

◊ فـرە بەسـتنەوە بە گـونجـان و تەبـاییەکی فرەخـواز دەوترێت، کە بەهـۆی ئـامرازێکی پەیوەنـدییەوە (Copule) دروست ببێت، وەک:

Elle a mis pour toujours.

**et** la voile **et** la rame.

## تعریض ـ وڕێنه ـ Preterition

◊ شێوازێکی دەربڕینە، شێوەیەکی ڕوونکردنەوەیە و لەوە پێکدێت کە قسەکەر مەبەستی نییە لەو شتانەی دەیانڵێت، یان لەو شتانەی دەیانڵێت هیچ مەبەست و مەرامێکی نییە لەوەی ئەنجامیان بدات.

## تعسف ـ خراپ بەکارهێنان ـ Abuse

◊ خراپ بەکارهێنان، دەستبەسەرداگراتن.

لە ڕووی زمانەوانییەوە خراپ بەکارهێنان قسەیەکە بە واتایەکەوە بلکێنرێت، کە واتاکەی لە ڕووی ڕوخسارەوە ئاماژەی پێنەکات، ئەم حاڵەتەش لە خراپی ئاخاوتن یان پووچەڵبوونەوەی ئاخاوتنەوە سووکترە.

خراپ بەکارهێنان ئەم خەسڵەتانە دەگرێتەوە:

أـ لادان، گۆڕینی واژەیەکە بەبێ گۆڕینی واتاکەی.

ب ـ هەڵەکردن، گۆڕینی واژە و واتاکەی.

ج ـ داواکردن، واتە بە فێڵ و بە شێوازی پاڕانەوە.

## تعلق معنوي ـ پەیوەندی مەعنەوی ـ Syllepsis

◊ لە ئەنجامدانی گونجانێک بۆ نەگونجانێک پێکدێت، کە بە گوێرەی واتاکە(بیرۆکەکە) دەوترێت نەک بە گوێرەی

شـــێوەی دەربـــڕینەکە، بە پەیوەنـــدی جـــۆر و ژمـــارە و کەسەکە دەوترێت.

لە شـــێوازگەریدا پەیوەنـــدی مەعـــنەوی ئامـــاژە بـــە چـــۆنێتی بەکارهێنـــانی وشـــەیەک لە بونیـــادی واتایەکـــدا دەکات، کە دوو واتا لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە:

**لە ماڵەوە و لەڕاستیدا دەرچوو.**

لێـــرەدا کـــاری (دەرچـــوو)ەکە پەیوەســـتە بە دوو واتاوە، کە یەکێکیان بەرجەستەیە(ماڵەکە)، و دووەمیشیان ڕووتە، کە (ڕاستی)یەکەیە.

**تعيين ـ دیاریکردن .** Denotation

◊ بەرانبەرەکەی گرتنەوەیە.

١ـ دیـاریکردن ئەو کـارەیە، کە ئامـاژە بـۆ بکەرێـک (کەسێک ـ شتێک) دەکات.

٢ـ ئامـاژە بـۆ ئەو پەیوەنـدییە دەکـات، کە لە نێـوان هێمای زمان (Signe) و ئەو شتە ڕاستەقینەیەدا هەیە، کە هێمای بۆ دەکات.

٣ـــ دیـــاریکردن هاوواتـــای فـــراوانە، بەم واتـــایە دیـاریکردن بە کـۆمەڵە مەرامێـک دەوترێـت، کە چەمـکەکە

ئاماژەی بۆ دەکات، وەک دیاریکردنی مرۆڤ **(هەموو ئەو کەسانەی پێشوو و ئێستا و داهاتووش دەگرێتەوە)**.

**تفسيرية . لێکدانەوە .** Glossematics

◊ تیۆرێکی لێکدانەوەیی زمانەوانییە، کە **(لویس هیلمسێلڤ)** دایڕشتووە و پشت بە یاسایەکی ئەزموونگەری دەبەستێت و میتۆدێکی وەسفی بە ئامانجدەگرێت نەک میتۆدێکی دژیەک، یان ڕێگەیەکی گشتگیر.

**(هیلمسێلڤ)** جیاوازی دەکات لەنێوان:

- یەکەی ناوەڕۆک (pleremes).
- یەکەی دەربڕین (Cenemes).

ئەو ڕوونی دەکاتەوە، کە هێما لە چەند پەیوەندییەکی ئاسۆیی و ستوونی پێکدێت، کە هەر ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکان دەکاتە یەکەیەکی ناوەرۆکئامێز و گوزارشتکار لەگەڵ کۆمەڵەیەکەیەکی دیکە لە هەمان ئاستدا.

لێکدانەوەی زمانەوانی لەمانە پێکدێت: پێکەوەژیان، هەماهەنگی، پێکهێنان.

بڕوانە:

L.HJELMSELV, Prolegomenes a une theorie du langage, Minuit, Paris, 1968.

## تقطیع . خاڵبەندی . Punctuation

◊ خاڵبەنـــدی دەق، خاڵبەنـــدیکردنیەتی بە هێماکـــانی نووسـین، کە (عەرەبەکـان بە هێمـای وەسـتان ناوزەدیـان کـــــــردووە)، وەک (جیـــــــاکردنەوە) و (بـــــــڕین) و (وەستان)...هتد. خاڵبەندی (هێماکانی نووسین) لە بواری دەقدا دادەنرێت، کە ئەمانەن:

ـ کۆما ـ وێرگوڵ (،) بە عەرەبی، (,) بە فەرەنسی.

ـ کۆمای خاڵدار (؛)

ـ تەقەڵ (-)

ـ هێمای سەرسوڕمان (!)

ـ هێمای پرسیار (؟)

ـ خـاڵ: هێمـای کـورتکردنەوە: س.پ. (سـەرچاوەی پێشوو) هـ.س. (هەمان سەرچاوە).

ـ هێڵی لار:(/)

ـ نیشانەی ئەستێرە: (*)

ـ کەوانەی بچووک: ()

ـ جووت کەوانەی بچووک: (( ))

ـ کەوانەی گەورە:[ ]

ـ سێ خاڵی دوای یەک : (...)
ـ وەرگرتن: [= =].
ـ شرۆڤەکردن: ( )، [ ].
ـ دەستپێکردنی ئاخاوتن: [.
ـ هێمای هەردوو ئاراستە (خوێندەوە بە هەردوو ئاراستە): ( ⇄ )

**تقعيد اللغة. ميتا زمان .** Meta Language

◊ ميتا زمان، زمانی باڵا

١ـ بابەتەکەی لێکۆڵینەوەیە لە لۆجیکی زمان، واتە تایبەتمەندێتییە ڕووخسارییەکانی زمان. لە زمانی عەرەبیدا بە (علم المقعد) و (الأقعد) ناسراوە، کە لەڕووی زانستییەوە پەیوەندی بە لۆجیک و ماتماتیکەوە هەیە، هەر کاتێکیش داهێنانی زمانەوانیی نوێ بەڕێوەبچێت، ئەوا دەرگایەکی داهێنانی بابەتیانە بۆ لۆجیکی نوێ دەکرێتەوە.
٢ـ میتا زمان (Metalangue) کاتێک دروست دەبێت، کە زمان بۆ وەسفی زمانێک لە پلەی دووەمیدا بەکاردەهێندرێت: کەرەسەکانی وەک بکەر و چاڵی ناو سەر بە زمانێکە، کە لە سەرووی زمانەوەیە.

٣ـ میتا زمان چ (ڕستەسازی یان زمانەوانی) بێ، کاردەکات بۆ شیکردنەوەی زمانە ڕاستەقینەکە، کە بەمانە ناوزەد دەکرێت:

- زبانی بابەت: langue -objet
- یان زمانی بابەت: langage – objet

**تقوية المعنى . بەهێزکردنی واتا .** Litotes

◊ شێوازێکی زمانەوانییە و لە سووککردنی گوزارشتەکە پێکدێت، بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە لە واقیعە نوێیەکەیدا واتایەکی بەهێزتر لەو واتایەی پێشتر ببەخشێت:

**ئەمەش زۆر خراپ نییە.**

**زۆر نایابە.**

**تكرار . ئەنافۆر/ دووبارە .** Anaphora

◊ لەجیاتییەکی دووبارەییە.

١. لەڕووی پێکهێنانەوە توخمی ئەنافۆرەکە ڕێنمایی دەکات بۆ دەوربەری زمانەوانی ( Linguistique Contexte)، کە بەرانبەر دەوروبەری بەڵگەهێنەر یان ڕاپۆرتییە (Contexte Deictique).

**کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە:**

**ئەم کتێبە زۆر جوان بوو.** (ئەم......ە) ئەنافۆرە.

٢- لەڕووی شێوازەوە: دووبارەکردنەوە بە پرۆسەی وتنەوەی وشەیەک یان گوزارشتێک دەوترێت لە چەند دێرە شیعرێکدا یان لە بەرایی چەند ڕستەیەکی بەدوایەکداهاتوو.

٣- دووبارەبوونەوە (Recursivity) پرۆسەی پێکهێنانی ڕستەیە بە بەکارهێنانێکی دووبارەبوونەوە بۆ چەند یاسایەکی دووبارەکردنەوەی نووسینەوە.

بۆ نموونە توخمی (أ) دووبارە بە شێوەی (أ - ب) دەنووسرێتەوە، بەشێوەیەک (أ) دەبێتە توخمێکی زاڵ بەسەر خۆیدا و لە خودی خۆیدا. لەم نموونەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زنجیرە دەستکەوتووەکان ژمارەیەکی بێکۆتاییان هەیە، مادام لە توانای ئەم توخمەدایە (أ) کە هەمیشە و هەردەم لە وشەیەک یان گوزارشتێکی نوێ جارێکی دی بنووسرێتەوە.

**تكلم . ئاخاوتن .** Speking

◊ درکاندنێکی ڕوونە، قسەیەکە، شێوازێکی قسەکردنە.

ئاخاوتن چۆنێتی قسەکردن و درکاندن یان ئەنجامدانی واژە و قسەیە، ئاخاوتنی ڕاست و دروست ئاماژە بۆ شێواز و نایابی ئاخێوەرەکە دەکەن لە بەکارهێنانی زمانێکی ڕاست و دروست یان کارامەیی لە هونەر و تەکنیکەکانی ئەو زمانەدا.

**تکمیل . تەواوکردن .** Completion

◊ ئەنجامدان، بەئاگابوون.

تەواوکردن خەیاڵ لادەبات.

خەیاڵ واهیمە و ئەگەرەکان نییە، ئینجا بە واتای واهیمە یان ڕەوابوون بێت یان بە واتای پێویستبوون و گرتنەوە بێت.

**تلازم . پێکەوەبەستراو/ گونجان .** Appropriateness

◊ بەرانبەربوون، گونجان.

١ـ کاتێک تیۆرێک و سیستەمێکی وێنەیی (شێوە) بوونی دەبێت، ئیتر وا پێویست دەکات لەوە بکۆڵینەوە کە بەیەکەوەنووسان و گونجانێک لە نێوان تیۆر و سیستەمدا بوونی هەبێت.

٢ـ دەتوانین باس لە گونجان و تەبایییەک لە نێوان نموونەکانی شیکردنەوە بکەین، لەگەڵ ئاگاداربوون لە

نەبوونی نەگونجانێکی تەواو، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین گونجـان بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی و بەڕادەیەکـی دیـاریکراو بوونی هەیە.

**تلاعب لفظي . گەمەی واژەیی(یاریکردن بە وشەکان)** . Pun

◊ ڕوویەکی تایبەتە لە ڕووەکانی (گەمەی ئاخاوتن)، کە لە ئەگەری شرۆڤەی دووانەیی، تێکەڵکێشی، یەک دەنگ یان چەند دەنگێک پێکدێت:

**. خيط حرير على حيط خليل.**

**.(فكفك) كفك عن كفي، حتى (أفكفك) كفي عن كفك.**

**تمثل . نواندن** - Representation

◊نواندن.

نوانـدن بەڵـگەیەکە یـان شـایەتحاڵێکە بـۆ ئەو شـتەی دەینـوێنن، بـۆ نمـوونە وێـنەی بیسـتن، دەنگێکـی مـاددی سروشـتی نیـیە، بەڵکـو ئەو مـۆرکە دەروونیـیەیە، کە ئەم دەنگە دەینوێنێت: بە دیاریکراوی دەڵێین ئەو نواندنەیە، کە هەستەکانمان بەرهەمی دەهێنن.

## تناسب . گونجان، سازان . Agreement

◊ ١ـ له ڕووی زمانەوانییـەوە گونجـان سـازانی دوو وشە یان چەند وشـەیەکە بۆ گوزارشـتکردن لە یەک جۆر، ئەمەش یەکسانبوون دەگەیەنێت بە گوێرەی سـازانەکە، کە خـاکیبوونی نێـوان دوو گوزارشـتە، بەهەمـان شـێوەش گوزارشـتکردنە لە پرۆسـەیەکی سـازان واتە یەکسـانبوونی لایەنەکان بۆ گەیشتن بە واتایەکی هاوبەش.

٢ـ بەگشـتی گونجـان پەیوەنـدی بە بـۆنەوە هەیە، لە هەردوو حاڵەتیشـدا گونجـان بە کـۆنترۆڵکردن دەبێـت (Syntactic government: Rection) وێنەی فاکتەرێک (Actant) لە ڕسـتەکە لەژێر ڕکێفـی وشـەیەکی دیکەدایە: **پێش هاتنی.**

٣. زانستی کۆنترۆڵکردن (کۆنترۆڵسازی) ( Science rectrice) زانسـتێکی ئاراسـتەکراوە، ئامـانجەکەی لەگەڵ ئاراستەکەیدایە.

## تناغم صوتي . گونجانی بزوێن ـ Vowel harmony

◊ پێکەوەهەڵکـــردن و گونجـــانی دەنگەکـــان، بە شـێوەیەک دیـاردە دەنگییەکە نەبزوێنـەکان یان بزوێنـەکان دابەشـبکات بەسـەر بڕگەکـانی وشـەکە یـان بەشـەکانی،

دابەشکردنی بزوێنەکان پشت بە (مەرج) و (پابەند) یان (گریمانە) دەبەستێت، بۆ نموونە لە زمانی تورکیدا شێوازی (کۆ) بە خستنەسەری (لر) دروستدەبێت، کە دەخرێتە سەر کۆتایی وشەکە: عسکر + لر = عسکرلر، دیز(سن) + لر = دیزلر، لە زمانی (ڕۆمانی)دا (أل ـ ul)ی ناسراوی دەخرێتە سەر کۆتایی وشەکە: ( ul + Restaurant = Restuarantul )، لە زمانی عەرەبیشدا ناسراوی بە (ال)ی (تعریف) دەستپێدەکات و (کۆ) بە دەنگی زیاد یان بە دەنگی ناوخۆ یان بە لابردنی کۆتایی وشەکە کۆتایی پێدەهێنرێت:

**معارض + ون = معارضون**

**رجل + ا = رجال**

**شجرة - ة = شجر**

**تناسق . هەماهەنگ ـ** Coordination

◊ لە ڕووی پێکهاتەی واتاییەوە، هەماهەنگ تەرزێکە لە تەرزەکانی فراوانخوازی ڕاست و دروست لە ڕووی تۆکمەیی قسە و واتاکەی.

٢- هەماهەنگ پێویستی بە ڕێژەیەکی زۆر لە گونجانی واتاکان هەیە، بۆ نموونە:

ناتوانرێ بوترێت: به هەردوو دەستی و منداڵەکان لێیدا.

دەتوانرێ بوترێت: به هەردوو دەستی و هەردوو پێی لێیدا.

### تنبیر . هێز ـ Accentution

◊ کارەکەی هێزە (Accent)، توندکردنە/ گوشین.

لە ڕووی زمانەوانییەوە بەکارهێنانی نیشانەی وێنەییە (Signes graphiques)، بە تایبەتی وەک ئەو هێزانەی لە سەرووی بزوێنەکانن لە زمانی فەرەنسیدا، ئەمەش بۆ ئاماژەکردن بە ئادگارە جیاکارەکانی:

- accent aigu = é
- grave = è
- surconflexe = ê

ئەم توندکارییانە پیتی بێدەنگ (amuie)زیاد دەکرێت، هەروەک لە وشەی (Goût) (ذوق)دا بەدیدەکرێت.

### تنکر ـ خۆگۆڕین/ شێواندن ـ Mimic

◊ دەتوانرێت به جووڵەکانی جەستە و جۆرەکانی گوزارشت بکەین. شێواندنی مرۆڤ به گرنگترین

شێوازەکانی ئاکار هەژمار دەکرێت ـ ڕێچکەی لاسایکار و چاولێکەریی، لەم حاڵەتەدا خۆگۆڕین ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، خۆگۆڕین بە شێواندن یان لێتێکدان ئەنجام دەدرێت، ئەمانەی خوارەوەش چەند شێوازێکن ئەم حاڵەتە:

١- شێواندنی هێرشبەرانە: Mimetisme offensif

٢- شێواندنی خۆپارێزی (بەرگریی): Mimetisme protectif

٣- شێواندنی ناوی: Mimietisme nominal

٤- شێواندنی خودی: Automimetisme

٥- شێواندنی جلوبەرگ (لێتێکدان): Mimetisme vestimentaire

٦- شێواندنی زمان: Mimetisme du langage

٧- شێواندنی ئاینی: Mimetisme religieux

**٨ـ شێواندنی سیاسی** Mimetisme politiqua

- C.F.Tanios El - HAGE, Le mimetisme humain, publ. de. Universite Libanaise, (XII), Bey. 1982.

## تنغیم . ئاواز ـ Intonation

◊ هێـــزە، ئـــامرازی دەنگـــە، دەوازەی دەنگییـــە، سرووودخوانییە.

١ـ ئاواز گوزارشتە لە لەرەیی ژێیەکانی دەنگ، کە چەمینەوەیەکی ژێیانەی لێدەکەوێتەوە، یان ئەوەی چینێکی دەنگی تەواو دەبەخشێت.

٢ـ لە میانەی پڕۆسەی بزوێنەکان، زنجیرەی دەنگی بەگـویرەی گۆڕانەکـانی چینەکـانی دەنـگ بەڕێوەدەچێـت (بەرزبـوونەوەی دەنـگ)، هەنـدێک لەم گۆڕانـانە لە چەنـد بڕگەیەکدا ئـاوێتە دەبـن و لەم کـاتەدا هێزێـک (Accent) دەگێـڕنەوە، گۆڕانەکـان یـان هەمەچەشـنەکانی دی لەگەڵ ڕستەی تەواو ئاوێتە دەبن و لەم کاتەدا دەربارەی (ئاواز) یان (چەمانەوەیەکی ئاوازیانە) دەگێڕنەوە، کە هەڵکشـان و داکشانی تیایدا بەدیدەکرێت:

**ـ ((دەستێک بە تەنیا چەپڵەی پێ لێ نادرێت؟ کەچی ئەو دەستە بەسە بۆ ئەوەی ڕووناکی خۆرمان لێ بگرێت، ئەو دەسـتە بەسـە بـۆ نووسـینی نایـابترین کتێـب، و بـۆ کێشـــانی جـــوانترین تـــابلۆ و دروســـتکردنی خۆشـــترین موعجیزە! )).**

## تهكمية. گاڵتەجاڕیی ـ Parody

◊ لاسـاییکردنەوەیەکی گاڵتەجـاڕیی، بەکەمزانـی، قەشـمەرجاریی؛ کە نووسـەرێکی بـواری گەپ (Parodiste) دەینووسێت، لەوانەشە نووسینێکی جددی بێت، گاڵتەجارییەکەش هەموو کتێبەکە بگرێتەوە چ لەڕووی شـێوە و چ لەڕووی نـاوەڕۆکەوە: گاڵتەجـاڕییەکەی (ئەرستۆڤان) لە کۆنەوە لە کتێبە کۆمیدییەکانی لە شاعیرە تراژیدییەکانە.

١ـ گاڵتەجاڕیی ـ گەپبازی پشت بە سووکایەتیکردن بەو شتانە دەبەستێت، کە سووک نین و سەنگینن (گۆڕینی جددییەکان بۆ گەپجاری، گۆڕینی داستانەکان لەڕووی کاریکـاتێرەوە، گـۆڕینی مەرگەسـاتەکان لەڕووی بەزمەساتەوە، ...هتد. هەروەها نووسینی گاڵتەجاڕیانە خاوەن نیگارکێشانێکی شێواندنئامێزن (کاریکاتێرین)، وەک بۆ نموونە پاڵەوانێکی تراژیدی دژ بە بۆق و مشکەکان بجەنگێت.

٢ــ نـابێ سـوکایەتیکردن و بەرهەڵسـتکاری تـێکەڵ بکرێن:

ـ سووکایەتیکردن یان نووسینی گاڵتەجاڕییانە باس لە بابەتێکی دیاریکراو دەکات و بەهایەکی ڕەخنەئامێزی هەیە.

ـ بەرهەڵستکاری باس لە شێواز دەکات بەگشتی و تەنیا چەند زرنگیەکی نووسەرەکە و چەند عەیب و عارێکی کەسانێک بەدەردەخات.

**تواتر . کەڕەت ـ** Frequency

◊ چەند کەڕەت لە تاکەوە هاتووە، یەک/ تاک/ یەک تاک، بەرانبەرەکەی (جووت)ە.

١- کەڕەت لە زماندا ئەو ژمارەیەیە، کە لە چەند دەرکەوتنێکەوە(Occurences) دەستماندەکەون، کە یەک خەسڵەتیان هەبێت.

٢- بەگشتی کەڕەت دووبارەکردنەوەی یەکێکە، بەردەوامییەکە لەوەدایە کە چەند جارێک دووبارە ببێتەوە.

**تواصل ـ پەیوەندی/ وابەستەکی ـ** Communication

◊ ڕاگەیاندنە، پەیوەندییە، ئاڕاستەکردنی گوتارە، قسەکردنە لەگەڵ یەکتردا، گەیاندنە، بنەمای ئەم پەیوەندییە بەکارهێنانی کۆدێکە بۆ ناردن و گەیاندنی نامەیەک.

١. پەیوەندی زمانەوانی ئاماژە دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی هێماکان لەنێوان دوو کەس، یان لەنێوان تاکێک و کۆمەڵە کەسێکی دیکەدا، یان لەنێوان دوو کۆمەڵە کەسدا، کەچی ئاژەڵان زمانێکی ڕاستەقینەیان نییە قسەی پێ بکەن، ئەوا بە هێما و چروکەکان و هاوارکردن لەیەکتر دەگەن، چونکە ئەو هێمایانە واتای ورد و دیاریکراو دەبەخشن.

٢. زمانی مرۆڤ هەڵگرێکی جیاکاریی پەیوەندییە، لەم زمانەدا پەیوەندیکردن و گەیاندنی واتاکان بەو گوزارشت و دەربڕینەوە وابەستەکی هەیە، کە واتای گواستنەوەی ناوەڕۆکی گوزارشتکردنەکە دەبەخشێت لە کەسی بکەرەکەوە بۆ وەرگرەکە (خۆ وەرگرەکەش بەهەمان شێوە بکەرێکی دیکەیە بۆ وەرگرتنی نێردەرەکە، کە لە بکەرەکەی یەکەمەوە دەردەچێت.)

٣. لە ئاستی ئەزموونی گفتوگۆکردن لە نێوان (من) و (ئەوی دی)، پەیوەندیەکی هەڵاوەگێڕ لە نێوان هەردوولا دروست دەبێت:

أ ــ هەر کاتێک گوزارشتکردن بۆی بێت، ئەوا پەیوەندی هەڕەمەکی دەبێت.

ب ــ هەر کاتێک گوزارشتکردنەکە ئاسایی بێت، پەیوەندی ئاسان دەبێت.

٤ـ شـيكردنەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئەنـدامانی کـــــۆمەڵ وا دەخوازێــــت ئــــاڵوگۆڕە گوتارییەکــــان هەڵبوەشـێنرێنەوە و بکـرێنەوە چەنـد یەکەیەکـی پەیوەنـدی نێردەیی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دی و لەویشەوە بۆ هەموو کـــۆمەڵەکە. لە بـــواری تـــوێژینەوەی شـــوێنەوارەکـــانی پەیوەندی گفتوگۆیانەدا پێویستە ئاگامان لە کاریگەرییەکانی ڕاگەیانـدن (publicite) و پڕوپاگەنـدە (propagande) هەبێـت، هەروەهـا شـارەزای کـارایی لۆجیـک و ڕاسـت و دروستی بەڵگە و پاساوەکانیان بین.

٥ـ پێویســتە دوو پێکهـاتەی پەیوەنـدی پـێچەوانە لە یەکتر جودابکەینەوە:

أـــ پێکهـــاتەیەکی هەمـــاهەنگی: هەمـــوو کەســـێک زانیارییەکـــانی خـــۆی ئاڕاســـتەی ئەوانـــی دی دەکـــات، هەمووشیان لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک.

ب ـ پێکهـاتەیەکی چـڕ: تاکەکـان زانیاریەکانیـان بـۆ یەکێکیـــــان دەنێـــرین، بـــــۆ ئەوەی چـــــڕ بکـــــرێن و چارەســـەرییەکەیان بـــدۆزرێتەوە، پاشـــان بە وانـــی دی ڕابگەیەنێت (ڕاگەیاندن).

**تورية ـ میتافۆر / خوازە ـ** Metaphore

◊ گۆڕین، خواستن.

١- شـــاردنەوە لەڕووی ڕوونبێـــژییەوە جـــۆرێکە لە جۆرەکانی بەراوردکاری کورت یان شوبهاندنی پوخت و کورت، کە لە گواستنەوەی واتا پێکدێت (بەکارهێنانی تاک بەشـێوەیەکی خـودی لە تـاکێکی ڕووت و ڕەهـاوە یـان پێچەوانەوە).

٢- خوازە، ئەنجامدانی بەراوردکارییەکە لەنێوان دوو کەس یان دوو بارودۆخدا:

**ڕەوانی گوتاربێژیی هەڵقوڵاوی ئاخاوتنەکەیەتی.**

٣ـــ شـــاردنەوەی جێگـــۆڕکێی ( periphrasis, preiphrase) لە بـواری شـێوازگەرییدا ئامـاژە دەکـات بە بەکارهێنـانی دوو وشـە یـان چەنـد وشـەیەک لەجیـاتی یەک وشـە:

**شانشینی نبتۆن لەجیاتی دەریا.**

٤ـ لەڕووی زمـانەوانییەوە، شـاردنەوە شـێوازێکە بـۆ کاڵکردنەوەی بیرۆکەیـەکی ورژێـنەر و تونـدوتیژ، کە پشـت دەبەستێت بە بەکارهێنـانی گوزارشـتێکی سـووک و خـۆش، کە لۆفەیەک (سووڕانەوەیەک) لەخۆدەگرێت:

**وەک ئەوەی بە کوێرێک ناوترێت کوێر، بەڵکو پێی دەوترێت نابینا، هەروەها بە درۆزن ناوترێت (درۆزن)، بەڵکو پێی دەوترێت قسەکانی ڕوون و ورد نین.**

بەڵام کاتێک هەست و نەستەکانی خۆپاریزیی یان دووڕوویی دەبێتە یاساغی زاراوەیی، ئەوا لەم حاڵەتەدا حەرامە زمانەوانییەکان (interdits Linguistiques) و تابوو (Tabous) بەرەنگارمان دەبێتەوە.

### تو‌زيع . دابەشبوون ـ Distribution

◊ لە ڕووی زمانەوانییەوە دابەشبوون کۆمەڵە بوارێک یان چوارچێوەگەلێکە، کە لە میانەیدا دەتوانین یەکەیەکی دیاریکراومان دەستبکەوێت: کە بە ڕستەسازی دابەشبوون هەژماردەکرێت.

١ـ دابەشبوون چەمکێکی بنەڕەتییە لای (لیۆنارد بلۆمفلید L.Bloom Field) و زمانەوانەکانی دی، کە لەدواییدا هاتن، شێوازی دابەشبوون و هەڵوەشێنەریان پەیڕەوکرد و کەمتر شتەکانیان حەواڵەی واتاکان دەکرد.

٢ـ چەمکەکانی دابەشبوون و بوار یان دەوروبەر پەل دەکێشێت بۆ پێکهاتەی ڕاستەوخۆ، لێرەدا ئەنجامدانی بەراوردکاری بە مەرامی ناوخۆیی جودا جێی مەبەستە.

٣ـ ئەو زمانەوانەی بە دابەشبوون ناوزەد دەکرێن، لەوانە (هـــــاریس) (Z.S.Harris)، کە یەکـــــێکە لە دابەشبوونەکان.

## توسيع . فراوان ـ Expansion

◊ فراوانExpansion .

١ـ فراوان بریتییە لە هەموو توخمێک بخرێتە سەر قسەکردن، ئیتر پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان توخمەکان لە بنەڕەتەوە هەموار ناکرێن و ئەرکەکەشیان گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە دوای زیادکردنی توخمێکی نوێ بۆ سەر توخمەکانی پێشوو پێی دەگەین.

٢ـ فراوان بە شێوازی جێگۆڕکێی بەکارهێنراوەکان لە شیکردنەوەی پێکهاتە ڕاستەوخۆکان دەوترێت: فراوانکردن جۆری ئاخاوتن ئەو پێکهاتانەن، کە بۆیان هەیە جێی یەک یەکەی خوێندراو لە هەمان بواردا بگرنەوە:

◊ **سەگی سپی بچووک**

**(سپی) و (بچووک) فراوانکردنی وشەی (سەگ)ە.**

دەشتوانین لێرەدا چەمکی وشەکە فراوانتر بکەین و بڵێین:

◊ **سەگە سپیە بچووکەکەی دراوسێکەمان هەمیشە دەوەڕێ**، لەم حاڵەتەدا گوزارشتی (دراوسێکەمان) و (ئەو سەگەی هەمیشە دەوەڕێت) بە فراوانییەکی هێمایی بۆ وشەی (سەگ) هەژمار دەکرێت.

**توفر ـ دابینکردن(دەستەبەر)ـ** Disponibility

◊ ئامادەیی، ئامادەگی، ئامادەسازی، دەستەبەر.

١ـ جیاکارییەکی زمانەوانی لەنێوان ئەمانەدا دەکرێت:

زاراوەیەکی کارپێکراو(بەدوایەکهاتوو : Frequent)

و زاراوەیەکی هەبوو (دابینکراو: Disponible)

٢ـ زاراوە کارپێکراوەکە پشت دەبەستێت بە هەڵهێنجانی ئەوانەی بەدوایەکهاتوون لە تێکڕای ئاخاوتنە باوەکان، کەچی زاراوە دەستەبەرەکە پشت بە سنووردارکردنی ئەو وشانە دەبەستێت، کە کەمتر بەکاردەهێنرێن و پرۆسەی بەکارهێنانی بەدوایەکهاتووەکەیان کەمترە کە قسەکەرێک بەکاریان دەهێنێت.

## تولید ـ نوێباو ـ Neologism[1]

◊ نوێباو/ لەدایکبوو.

١ـــ بەگشـــتی نوێبـــاو ئامـــاژە بە وشـــەیەک یـــان گوزارشتێک دەکات، کە لە زماندا بوونی نەبووبێت، بەڵام لەم سەردەمەدا بەکاربهێنرێت.

٢ـ وشـەیەکی تـازە لە توخمەکـانی هەمـان زمـانەوە لەدایکبووبێت، بە هەمان شێوەش لە زمانێکی عەجەمی یان زمـــانێکی بێگـــانەوە وەردەگیرێـــت، کەچـــی لە شـــێوە بنەڕەتییەکەی بە نموونە وشـەی(تەلـەفزیۆن) یان لە شێوە هەموارکراوەکەی بە نموونـە وشـەی(بوتقە)، کـە لە وشـەی بودقەی فارسییەوە هاتووە.

٣ـ نوێبـاو هەمـوو واژەیەک، کـە لە بنجـدا عەرەبییـە، پاشـــان خەڵکەکـــە لادانێکیـــان دووچـــاری کـــردووە بە زیـــادکردنی (هەمـــزە)یەک یـــان (تـــەســـکین)ێک یـــان (بزوێن)ێک.

٤ـ نوێبـاو و لـەدایکبوونی واتـا: ئامـاژە بـۆ وشـەیەک دەکات، کە لە بنەڕەتەوە لە زمانی نەتەوەیەکدا (Idiome)

---

[1] ـ Neologism ئەم وشـەیە لـە بنەڕەتدا وشـەیەکی گریکییـە و لـە دوو بەش پێکدێت، (neos) و (logos)، کـە بـە واتـای واژەی نـوێ یان وشەی نوێ دێت.(وەرگێڕ).

بـــوونی هەیە، بەڵام ئێســـتا بە واتـــا و واتـــایەکی نـــوێ بەکاردەهێنرێـــت، لـــەدایکبوونی واتـــا دیـــاردەیەکی شێوازئامێزە، کە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی وشەیەک یان گوزارشتێک جگە لەو واتایەی لە بنجدا بۆیان دانراوە، لەدایکبوونی واتا ئاماژە دەکات بۆ دروستکردنی واتایەکی دی قسەکردن، بە شێوەیەک مەرامە مەعریفییەکە کارێکی زمانەوانی داهێنەرانە بێت.

# ث

## ثنائي . دوانەیی ـ Paire

◊ جووتە(دوانە)، دوو سەرە.

هەر شتێک دوو نوک یان دوولا یان دوو ژێی هەبێت، ئەوا بە دوانەیی دادەنرێت و لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت(شفع).

١ـــ دوانەیی نووک (Binarism) بە هەموو شێوازێکی شیکاری دەوترێت، کە پەیوەندیی یەکەکان بە پەیوەندییەکی دوو نووکی ـ دوولایی ببەستێتەوە.

٢ـ دوانەیی زمان(Bilinguism) قسەکردن بە دوو زمان بۆ نموونە وەک (عەرەبی و فەڕەنسی)، هەروەها دوانەیی زمان (Bilinguiste) بەو کەسە دەوترێت کە ئەم سیستەمە دوانەییە بخوێنێت. هەروەها دوانەیی زمان (Bilinguistique) بەو کەسە دەڵێن کە بە دوو زمان قسە دەکات، فرەزمانیش بەو کەسانە دەوترێت، کە بە چەند زمانێک قسە دەکەن ( :Multilinguisme plurilinguisme).

بــرٍوانه: جولييــت غارمــادي: اللســانة الأجتماعيــة، تعريب: خليل أحمد خليل، دار الطليعة، بيروت.

# ج

## جذر ـ ڕەگ ـ Root

◊ لە زمانـــــــەوانیی مێژوویـــــــدا زاراوەی ڕەگ بە وەسـفکردنی وشـەگەلێک دەوترێـت، کە پاشـگریان لەگەڵـدا نەبێـــــــت، ئەم وشـــــــانە بە ڕەگ (mots - racines) هەژماردەکرێن.

١ــ ڕەگــی سـەربەخۆ هەروەک لە وشــەی (mur)دا هــاتووە جیــاوازی هەیــە لەگەڵ ڕەگــی لکــاو هەروەک لە حاڵەتی (Struc) لە وشەی (Destruction)دا هاتووە.

٢ـ بە واتـایەکی بنجی، (ڕەگ) یـان (Radical) بەو بەشــە ناوەنــدییەی وشــەکە دەوترێــت، کە پــاش لابردنــی پاشگرەکان دەمێنێتەوە، هەروەک لە وشەی (Arrivons)دا تێبینی دەکەین، کە ڕەگە بنجییەکەی (Arriv)ە.

٣ـ هەنـدێک لە ڕێزماننناسـان بـاس لە (ڕەگ) دەکەن، ئەویـش کاتێـک تـوخمە بەدەسـتهاتووەکە وشـەیەک بێـت لە زمانــدا، وەک (tour) لە کــاری (entourer)، هەروەهــا بــاس لە ڕەگێــک دەکەن کاتێــک تــوخمە بەدەســتهاتووەکە بوونی هەبێت، وەک وشەی (aim) لە (aimable).

٤ــ ڕەگەکــان (paradigm: paradigmes) یــان شێوازەکانی وشەسازی لە بواری زمانەونیدا بە پێکهاتەی یەکەکان دەوترێت، دروستکراوە لە بەربوونەوە لە یادگەی قسەکەرەکەدا.

٥ــ دەکـرێ پەیوەسـتدارەکان بە بنجـی ئەم کەوتـنە بەسترابێتەوە:

ـ یـان خـاوەن سروشـتێکی دەنگـی بـن (فێرکـردن/ زانستگر)

. یان خاوەن سروشتێکی واتایی/ واژەیی (فێرکردن/ پەروەردە).


. یان خاوەن سروشتێکی دەنگی/ واتاییانەیان هەبێت بەیەکەوە (فێرکردن: ئێمە دەزانین).

٦ــ پەیوەسـتە ڕەگیەکـان و پێکهێنـەکان لەگەڵ دوو شێوە لە شێوەکانی چالاکی مێشک دەسازێن:

أــ شـێوەی یـەکـەم بونیـادێکی کـۆکەرەوانەی هەیە (کەوتن).

ب . شـێوەی دوومیش خـاوەن بونیـادێکی هێڵکارییە، کە گەڕانەوەی نییە.

زمانـــــەوانان ئەم دوو شـــــێوەیە بە دوو تەوەری سنووری ڕووندەکەنەوە:




بەکورتی ڕەگ نموونەیەکە ئاماژە بە هەموو ئەو یەکە زمانیانە دەکات، کە لەگەڵ یەکدیدا لە یەک بواریکی زمانەوانیدا جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت، لە پاشان دێت یان لە حاڵەتی بەرانبەربوونەوە یان لە حاڵەتی جێگۆڕکێدان.

**جملة . ڕستە ـ** Sentence

◊ گوزارشت یەکەیەکی تەواوە بۆ دەربڕین، کە لە چەند ڕستەیەکی تەواو (proposition) پێکدێت:

١. ڕستە یەکەیەکی واتادارە لە ڕێزمانی قوتابخانەدا و دەچێتە ناو پێکهاتەی ڕستەوە لە زنجیرەی ئاخاوتن یان زنجیرەی گوتاردا.

٢ـ ڕستە لە خودی خۆیدا بۆ ئیرادەی هەریەک لە قسەکەران دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بەو پێکهاتانەوە هەیە،

کە کەسـی قسـەکەر خوازیـاری ئەنجامـدانێتی، ئەویـش لە دەستپێکی هێماکان یان نیشانە زمانییەکان.

**جناس- ڕەگەزدۆزی .** paronomasis

◊ ڕەگەزدۆزی (paronymie)، وەکـــــیەک یــــــان هاوشێوە.

وشە ڕەگەزدۆزەکان وشـەیەکن خـاوەن درکاندنێکی هاوشــێوەن، بەڵام واتاکانیـان جـودایە (أری قـدمي/ أراق دمي).

# ح

## حاد . دیاریکراو/ دەستنیشانکراو ـ Determiner

◊ سـنوور، دیـاریکراو، بەرانبەرەکـەی دیاریکەر (Determine).

١ـ دیـاریکراو، بەرانبـەرەکەی دیاریکـەرە (Determine) وەک (الصـفة/ ئاوەڵنـاو) سـەبارەت بە (الموصوف/ ئاوەلێنراو): مرۆڤ عەقڵە؛ عەقڵ دیاریکراوە و مرۆڤیش دیاریکەرە.

٢ـ دیاریکراو ئاماژە بە چینێکی ڕستەسازی دەکات، کە پێناسـە و ئاماژەکـار و ئامـاژەبۆکراو و حەواڵەکراوەکان....هتد دەکات.

بـۆ نمـوونە لە بـواری زمانەوانیـدا (کـار)ی (قـرأ/ خوێندی) دیاریکراوە و (الکتاب: پەرتوکەکە) دیاریکەرە:

**کتێبەکەم خوێندەوە.**

**ئەم کتێبەم خوێندەوە.**

**ـ کتێب ـ ی .... خوێندەوە.**

**هەموو کتێب ـ ی ..... خوێندەوە.**
**هەموو کتێبەکەم خوێندەوە.**

**حال ـ دۆخ ـ** Gerundive

◊ حاڵەت، بونیادێکە لەسەر دۆخ.

دۆخ ئەو شـێوە واژەیەیە، کە گوزارشـت لە کارێـک دەکـات لە ئـارادایە و لە ڕستەسازیشـدا ئامـاژە بە نـاوی بکەرەکە دەکات.

**حبسة ـ ئەفاسیا/ تەتەڵە ـ** Aphasia

حـاڵەتێکی شـڵەژاوییە لەسـەر زمـانی تووشـبووەکە دەردەکەوێـت، تەتەڵەکردنـی زمـان پەیوەنـدی بەم هێمـا واژەییـانەوە هەیە، بـۆ نمـوونە: (س+ ش)، هەروەهـا پەیوەندی بە تێنەگەیشتنیان هەیە بە شێوەیەکی ڕاست و دروسـت، سـێ جـۆرە تەتەڵەکـردن لە ئـارادا هەن، کە ئەمانەن:

(أ) تەتەڵەکـردن لە دەربـڕین یـان گەیانـدن، وەک تەتەڵەکردنی پرۆگرامی دەنگ و تەتەڵەکردنی پێکهاتەیەکی شڵەژاو و تەتەڵەکردنی پرۆگرامی ڕستەکان.

(ب) تەتەڵەکردن لە وەرگرتن یان پێشوازیکردن، یان شڵەژانی ئەو هەستەوەرانەی هێما واژەییەکان وەردەگرن.

(ج) تەتەڵەکردن لە یادگە یان لەدەستدانی یادگەی هەندێک هێما و وشەکان، بەتایبەتی ناوی کەسەکان، وەک شڵەژانی هاوشێوەیی و دراوسێی و جووتبوون لە نێوان پیت و وشەکان.

**حذف اخر كلمة. لابردن/ لابردنی کۆتایی وشە .** Apocopation

◊ کردەیەکی زمانەوانییە و پشت بە پەراوێزخستنی یەکەیەکی دەنگی یان چەند یەکەیەکی دەنگی لە کۆتایی وشەکاندا دەبەستێت، وەک لە زمانی فەڕەنسیدا دەوترێت:

(Ciné) لەجیاتی (Cinéma) یان (Cinématogrophie) بەکاردەبرێت.

(Photo) لەجیاتی (Photographie) بەکاردەبرێت.

(Taxi) لەجیاتی (Taximétri) بەکاردەبرێت.

(Encore) لە شیعردا لەجیاتی (Encore) بەکاردەبرێت.

هەروەها لە زمانی عەرەبیدا دەوترێت:

(لم یک) لەجیاتی (لم یکن) بەکاردەهێنرێت، کە لە بنجدا (یکون)ە.

## حذف الصائت . لابردنی بزوێن . Elision

◊ لابردنی پیتی (بزوێن) یان پرۆسەی ئاوێتەکردنی هەندێک بزوێن لەناو یەکدیدا، یان لابردنی بزوێنی کۆتایی لە وشەیەکی دانراودا بەرانبەر بە وشەی دووەم، بە بزوێنی وەک (a,e,i) دەستپێدەکات، و نەبزوێنی (h) و گۆڕینی بە ناوبڕێک (Aposhophe):

E-A: Le Ami → L'ami

E-I : Ce que Il → Ce qu'il

A-A: La Autre → L'autre

I-I : Si Il vient → S'il vient

E-H: Le Homme → L'homme

A-E:La École → L'école

E-E: LeÉLéve → L'éléve

## حذف مطلع الكلمة ـ لابردنی سەرەتای وشە ـ Aphaeresis

◊ واتای پەراوێزخستنی فۆنیم (phoneme) دەگەیەنێت، واتە لابردنی فۆنیمێک یان چەند فۆنیمێکی سەرەتای وشەکە، هەروەک لەم وشەیەدا دەردەکەوێت کە

وشـــەی (Scopie) لەجیــاتی وشـــەی (Radioscopie) بەکاردەهێنرێت.

**حشو . زیادە، بێسوود، بێکەڵک .** (Padding) Expletion

◊ وشەیەکی زیادەیە، پێویست نییە (Mot explétif)، وشە بێسوود و زیاد دەبێت لە کاتێکدا پێویست نەبێت و واتای گوزارشتەکە پێویستی پێی نەبێت و هیچ بەهایەکی بەسوود و تایبەتی هەڵنەگرتبێت.

لە بـــواری زمانەوانیـــدا زیـــادە بە پرۆســـەی دووبـارەکردنەوەی وشـــەیەک دەوترێـت، کە یەک واتـای هەبێـت، ئەم زیـادەیە بەهـایەکی شـێوازگەرایی هەیە، بەڵام بەهایەکی مەعنەوی نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی بەسوود و پێویست ناخاتە سەر گوزارشتەکە.

هەندێک لە سەرچاوەکانی زیادەی ئاخاوتن ئەمانەن:

. ئارەزووی قسـەکەر لە جەختکـردنەوە: وەک ئەوەی بڵێیت (لقد ذهب و لقد قال) لەجیاتی (ذهب و قال).

ـ نەزانـی قسـەکەرەکە یـان نووسـەرەکە بە زانسـتی ئیتمۆلۆژی.

-خراپ بەکارهێنـانی پرۆسـەی ئاخـاوتن: بە ئەحـمەدم وت و ئەحمەد بە منی وت.

## حقل معجمي ـ کێڵگەی فەرهەنگی ـ Lexical field

◊ زمانەوانان جیاوازی لە نێوان کێڵگەی فەرهەنگی و کێڵگەی واتایی دەکەن، هەروەها جیاوازی دەکەن لە نێوان هەردوو کێڵگەی واتایی و کێڵگەی بەکارهێنان (بەکارهێنان واتاکان زیندوو دەکاتەوە و دەشیانمرێنێت).

١ـ کێڵگەی فەرهەنگی گرنگی بە هەموو ئەو وشانە دەدات، کە ئاماژەیەکی واتایی بۆ یەک کەرتی واقیعەکە دەکەن.

٢ـ کێڵگە واتاییەکە گرنگی دەدات بە زانینی وشەیەک کە چەند شێوازێکی فرەچەشنی بەکارهێنان وەربگرن.

٣ـ کێڵگەی بەکارهێنان بواری زمانی زیندووە، کە بە بەردەوامی لەگەڵ کێڵگە واتاییەکە یەکناگرێتەوە و بە گشتیش لە کێڵگە فەرهەنگیەکە دەترازێت، ئەویش بەهۆی ئەو وشە تازانەی بەرهەمی دێنێت و بەهۆی ئەو واتایانەی دایدەهێنێت یان ئەو واتایانەی جیان لەو وشە فەرهەنگیانەی باون و بەکارهێنراون.

**حمل- دانە پاڵ . Attribution**

◊ دانەپاڵ، گێڕانەوەی شتێک بۆ شتێکی دی، دانەپاڵی وشەیەک بۆ واتای وشەیەکی دی، **کتێبی مامۆستاکە.**

١ــ دانەپــاڵ یەکێتــی نێــوان دوو شــتی جیــاوازە لە چەمــک، ئەویــش بە گــوێرەی شــوناس و مــاهیەت یــان بەگوێرەی خود.

٢ــ (ابـو البقـاء الكفـوي) لە کتێبـەکەی خۆیـدا بە نـای (الكليات) ئەم دوو شتە لەیەک جیادەکاتەوە:

أـ دانەپـاڵی ڕاسـتەقینە: مەبەسـت لەم جـۆرە دانەپـاڵە ئەوەیە، کە شتەکە هەڵگری بابەتێکی ڕاستەقینە بێت.

ب. دانـەپاڵی داتاشـین: ئەمـە واتـای دانـەپاڵی هەڵگری ناڕاسـتەقینە دەگەیەنێـت، بەڵام هەروا دەدرێـتە پـاڵی: وەک سپێتی سەبارەت بە مرۆڤ، ئەم مـرۆڤە سـپییە، ئەوی دیکە ڕەشتاڵەیە..... هتد.

# خ

**خطأ املائي . هەڵەی ڕێنووس .** Fault

◊ لادان، لادان له نووسین.

١ـ هەڵەی ڕێنووس له بواری ڕێزمانی ستانداردا به جۆرێـــــک له جۆرەکـــــانی هەڵەکـــــردن له نووســــــیندا هەژماردەکرێت، هۆکارەکەشی نووسینی پیتێکه له شوێن پیتێکی دیکه:

**ـ (یزهر) لەجیاتی (یظهر).**

**ـ (Résoud) لەجیاتی (Résout)**

٢ـ هەڵەی بونیاد (barbarism, Barbarisme)، واتـــای داهێنـــان یـــان دروســـتکردنی چەنـــد شـــێوەیەک دەگەیەنێت، کە له (بونیادی زمانەوانیدا) بوونی نەبێت:

ـ بەکارهێنانی (في هکذا قول) لەجیاتی (في قول کهذا).

ـ وتنی (إذ أنه یقول أن) لەجیاتی (إذا إنه یقول إن).

**بەکــورتی:** ئەو هەڵەیەی لە بــواری بونیادگەریــدا کـراوە یـان هەڵەیەکـی نەکـراوە لەسـەر ئاسـتی نووسـینی ڕێنــووس (جــاءني رجلــين) لەجیــاتی (جــاءني رجــلان)، هەروەها ئەمە ئەو هەڵانە ناگرێتەوە کە لەسەر ئاستی واتا یان واتاسازیدا ئەنجام دەدرێت.

## خطاب . گوتار . (Speech) Discourse

◊ لە زمـانی عەرەبیدا گوتـار ئەو قسـەکردنەیە، کە بە مەبەســتی تێگەیانــدن دەوترێــت، هەروەهــا گوتــار ئەو واژەیەیە کە لەنــاو خەکڵــدا دانــراوە و مەبەســت لێــی تێگەیاندنی ئەو کەسانەیە، کە ئامادەن لێی تێبگەن.

١ـ گوتار وشـەیەکە یـان ئاخـاوتنێکە: کۆمەڵە بڕیار و یاسا و ڕێسایەکی پەیوەست بە زنجیرەکردنـی ڕسـتەکان و هـزر و بیرەکـانە، یـان بە دوایەکـداهاتنی گوزارشـتەکانە لە پرۆسەی ئاخاوتندا، کە واتای (ڕاگەیاندن Énonciation) دەگەیەنێت.

٢ـ گوتار ئاماژە بە جۆرێکی تایبەتی ئاخاوتن دەکات، کە بەرانبـەر بە نووسـینە. هەڵوەشـاندنەوەی گوتـار واتـای هەڵوەشاندنەوەی ئاخاوتنی وتراو یان نووسراوە.

# د

## دال ـ هێما ـ Signifiant/Meaning

◊ تیۆرە زمانەوانییە کلاسیکیەکان زمان بەوە پێناسە دەکەن، کە هێمایەکی وشەکان ئاماژە بۆ شتەکان دەکەن، (فردیناند دی سۆسێر) لە کتێبەکەیدا کە ناوی (کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی)یە بەوە پێناسی دەکات، کە هێما یان ئاماژەی زمانی (Signe)، ئەو پێی وایە ئەم زاراوەیە واتای: **(یەکگرتنی چەمک و وێنەی دەنگییە).**

(دی سۆسێر) باس لەوە دەکات، کە هێما دوو واقیعی دەروونی هەیە، کە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە ئەم دوانەن:

أ- هێما (دال) ڕووی هێمای واتاییە، کە هێزەکەیەتی (Son).

ب- هێمابۆکراو (مدلول) ڕووی هێمای واتاکراوە (یان چەمکەکەیەتی Concept).

لەلای ئەو هێڵی جیاکەرەوەی نێوان هێما و هێمابۆکراو (-) واتای (ند)ە، و لەم بوارەدا ئەم هاوکێشەیە پێشنیاز دەکات:

(ند = دا/ مد) (sa/se) =S)

پوختـەی قسـەکان: هێمـا و هێمـابۆکراو هەردووکیـان دوو ڕووی واتاســـازین، نـــاکرێ لەیەک جیـــابکرێنەوە، **((زمان بەراوردکاری بە کاغەزی نووسین پەسەند دەکات، کە هزر و هێز بنج و بناوانیانن، چونکە ناکرێ ڕووخسـار بدرێنـدرێ، کەچـی پشـتەمل نەدرێنـدرێ))** (دی سۆسـێر، سەرچاوەی پێشوو).

سیستەمی هێماکان دوو جومگە یان دوو درکێنـدراو پێکـدەهێنێت: جـومگەیەکی دەنگـی، هەروەهـا جـومگەیەکی مەعنەوی پێکدەهێنێت.

نموونەی زمانەوانی لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا زیاتر بڵاوبـــووەوە و بـــووە هۆکـــاری ئەوەی زاراوەی هێمـــا بەشێوەیەکی خوازەیی بەکاربهێنرێت، تـا وای لێهـات کەوتە بەرانبـەر بە نوانـدراو یـان نوانـدنکار (Representant)، واشی لێهات بوترێت: هێما هێمایەکی زمانەوانی پێکهێنـراوە لە چەمکەکـان (یـان هێمـابۆکراو و نموونەکراوەکـان) و لە وێنەی بیستن یان (نواندکار).

## Meaning /Signification . واتا .دلالة

◊ مەبەست لێی (واتا) یان (واتای مەبەستە)، کە لە کۆندا بە واتاسازی ناودەبرا، کە بەرانبەر بە زانستی بونیادە.

١. واتاسازی: پەیوەندیەکی ناوخۆییە لە بواری هێما یان نیشانەی زمانی، کە هێما و هێمابۆکراو بە شێوەیەکی وابەستە و جێگۆڕکێیانە کۆدەکاتەوە.

٢- واتاسازی: واتا یان مانا یان واتاسازی (خەڵکی ئاسایی بە عەرەبییە پەتییەکەیان دەڵێن: واتای ئاخاوتن، واتە واتاکەی لە میانەی ئێش و ئازارەکەیەتی).

٣- واتا یان واتاسازی لە ئێش و ئازارەکەی جودا نابێتەوە (یان لە بەکارهێنانەکەی جیانابێتەوە). هەموو واتاسازییەک سەر بە شتێکە و پەیوەندی بە حاڵەتی خاوەن ئێش و ئازارەکەوە هەیە، لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە واتای ئێش و ئازارەکەی یان مەبەستەکەی دەکات:((**فقل لمن لام فى المعاني، عاني، ....**)).

**دلیل ـ ئیندێکس/ ڕێبەر ـ Index**

◊ هێماکـــــــــــار، ئامـــــــــــاژە (Indice) نەک ئاماژەپێکراو(أشـار)، کە لە کـاری (أشـر علـی)ەوە هـاتووە، هەروەهـا (ڤیزا)(التأشـیرة ـ Visa)شـی پێدەڵێن. هەروەهـا نیشانە (شـادە نـوێژە واتە پەنـجەی ئامـاژەکردن و واتـا)ش دەگرێتەوە، هەروەهـا پێی دەوترێت (فهـرس یـان فهرسـت)، کە فارسییەکی عەرەبێندراوە.

١ــ ڕێــبەر بریتییــە لــە ڕێنمایکــار بــۆ خــوازراو و داواکراوەکان، کە ئاماژەی بۆ دەکات و ڕوونی دەکاتەوە و واتاکەی بە دەستەوە دەدات (Indicateur).

٢ـ بەڵگـە لە ڕێبەر و ڕابەر گشـتگیرترە، بەڵگەخـوازی ڕاســـتاندنی بەڵــگەیە بـــۆ ســـەلماندنی بەڵگەکـــراوەکە و پاســــــاوخوازیش پێچەوانەیەتــــــی، واتە چەســــــپاندنی شوێنەوارەکان بۆ سەلماندنی کاریگەرەکە.

٣- بەڵگە و بەڵگەکراو هەردووکیان میوانی یەکدین و ناکرێ پشت بە یەکێکیان ببەستێت بۆ پێناسـەکردنی ئەوی دی، چــــونکە پێناســــیکار پێویســــتە لە پێناســــکارەکە ڕوونتربێت. بڕوانە ئەم بـابەتە لەلای (ابـي البقـاء، الکلیـات)، سەرچاوەی پێشوو.

# ذ

**ذات . خود/ بکەر .** Subject

◊ بـکەر، بەرانبـەر بـابەت یـان بەرکـارە ( Object, Objet).

١ـــ لە ڕووی زمـــانەوانییەوە (خـــود) بە (بـــکەر) دادەنرێت؛ بکەری کارەکە بە واتا ڕستەسازییەکەی:

**کوڕەکە خواردییەوە: بکەر + کار**

**کوڕەکە ئاوی خواردەوە: بکەر + بەرکار + کار**

٢ـ دوانەیـی زمـانەوانی (بـکەر - بەرکـار) بەرانبـەرە فەلسـەفییەکەی لە (خـود + بـابەت) پێکـدێت و بەرانـبەرە لۆجیکییەکەشی لە (هەڵگر + هەڵگیراو) پێکدێت.

٣ـ خـود بـکەری کـارە، بەهەمـان شـێوەش بکەرێکـی پێناسەکارە و لەهەمان کاتیشدا سەرچاوەی واتایە.

٤ــ لە زمــانی عەرەبیــدا، (خــود) لە مێیــنەی (ذو - ذي)ەوە هــاتووە، کە واتــای خــاوەن شــت و خــاوەنە خـودییەکەی و هەر شـتێک دەگەیەنێت، کە خـاوەنی خـۆی بێــت، لەوانەشــە وەک (دەروون - خــود هەمــان شــت

بەکاربهێنرێت، بۆیە دەکرێ بە هەردوو شێوازی نێر و مێ بەکاربهێنرێت.

# ر

**راسل ـ نێرەر ـ** Transmitter

◊ نێـرەر، ئـاخێوەر، گوتارکـار یـان بکەری ئاخاوتنـە، بەرانبەرەکەشی: وەرگر (destinataire) گوێگری گوتـار، گوێگر یان وەرگر (Recepteur).

نێـرەر لایەکە لە لایەکـانی نـامەکە یـان نێـردراوەکە (Message)، نێـرەرەکە کەسـێک یـان گوتاربێژێـک یـان بێژەرێـک یـان مامۆسـتایەکە و دەشـکرێ ئامێرێـک بێـت، ناردن پشت بە هێما و ئاماژە و پەلار دەبەستێت.

**رامز/مرموز ـ هێمایی ـ** Symbolise

◊ هەردووکیان بە سنووری پرۆسەی نیشـانەکاریی ـ هێماکاریی هەژمار دەکرێن، وەک هێما و هێمابۆکراو.

لە زمانەوانیـدا جیـاوازی لەنێـوان ئەم دوو جـۆرەدا دەکرێت:

أـ سەرمایەی هێمایی: (Capital Symbolique)

ب ـ هێمایی بەرهەمهێن: (Symbologie genetique).

**راموز – کۆد .** Code

◊ کۆد بریتییه له یاسا یان سیستەمێکی هێمائامێزە، که دەکـــرێ له بـــواری زمانەوانیـــدا بەم واتایـــانە بەکاربهێنرێت:

أـ واتای گێڕانەوەی هێمایە، واتە کۆمەڵێک ئاماژە و هێما و نیشانە یان کۆمەڵە یەکەیەک.

ب ـ واتای چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم هێمایانە.

١ـــ هێمـــاکردن له هێمـــا و هێماکـــارەوە هـــاتووە، واتاکەشـی پڕۆسـەی واتاکـاری هێماییـانەیە، کە ئامـاژە بـۆ نیشانەکان یان شتەکان یان دیاردەکان دەکات.

٢ـــ کـــردنەوەی کـــۆدەکـــان (Decodage)، کە لە دووتـوێی ڕێچـکەی هێماکاریـدا جێـی دەبێـتەوە و پشـت بە دۆزینەوەی هێماکان یان ئاماژە هێماکراوەکان دەکات لەناو ڕیسکێکی هزری دیاریکراودا.

٣ـ میوانـداری هێماکـان (Surcodage) ئامـاژە بـه پڕۆسـەی نزیککـردنەوەی تـوخمێکی هێمـایی ـ کـۆد لە تـــوخمێکەوە بـــۆ تـــوخمێکی دی لە میـــانەی ڕیســـکێکی هاوبەشی نێوانیاندا دەکات.

**بەکورتی:**

مەبەست لە کۆد: ئەلفوبێی ئاماژە و پەلار و ئەگەرەکانە، و ڕێسای زنجیرەیی ئەم ئاماژانە:

- کۆد لە ئاستی نێرەردا.

- کردنەوەی کۆدەکان لە ئاستی بۆ نێردراو یان وەرگر.

هەروەها مەبەست لێی سیستەمی هێماکانە لەگەڵ ڕێسا پێکهاتەیی و زنجیرەییەکانیدا.

**رمازة. هێمای بیری .** Ideogram

◊ زاراوەیەکی نوێباوە، مەبەست لێی نووسینی هێماییانە یان هێمای هزرییە، لە پڕۆسەی هێمای بیری وێنەییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەکەن (وێنەیەک ئاماژە بە بیرۆکەیەک دەکات) لە واقیعدا وێنەگەلێکی تەواو لەخۆدەگرێت، واتە دابەشنەکرابێتە سەر دەنگەکەکان. بڕوانە:

Le Langage, Dictionnaire, Éd.C.E.p.L,op.eit.

**رمز ـ نیشانە/ هێما/ سیمبول ـ Symbol**

◊ نیشـــانە و هێمـــا (Signe) وەک هاوواتایـــەک بـــۆ سیمبول بەکاردەهێندرێت، دەوترێت: سیمبولێکی وەرزشـی = نیشانەیەکی وەرزشییە.

١ــــ بە واتــــا تەکنیکیـــــیەکەی ســــیمبول خـــــاوەن پەیوەنـدییەکی هاوشـێوەی دیـاریکراوە لە نێـوان هێمـا و هێمابۆکراو، لەبەر ئەوە بەتەواوەتی بە کۆنترۆڵ و سەرەڕۆ هەژمـار ناکرێـت، چـونکە سـیمبولی هێمـا لەگەڵ سـیمبولی هێمابۆکراوێک لێی بترازێت ناگونجێت، بۆ نموونە:

**تەرازوو: سیمبولی دادپەروەرییە.**

**داد: سیمبولی حکومڕانییە.... هتد.**

٢ـ زمـانەوان جیـاوازی لە نێـوان سـیمبول و نیشـانەی زمانەوانی دەکەن:

ـ نیشــانە ئامــاژەیەکە لەســەر شــتێک دادەنرێـت، پێـی ناوزەد دەکرێت.

ـ سیمبول ئاماژەی بۆ دەکەن، واتە ئامـاژەکـارە بـۆی، بەڵام پێی ناوزەد ناکرێت.

٣ـ ئەرکی سیمبولی زمانەوانی نزیککردنەوەی هێمـا و هێمـــابۆکراوە، ئەویــش لە بــواری زمـــانی کــۆمەڵگەدا، کە

لەڕووی سـیمبولەوە گوزارشـت لە خـودیەتی خـۆی لە دامودەزگاکانی دەکات، بڕوانە:

Marcel Mauss, Sociologie, et Anthropologie,P.U.F., paris, 1950.

٤- سـیمبول (Symbolic, Symbolique) وەک وەسفێک دادەنرێت بۆ هێما لەسەر ئەو زمانانەی لەسەر بنەمـای بەکارهێنـانی سـیمبولکراوەکان یـان واژە زاراوەییەکان پێکدەهێنرێت.

٥- سیستەمی سیمبول (Symbolic Order) پشت بە شـتێک دەبەسـتێت، کە پێـی دەوترێـت (سـەرمایەی سیمبول) لەلای گەلێک لە گەلەکان، واتە پشت بە چەند ئەفسـانەیەک و بۆمـاوەییەک دەبەسـتێت چ زارەکـی و چ نووسراو بێت.

**رمیزة . هێمای بچووک .** Little Symbol

◊ هێمـای بچـووک، یەکەیەکـی هیماییـە، وێنەیەکـی بچـووکی سـیمبولانەی ئاسـاییە، سـیمبلۆک پێکهـاتەیەکی سیمبولانەی دیارینەکراوە، بەڵام ئاراستەی واتایەکی ورد دەکرێت.

**ریاضیات لسانیة ـ ماتماتیکی زمانەوانی**[1]- Mathematics Linguistic

◊ ماتماتیکی زمانەوانی پسپۆڕییەکی ماتماتیکییە، کە گەشە دەکات:

---

[1]ـ زمان و ماتماتیک دوو زاراوەی جیاوازن، زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ لەیەکترگەیشتنی ئادەمیزاد بەکاردەهێنرێت، بەهۆیەوە بابەتی زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەندە بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە. ماتماتیکیش یەکێکە لەو کردە زانستییانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێی هەیە و پەنای بۆ دەبات، کەواتە کردەی ماتماتیک بۆ ئاسانکردنی مامەڵەی ڕۆژانە و ڕاپەڕاندنی حیسابکردن و زیان و قازانجکردنە و بۆ کۆمەڵێ یاسای جۆراوجۆری تایبەت بە بواری ئابورییەوە بەکاردەهێنرێت. هەردوو بابەتی زمان و ماتماتیک لە ڕووی پێکهاتن و چۆنیەتی کارکردنیانەوە لە بنچینەیەکی دیاریکراو و سیستەمێکی یاسایی نزیک و ڕێکوپێک پێکهاتوون و لەیەکدەچن، هەریەکەشیان هێمایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بریتین لە دەنگ و ژمارە، دەنگ هێمای زمانە و ژمارەش هێمای ماتماتیکە. کەواتە هەردوو زاراوەی زمانەوانیی ماتماتیکی و ماتماتیکی زمانەوانی، دوو زاراوەی جیاوازن، زمانەوانیی ماتماتیکی باس لە پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیک لە ڕوانگەی زمانەوە دەکات، کەچی ماتماتیکی زمانەوانی باس لە پەیوەندی نێوان ماتماتیک و زمان لە ڕوانگەی ماتماتیکەوە دەکات.(وەرگێڕ).

یــان بە هۆکــاری پێداویســتییە ناوخۆییەکــانی یــان لۆجیکیە ناوخۆییەکەی.

یــــان بە هۆکــــاری زاراوە زمانەوانییەکــــان، کە شێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت.

١ـ زمانەوانان جیاوازی دەکەن لە نێوان زمانەوانیی ماتمــاتیکی و زمانــەوانیی شــێوەیی (وێنەیــی) یــان بە واتایەکی وردتر پێکهاتەی زمانەوانی.

٢ـ لە زمانەوانیدا پێکهاتنی لۆجیکی ـ ماتماتیکی ئەمانە دەگرێتەوە:

أـ بیناکردن یان بونیاد.

بــــ تــــوێژینەوەی ڕیســــکەکان یــــان سیســــتەمە وێنەییەکان، کە پێشتر لەسەر بنەمای بوارە زمانییەکان یان تیۆرە زمانەوانییەکان داڕێژراون.

## زلة لسان ـ هەڵەی زمان ـ Slip - Lapsus

◊ هەڵەیەکی بچووک، هەڵەیەکە لە میانەی ئاخاوتن یــان نووســین (هەڵەی پێنــووس) ئەنجــام دەدرێــت، کە لە تێکەڵبوونی دوو وشــە یان گۆڕینی یەکێک لە توخمەکانی، گوزارشتەکە بەبێ مەبەست پێکدێت.

١ــــ هەڵەی زمـــان و پێنـــووس هەمـــوو لادانێکـــی ناویستانەیە، کە لە درکاندن یان لە نووسیندا دەربکەوێت.

٢ــ لاچـوون لادانێکـی ویســتانەیە، ئینجـا کاتێـک بە مەبەست ئەنجام دەدرێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەچێتە بواری شێوەکانی شێوازەوە.

# س

**سرد . گێڕانەوە .** Sequence

◊ بەرانــــبەر بە (تـــاک)ە. واتـــای پەیـــاپەی یـــان بەدوایـەکهاتن دەگەیەنێـت. گێـڕانەوە بیرۆکـەی زنجیرەیـی توخمەکـان و لەخۆگرتنیـان دەگەیەنێت، سـەرباری ئەمەش هەڵگـری واتـای سیسـتەمە (System) یـان بەدوایـەکهاتن (Ordre).

١ــ گێــڕانەوە پرۆســەیەکی زنجیــرەییە، ئــامرازێکی پەیوەندییە لەنێوان دوو تاک یان یەک تاکدا.

٢ــ گێـڕانەوەی گوتاریـانە (Speech Chaine): زنجیرەییەکـی ئاخێوەرانەیـە، ئامـاژە بـۆ چەنـد یەکەیەکـی زمـانی بەیەکەوەبەسـتراو لە گوتـاری قسـەکەردا دەکـات، هاوشێوەی ئەڵقەکانی یەک زنجیرە.

٣ـ گێـڕانەوەی گوتاریـانە بە پرۆسـەی بەدوایـەکهاتنی گێڕاوەیی (Concaténation) دەناسرێت.

**سماع . زانستی بیستنی دەنگ (ئەکۆستیکی).** Acoustic

◊ بیســتن، درککردنێکــی هەســتەوەریانەیە بەهــۆی گوێیەکــانەوە (جــاری وا هەیە پــێش چاوەکــان هەوادار و پەرۆش دەبــن)، ئەمەش واتــای گــوێڕایەڵی گــوێگرەکەیە و پەلکێشــبوونیەتی (باشــترین ڕۆژگارەکــان ئەو ڕۆژانەن کە گوێ لە قسەکانن دەگرێت)، هەروەها واتای تێگەیشتن و درککردنــی گشــتیش دەگەیەنێــت ــ هەروەک (ئەرســتۆ) ئاماژەی پێ کردووە لە گوێگرێکی ئاساییدا.

بڕوانە: كلودليڤي ـ ستروس: النظر، السمع، القراءة، تعريب: خليل أحمد خليل، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٤.

**سنسكريتية. سانسکریتی .** Sanskrit

◊ زمــانی خەڵکــی هیندســتانە، سانســکریتی لەگەڵ زمــانی یۆنــانی (Le Grec) و لاتینــی (Le Latin) مەزنترین بازنە پێکدەهێنن لە نوێکردنەوەی بونیادی زمانی هینــدۆ ئەوروپــی. کتێبــی ڤیــدا (زانیــاری) بە کــۆنترین دەقەکانی زمانی سانسکریتی کلاسیکی دادەنرێت.

**سويمة . سیمانتیمی .** Semanteme

◊ ســیمانتیمی، یەکەیەکــی ســیمائیە (Léxème, monème)، واتایەکی واژەییە.

١ــ لە ڕووی زمــانەوانییەوە، ســیمانتیمی ئامــاژە بــۆ هەموو یەکەیەکی واتایی دەکات، کە بوونی لە فەرهەنگێکی زمانێکدا دیار بێت، وەک ناو و ڕەگی کار و ئاوەڵناوەکان.

٢ــ فەرهــەنگ (Léxème) وەک ســیمانتیمی واتــای ئەوە نابەخشێت، کە یەکە فەرهەنگییەکان یەکەی واتایین.

٣ـــ ســـیمانتیمی تـــوخمێکە لە ڕووی فەرهەنگیـــیەوە ئاماژەی: نـاو وشـە، بـۆ وشـە، بە وشـەکە، لەسـەر وشـەکە لەخۆدەگرێت.

## سیاق . دەوروبەر . Context

◊ لێـــرەدا نزیکبـــوونەوەیەک لە نێـــوان بـــارودۆخ و دەوروبــەردا هەیە، بەڵام دەوروبــەر لــە زمانەوانیــدا واتــای دەوروبەری یەکەیەکی دیاریکراوە لە گێڕانەوەی ئاخـاوتنی یان ڕاگەیاندنئامێزدا.

زمانەوانـــــان دوو جـــــۆر دەوروبـــــەر لەیەکتـــــر جودادەکەنەوە:

أـ دەوروبەری ڕاستەوخۆ: Contexte immédiat.

ب ـ دەوروبەری دوور: éloigné

# ش

**شارة . نیشانە .** Signal

◊ زاراوەیەکـــی زمـــانەوانییە، لە ئامـــاژە یـــان هێمـــاوە(Signe) نـــزیکە و جـــاری واش هەیە لەجیـــاتی هەردووکیـــان بەکاردەهێنرێـــت و دەچێـــتە ڕیـــزی دیـــاردە هاوبەشـــەکان یـــان میوانـــدارەکان، ئەویـــش بـــۆ ئەنجامـــدانی پەیوەندییکردن.

لەوانە: نیشانەی ڕێگاوبان و مەشخەڵەکان (نیشـانەی بەردین: Jalons).

لە زمانەوانیـــدا ئەم دوو شـــتە لەیەکتـــر جـــودا دەکرێنەوە:

أ- زمانی هێما یان نیشانە: Langue du signe

ب - زمـانی گوزارشـت یـان ئاخـاوتن: Langue de la parole

## شرح تقليدي . شرۆڤەی لاسایکەر . Paraphrase

◊ پرۆسەیەکە بۆ گواستنەوەی دەقێک لە دەقێکی دیکەوە، بنەماکەی لەسەر لاساییکردنەوە دەوەستێت، چ پەخشان یان شیعری دەقێکی لاسایکەر و ناسراو بێت.

## شرط . مەرج . Condition

◊ لە ڕووی زمانەوانییەوە، مەرج نیشانەیەکە ئاماژە بۆ بەڵگە دەکات، هەروەها ئاماژە بۆ پابەندکردنی شتێک بە مامەڵەکردنەوە دەکات.

١. مەرجی زمانەوانی: پیتی مەرج، وەک توانجەکان.
٢. مەرجی ڕێزمانی: ئامرازە واتاییەکان.

## شكل . ڕوخسار/ شێوە . Form

◊ لە ڕووی زمانەوانییەوە، شێوە/ ڕوخساری ئاخاوتن بونیادەکەیەتی، کە بەرانبەر بە ناوەرۆکە (Contenu).

١- شێوە/ ڕوخساری ئاخاوتن: کۆمەڵە بەستەرێکی پلەبەندییە، کە واتای ئاخاوتن و جێگیربوونی دادەمەزرێنێ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی ئەرکیانە.

٢ـ (دی سۆسـێر) بەوە پێناسـەی دەکـات، کە **((ئەو بـڕگەیەیە، کە هەڵوەسـتەکانی ئاخـاوتن لەنێـوان خۆیانـدا دەیسەلمێنن))**. بڕوانە:

F.De Saussure, Cours de linguistique générale, op.cit .

٣- مەبەست لە شێوە/ ڕوخساری ئاخاوتن (Figure of Speech) ڕوونئـامێزی ئاخاوتنـە، واتە هەمـوو گوزارشتێک لە شێوازە عادەتییەکەی بترازێت، زمانەوانان چوار جۆر لە شێوە/ ڕوخسارەکانی ئاخاوتن لەیەکتر جودا دەکەنەوە:

أ. شێوەی مێشکی یان هزری.

ب . شێوەی ئاخاوتن یان درکاندن.

ج . شێوەکانی وشە.

د. شێوەکانی بونیاد.

**شمول . گشتگیر .** Extension

◊ ١ـــ فراوانـــی لە واتـــادا، فراوانکـــردن، لە کـــاتی توێژینەوەی واتـای وشـەدا جیاوازییەک لەنێوان تێگەیشـتن و فراوانـدا دەکرێـت، تێگەیشـتن بەو چەنـد (ئامـاژەیە/ خەسڵەتە)ی وشەکان دەوترێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان

ئامـاژە بە پلە و ئاسـتی ڕوونـی دەکـات، وەک بـۆ نمـوونە وشەی خواردنەوە ڕوونی کەمترە لە هەردوو وشەی چای و قاوە.

٢. گشتگیری ڕادە یان فراوانی واتایە، ئاماژە بۆ چەند کائین یان شتە ڕاستەقینەکان دەکات، کە وشەکە دەتوانێت لەســەری جێبەجــێ ببێــت، بــۆ نمــوونە وشــەی (کتێــب) واتــایەکی فراوانتــر و گشــتگیرتری لە وشــەی فەرهەنگــی هەیە، بەڵام ڕوونیــیەکەی ســەبارەت بە تێگەیشــتن لێــی کەمترە.

٣ــ گشــتگیری بە هەمەکییەکــان دەوترێــت، کەچــی تــایبەتکردن بە لقەکــانی یــان بەشــەکانی ئەو هەمەکیــانە دەوترێت، کە جێبەجێبوونە، کتێب (فەرهەنگ)، فەرهەنگی سیمبول، کتێبی ماتماتیک... هتد.

# ص

## صفة . ئاوەڵناو . Adjective

◊ لەناو کۆمەڵەیەکدا یان لەناو ڕستەی ناویدا دوو شت لەیەکتر جودا دەکرێنەوە:

- ئاوەڵناو (صفة) واتە پێوەرکانی شێوە.
- (النعت) (Substantif) واتە پێوەرە واتاییەکان.

هەندێک لە زمانەوانە عەرەبەکان باس لە میتۆدێکی دیکە دەکەن لە جوداکردنەوەی (ئاوەڵناو/ الصفة) و (نەعت/ النعت)، (أبو البقاء) لە کتێبی (الکلیات) پێی وایە: کە (ئاوەڵناو) ئەو شتانەیە کە گۆڕاو و نەگۆڕەکانی پێ ناوزەد دەکرێت، کەچی (نەعت) تەنها بە گۆڕاوەکان دەوترێت.

## صناعة المعجم . دروستکردنی فەرهەنگ . Lexicography

هونەری دروستکردنی فەرهەنگ و شیکردنەوەی زمانی ئەم هونەرەیە، ئەم زانستە زانستی وەسفکردنی

وشــه و واتاکـانیەتی، هەروەهـا تۆمـارکردنی زاراوەکـانە، کەچـــی فەرهەنــگ یـــان فەرهەنگســـازی (Lexicologie) تـوێژینەوەی مێـژووی وشــەکان و واتاکانیـانە، ئەویـش لە گۆشەنیگای ئیتمۆلۆژیاوە (Étymologie).

**صواتة . فۆنەتیک .** Phonetics

◊ دەنگەکان، فۆنەتیک.

فۆنـــەتیک زانســـتێکە بـــاس لە بـــابەتی ئاخـــاوتن و شێوەکەی دەکات، بە تـایبەتی لێکـۆڵینەوە لە دروسـتبوونی دەنـــــگ یـــــان درکانـــــدنیان (Articulation) و لایەنە ماددییەکـان و فیزیاییەکـانی ئەم درسـتبوونە، وەک بیسـتن (بیستن شێوازی وەرگرتنی دەنگە نێردراوەکانە).

١ـ فۆنـەتیکی یەکەم: (Archiphemem)، وەک پیتـی (B)، کە لە چەنـد دەنگێکـی ئەوتـۆ پێکهـاتووە لە پیتـی (P) جیـای دەکەنەوە، دەنگۆکەۆنـەتیک هاوبەشـەکانی نێـوان ئەم دوو پیتە سەر بە پێگەیەکی بێلایەنەن، کە یەکەمـین دەنگـی لێوە دەردەچێت.

٢ــ فۆنــەتیکی پێــوەریی (Orthoepy) ئەو ڕێزمــانە پێوەریـــانە دەستنیشـــاندەکات، کە یـــارمەتی درکانـــدنێکی

ڕاست و دروست لە زمان دەدات، ئەمەش وەک فۆنەتیکی یەکسان وایە (Phonétique Normative).

٣. فۆنەتیک ( Phonemics, Phonématique ou Glossématique): ئەمەش تیۆریکی نوێی دەنگییە، کە زمانەوانیی تیۆری پشتی دەبەستێت و باس لە پەیوەندی نێوان فۆنەتیک و سیستەی ڕێزمانی دەکات.

## صوت . دەنگ . Voice

◊ دەنگ بەو هێز یان ژێیەکان دەوترێت، کە لە قورگەوە دێتەدەرەوە، ئەویش بە هۆکاری پەتکەکانی دەنگ، کە لەژێر کاریگەری ئەو هەوایەی لە هەردوو سییەکانەوە دێنەدەرەوە:

١. مۆرکی دەنگ یان هێزەکەی پەیوەستە بە ژێیەکانی دەنگ و ئاستی لەرینەوەیان. زمانەوانە موزیکییەکان جیاوازی لەنێوان دەنگە مێینەکان و دەنگە نێرینەکان دەکەن، کە دابەش دەکرێنە سەر شەش چین یان شەش تەرز.

٢. لە ڕێزمانی وشەسازیدا، دەنگ ئاماژە بە جۆرێک لە واژەی سەرەکی دەکات، کە بە دەوری خۆی ئاماژە

دەكات بۆ ئەو پەیوەندییە بنكەییەی لەنێوان كار و بكەر و هۆكار یان بەركارەكاندا هەیە.

## صویت . فۆنیم . Phoneme

◊ (فۆنیما)یە (Phõnêma) لە زمانی یۆنانیدا.

١ـ هێـزی دەنـگ: یەكەیەكـی دەنگـی ئـاخێوەرانەی جیاكارە و شێوەی دەنگی خۆی هەیە، بەڵام واتـای خـودی خۆی نییە.

٢ـ فـۆنیم تۆڕبەنـدێكە لە نیشـانە جیاكـەرەوەكـان، كـــۆمەڵە خەســـڵەتێكی دەنگیـــیە، كە بە یەكێـــك لە جیاكـەرەوەكانی دەنـگ دادەنرێت، كە لە دەنگەكانی دی لە یەک زمانـدا جیایـان دەكـاتەوە و لە یەک یەكەی دەنگـی ئەركی پێكدێت، وەک دەنگی (R) لە وشەی (PoRte)دا.

٣ــ فــۆنیم یەكــێكە لە زاراوەكــانی زمانــەوانیی بونیادگەریی، كە توخمێكی ژەنیاری جیاكاری لە زماندا پێ ناوزەد دەكرێت، كە بە وابەستەگییە ژەنیارییەكانی دیكەوە دەستنیشـان دەكرێـت لە بـواری ڕسـتە یـان فرێـزدا. ئەم زاراوەیە لەجیـــاتی چەمكـــی كـــەرتی (Segment) لە ڕێزمانیی كلاسیكیدا بەكاردەبرێت.

٤ـ فۆنۆلـۆژی (Phonologie) له ئەرکـی بونیـادی دەنـگ دەکـۆڵێتەوە، کەچـی فـۆنیم لە تـوخمە دەنگییەکـانی زمـانی درکێنـدراو دەکـۆڵێتەوە، بەو حیسـابەی دیـاردەی سروشـتی (درکـاوی، فیزیۆلـۆژی، بیسـتن)، جیاکـاری دەکرێـت لەنێـوان دەنگسـازی بونیـادگەریی و دەنگسـازی گشتگیر (Generative phonology). بڕوانە:

A.MARTWET

- Économie des changements phonétiques, 1955.

-Traité de phonologie diachronique, 1955.

-Éléments de linguistique general, 1960.

٥ــ فـۆنیمی یەکـەم (Archiphoneme): کـۆمەڵە خەسـڵەتێکی دەنگـی هاوبەشـە لە نێـوان دوو دەنـگ، کە پەیوەندییەکی بەدوایەکداهاتن و قۆرخکارییان هەیە، بڕوانە (فۆنەتیکی یەکەم).

## Grapheme . گرافیم . صويرة

◊ لەسەر ئاستی وێناکردنی پیتەکانی ئەلفوبێ، گرافیم وەک دەنگێـک یـان وەک یەکەی دەنگـی زمـانییە. گـرافیم بچووکترین وێنەیە کە لە توانایدا هەبێت بۆ پیت.

# ض

## ضد الجملة . دژە ڕستە Antiphrasis

◊ لە بــــواری زمانەوانیــــدا پــــێچەوانەی ڕســــتە دژەکەیەتی، مەبەست لە دژە ڕستە وێنەیەکی ڕوونئامێزە، کە واتای بەکارهێنانی دەربڕینێکە یان فریزێک(ڕستەیەکی تەواو) دەگەیەنێت، لە واتـایەکی دژ بەو واتـایەی هەمیشـە دەیگەیەنێت:

**إذا أنت يممت الركاب لصوبه**

**عرفت طعم الماء ذو أنت شاربه**

## ضمير . جێناو . Prounoun

◊ نـاوی (جێنـاو)ە، ڕێزمـان بەوە باسـی دەکـات، کە لەجیاتی ناو بەکاردەبرێت:

**یوسـف گەشـتی کـرد، زۆر مانـدوو بـوو،** بەڵام ئەم پێناســەیە وا پێــدەچێت کە لە کــاتی دەرکەوتنــی (جێنــاو) لەجیــاتی ڕســتەکە بەس نەبێــت، هەروەک لەم نمــوونەیەدا دەردەکەوێت: **(دێت، دەزانم).**

ئەم دوو جۆرە (جێناو)ە لە یەکتر جیادەکرێنەوە:

١ـ جێناوی قسەکەر: تاک (من/ أنا)، کۆ (ئێمە/ نحن)

٢ـ جێناوی گوێگر: تاک (تۆ/ أنت ـ أنت)، کۆ (ئێوە/ أنتن)

٣ ـ جێناوی نادیار: تاک (ئەو/ هو ـ هي)، کۆ(ئەوان/ هم ـ هن)

٤ـ جێناوی نەناسراو یان بێلایەن بە واتای تاک دەوترێت.

# ط

## طابع . مۆرک . Stamp

◊ بەشـێوەیەکی گشـتی مـۆرک هەمـوو ئەو شـتانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری مۆرکێکی دیاریکراون یان شتێک خەسڵەتێک وەردەگرێت، ئیتر ئەو خەسڵەتە دەبێتە مۆرک بۆی و ئیتر وای لێ دێت دەقی پێوە دەگرێت و بە بەشێک لە سروشتی هەژمار دەکرێت و دەرەنجام دەبێتە مۆرک بۆی.

١ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە، مۆرک ئەو شتەیە، کە دەرفەتی جیاکردنەوەی دوو دەنگ دەڕەخسێنێت، کە یەک چـین و یەک لەرەیـان هەیە، وەک پیتـی (a)، کە دەبێـتە مۆرک بۆ هەردوو پیتی (pate) و (patte).

٢ـ هەمـوو ئاخێوەرێـک (چ قسـەکەر یـان گـوێگر) مـۆرکێکی دەنگـی تـایبەت بە خـۆی هەیە، کە بە پێکهـاتەی ئامێرە دەنگییەکەوەی پەیوەندی هەیە.

٣ـــ مـــۆرک بەرانبـــەرەکەی مـــۆرککراو وە یـــان مۆرکئـــامێزە، کە نـــزیکە لە مـــۆرکەوە: خەســـڵەت، هێمـــا، جیاکاری، یان جیاکارۆکە.

**طولانية . درێژایی .** Linearity

◊ مـــاوەی درێژایـــی لە کـــات و شـــوێندا: هەمـــوو پەیامێکە، یان نێرەرێکی زمانـانییە- دەنگییە (ژەنیاریـانەیە)، کە لەبەر دەکرێـــت و پۆشـــاکی دوورمەودایـــی کـــات لەبەردەکات، ئەم لەبەرکردنە . پۆشینە بە چەمکی درێژایی گوزارشتی لێ دەکرێت، نێرەرە بە درێژبوونەوەی درێژی یان درێژیانە (Lineaire) لە هێڵێکدا ناوزەد دەکرێت.

# ظ

## ظهور . دەرکەوتە . Occurence

لە زمـــانی لاتینیـــدا دەرکەوتە (Occurere) واتـــای دەرکەوتـن لەپێشـەوەدا دەگەیەنـێ، هەروەهـا دەرکەوتنـیش دەگەیەنێت.

١ـ دەرکەوتـن ڕووداو و بـۆنە دەگرێتـەوە. زۆرجـار نـاوی جەژنـی گونجـاو دەهێنرێـت، کە واتـای ئەوەیە ئەو جەژنـــانە لە یەک بـــۆنەدا ڕوودەدەن، وەک (ڕوودانـــی هەردوو جەژنی قوربان و جەژنـی کریسـتیبانەکان) لە یەک کاتدا یان لە دوو کاتی نزیک بە یەکتریدا.

٢ـــ زمـــانەوانە عەرەبەکـــان وشـــەی (دەرکەوتـــە) بەکـاردەهێنن، کە لە (دەرکەوتـن)ەوە هـاتووە، کە واتـای ئامـــادەبوونی تـــوخمێکی نمـــوونەیی دەگەیەنێـــت، واتە دەرکەوتـن و دیـاربوون و زەقبـوونی تـوخمێکی نمـوونەیی دەدات بە دەســتەوە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی مەبەســت لە

دەرکەوتە: دەرکەوتنی وشەیەک یان گۆشەیەکە لەسەر خاڵێکی دیاریکراوی زنجیرەی زمانەوانی.


٣ـ لە بواری ئاماری فەرهەنگیدا یان لە بواری پێوانەی چەندێتیدا، دەرکەوتە واتای ڕاددەی دەرکەوتنی وشەیەک یان وێنەیەکی دەقێک دەبەخشێت، وەک (دەرکەوتنی ناوە جوانەکانی خوای گەورە لە قورئاندا).

# ع

**عامل . كاراكتەر .** Acting

◊ تیۆری کاراکتەر، کارتێکەر، زاراوەیەکە لە بنەڕەتدا (لوسیان تسنیر L.TESNiERE) بەکاری هێنا، ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی ڕستە لە خودی خۆیدا درامایەکی بچووکە (یان پێکدادانێکی بچووکە) و دەوروبەر و بارودۆخ و ئەکتەر و بکەری خۆی هەیە.

١ـ لە ڕووی پێناسەوە، کاراکتەری زمانەوانی ئەو کائینەیە یان ئەو شتەیە، کە بەشداری لە دەوروبەری کاردا دەکات بە سیفەتێک یان بە چۆنێتییەکی دیاریکراو، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی سیمبولیانە یان بە شێوەیەکی نەرێنی بێت، بە شێوەیەک بەرکارەکە (وەرگری کارەکە) هاوبەشی بکەرەکە بێت:




لێرەدا پۆستەچییەکە و نامەکە و خاوەنی نامەکە لە کاری ڕادەستکردنەکەدا بەشدارن و ئەوانەشی کارەکە دەیانگرێتەوە بەشدارن، چ ئەگەر کائینێک بن یان شتگەلێک بن لە بوارەکەدا بە شێوەیەک و بە چۆنێتیەکەی دیاریکراو و ژمارەکەشیان سیانن:

ــ کاراکتەری یەکەم (Prime actant) تەنیا بکەرەکەیە (Subjet).

ــــ کاراکتەری دووەم (Second actant) بەرکارەکەیە (Objet).

ـ کاراکتەری سێیەم (Tiers actant) بەرکاری ناوەندی یان بەرکاری دووەمە.

٢ـ هەموو گوزارشتێک پێکهاتەیەکی کاراکتەرییانەی لەم جۆرە لەخۆدەگرێت، هەموو ڕۆمانێک یان چیرۆکێک

لەو کـۆمەڵە پەیوەنـدییانەدا قەتیسـکراوە، کە لە نێـوان یەکە هەمەچەشـــنەکاندا بـــوونی هەیە: کارەکـــان، بکەرەکـــان، بەرکارەکان یان بەرکارکەوتووەکان. بڕوانە:
L. TESNIERE, Actant, in Le Langage, op. Cit .

## عبارة . فریز / گوزارشت . Expression,Locution

◊ فرێـز کـۆمەڵە وشـەیەکە، دەکـرێ بەئاسـانی جـودا بکـرێنەوە و شـیبکرێنەوە، کە بەهـایەکی ڕستەسـازییانە و جـاری واش بەهـایەکی واتاییـان هەبێـت، کە هـاوکوف و تەریبە بۆ بەهای یەک وشە.

کەچی گوزارشـتی کۆکەرەوە ـ گشـتگیر (zeugma) وشـەیەکە یـان کـۆمەڵە وشـەیەکە، کە لە قسـەی یەکەمـدا گوزارشتی لێ دەکرێت و لە دواییدا چاوەڕوان دەکرێت.

## عرف . ناسراو . Norm

◊ پێوەر، پێوەریانە (Normative , Normatif)

١ــ ناسـراو، پـێچەوانەکەی نەناسـراوە و نـاوێکە لە دانپیانان (Reconnaissance)ەوە وەرگیراوە.

٢ـ لە کتێبی (الکلیات)دا (ابو البقاء) دوو چەند جۆرێک لە یەکتر جودا دەکاتەوە:

ـ ناسـراوی زمـانی، ئەو شـتانە دەگـرێتەوە، کە لە واژەکـــانەوە لێیـــان تێــدەگەین بە گـــوێرەی بـــارودۆخە زمانەوانییەکەی.

ـ ناسـراوی وتەیـی، ئەو شـتانەیە کە بە واژەکردنیـان خەڵکی دەیانناسن.

ـ ناســراوی واژەیــی، تــایبەتکراوە بە پــێچەوانەی ناسراوی کردەیی.

ـ ناسـراوی تـایبەت: زاراوەیەکە بـۆ هەمـوو گروپێکـی دیـــــاریکراو، وەک ڕستەســـــازەکان، نووســـــەرەکان، ڕەخنەگران.... هتد.

## عروض . کێشناسی . Prosody

◊ کێشناســی یــان بەرهەمهێنــانی کــێش و ســەروا: هونەرێکی درکاندنی ڕێکوپێکە بـۆ قسـەکردنێکی کێشـدار و هاوسـەنگ، کە تیایـدا ڕەچـاوی ڕێسـا و هێـز و چەنـدێتی و مەوداکانی تیادا بکرێت.

١. کێشناسی؛ زانستی کێشەکانی شـیعریی سـتوونییە، کە بە گوێرەی ڕێسای دیاریکراو بەڕێوەدەچن.

٢. زانسـتی داڕشـتنی شـیعرە لەسـەر کێشـی شـیعری، کە [لە زمانی عەرەبیدا(١٦) دەریای شیعرین، ئەمە جگە لە

دەریای کێشی نوێی تەفعیلـە، کە بە شـیعری ئـازاد بەڕێوە دەچێت]. بڕوانە:

L’Art poétique, Éd. Seghers, Paris, 1965 .

## **عطف . بەستنەوە .** Conjonction

◊ ئامرازەکـانی بەسـتنەوە بـریتین لـە ئامرازەکـانی گێـڕانەوە یـان لارکـردنەوەن، ئەرکیـان بەردەوامکردنـی پرۆسەی ئاخاوتنە:

**ئەحمەد و یوسف هاتن و زووش خەوتن.**

(ابـو البقـاء) لە کتێبـی (الکلیـات)دا پێناسـەی دەکـات: ((**پاشـکۆیەکی ناوەنـدگیرە لەنێـوان خـۆی و ئەوەی پاشکۆیەتی، کە لە یەکێک لە (١٠) ئامرازەکە پێکدێت**))، . ئامرازەکانی بەستنەوە((**پاشکۆیەکە لە سەرەتاکەیدا ئامرازی بەستنەوە بەکاردەهێنرێت**)).

## **علامة . نیشانە .** Sign

◊ نیشانە، هێما، نیشان.

١ــ نیشـانە بەو بەسـتەرە دەوترێـت، کە هێمـا و هێمـابۆکراو پێکـدەهێنێت. کەچـی وێنـاکردنی هـزری یـان خەیـاڵی وەرگێڕانـی بیـرۆکەکە بـۆ نیشـانە بە شـێوەیەکی دەستوبرد و ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات.

٢ـ نیشانە هێمای ڕووداوێکە، کە درککردنی دەنگی و بینینی و دەستلێدان وەردەگرێت، و توانای پێناسەکردنی ڕووداوێکی دیکەیە، کە درککراو نییە:

نیشانەی (أ) فاکتەری واتا یان نوێنەرایەتییە.

نیشانەی (ب) فاکتەری نوێنەرایەتی هێمابۆکراوەکەیە.

٣ـ واتاکراو یان هێمابۆکراو (Sémème,Indication): هێمابۆکراو بە وشەیەکی فرەواتا دەوترێت، یان بە یەکەیەکی واتایی بەکارهێنراو لە بونیادی ڕستەدا دەوترێت. کەواتە هێمابۆکراو کۆمەڵە واتایەکی خوارەوەی وشەن یان بچووکترین یەکەی زانیاری (Bit) یان (sème).

٤ـ سیمای جیاکەرەوە ( Distinctive features, Trait distinctif): هاوواتای نیشانەی جیاکەرەوەیە (Trait pertinent) وەک فۆنیمی تایبەت بە پیتی (B)، کە لە پیتی (p) جیای دەکاتەوە.

**علة. هۆکار .** Cause

◊ هۆکـــار ئەو شـــتەیە بەهـــۆیەوە شـــتێک دروســـت دەبێـــت، کاریگـــەریش (المعلول) (Effet) بە هۆکـــارەکەی دروســـت دەبێـــت بەبـــێ هـــیچ ناوەنـــدگیرییەکی نێوانیـــان، مەرجـیش نیـیە بڕیـارەکە پەیوەسـت بێـت بە بـوونییەوە. بڕوانە کتێبی (الكليات)ی (ابو البقاء)(سەرچاوەی پێشوو).

هەمـوو وەسـفێک لە پێگەیەکـدا بێـت و حـاڵەتەکەی لەگەڵیـدا گـۆڕانی بەسـەردا بێـت، ئەوا دەبێـتە هۆکـار، شوێنەکەش کاریگەرییە، وەک (برین و بریندار).

کاریگـەریی (Effect,effet) پەیوەنـدی بە هۆکـارەوە هەیە یان دەرەنجامی ڕاستەوخۆیە.

**علم اللسان . زمانەوانی .** Linguistics

◊ زمانەوانی، ئەمانە دەگرێتەوە:

١ـــــ ناوسازی (زانســـــتی نـــــاو): ( Toponymy, Toponymie): نـــاوە جوگرافییەکـــان و جەســـتەییەکان دەگـــرێتەوە، بـــڕوانە: (علـــم الأعيـــان) یـــان (الأعـــلام) (Onomastique) لە قورئـانی پیـرۆزدا هـاتووە: **(وعلـم آدم الاسماء كلها)**، واتە **(خودای گەورە هەموو ناوەکانی فێر ئادەم کردووە).**

٢ـ دەنگسازی: ( Phonology, Phonogie ou Phonématique): لە یەکە زمانەوانییەکان دەکۆڵێتەوە، کە بەهایەکی واتاییان لەو سیستەمەی هەیە یان ئەو ڕیسکەی پەیوەندی تایبەت بە زمانی کۆمەڵێک تاک دابین دەکات.

دەنگسازی ئەرکی هەوڵدەدات بۆ گۆشەگیرکردنی ئادگارەکانی بیستن، کە دەکرێ لە ڕووی فیزیاییەوە قۆرخ بکرێن لەو ئادگارانەی خاوەن بەهای جیاکارن، کە پەیوەندیکردن و پەیوەندبەستن لەنێوان تاک و کۆمەڵەکاندا دابین دەکەن.

٣ـ ناوەکانی مرۆڤ (Anthroponymie , Anthroponamy): بەشێکە لە زانستی ناسینی کەسە دیارەکان، کە لە ناوی کەسەکان دەکۆڵێتەوە، ئەم زاراوە تازەیە ساڵی (١٩٣٨) دانراوە و لە هەردوو وشەی (Anthropos) و (onymie) پێکهاتووە.

٤ـ زمانەوانیی نەخۆشییەکانی گوتن: ( Langage pathology of language, pathologie du) لەو شپرزە و شڵەژاویانە دەکۆڵێتەوە، کە لە پەیوەندی دەربڕینەوە دروست دەبن و بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێن:

ـ شڵەژاوییەکانی فێربوونی زمان.

ـ شڵەژاوییەکانی درکاندن و گۆکردن یان واژەکردن.

٥ـ ئیتمۆلـۆژی (ڕەچەڵەکناسـی وشـە یـان داتاشـین): (Etymology): لێکـۆڵینەوەیە لە (بنجـی وشـەکان)، ئەم زانسـتە لە (یۆنـان)ەوە سـەری هەڵـدا بـۆ دۆزیـنەوەی سروشـتی ڕاسـتەقینە (Etumos)، کە واتـای ڕاسـت و دروستی یەکە زمانییەکان دەدات بەدەستەوە لەم چەرخەی ئـێمەدا، ئیتمۆلـۆژی گرنـگ بە مێـژووی وشـەکان و پێکهاتەکانی ناو بوارەکەی دەدات، بڕوانە: فیلۆلۆژی.

٦ـ هێماسـازی/ سـیمۆلۆژی: (Semiology) یـان زمانی هێماکان (Semiotics):

لە ڕیسـکی نیشـانەکان دەکـۆڵێتەوە = هێماکـان (Semes:Signes) کە هێماسازی ـ نیشانەناسی ئاژەڵان بەشێکن لێی.

٧ـ ڕێزمـان: (Grammar): لای (چۆمسـکی) وەک کنێبـەکەیـدا (Linguistique)دا هـاتووە: سیسـتەمی ڕێزمـانی شـێوەییە، پێویسـتە بەشـداری بکـات لە بەرهەمهێنانی هەموو دەربڕین و واژەکراوە دروستەکان، کە دەکـرێ بونیـان لە هەر زمانێکـدا هەبێـت، ڕێزمـان لەسـەرووی ئەمەوەیە، تیـۆری بونیـادی زمـانەوانی: وەک

ڕێزمانی لیستییە (پۆلێنکردنی توخمەکان و کارتێکەرەکان) و ڕێزمانی پێکهاتەکان.

٨ـ مۆرفۆلۆژی (Morphologie): زانستی پێکهێنانە، کە لە شێوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە بەرانبەر بە لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی ڕستەسازی و وشەسازی، مۆرفۆسینتاکس لەو شـــێوە و ڕێزمانانـــە دەکـــۆڵێتەوە، کە ڕســـتەکان و فرێزەکان پێکدەهێنن.

٩ــــ فەرهەنگســـــازی ــــ فەرهەنگناســـــــی: (LEXICOLOGY، Lexicologie): بەشـــــــــێوەیەکی زانســـتی و بە میتــۆدێکی توێژەریـانەی ورد لە فەرهەنـگ دەکۆڵێتەوە، جیاکاری لە نێوان ئەمانەدا دەکات:

- پێوانەکردنی فەرهەنگی: (Lexicostatistique).

ـــــ فەرهەنگســــــازی بونیــــادگەریی: ( Lexicdogie structurale).

**علیمة ـ بچووکترین یەکەی زانیاری ـ Bit**

◊ بچــووکترین یەکـــەی زانیـــاری واتـــاکراوی هەرە خــوارەوەی وشـــەیەکە، یـــان نیشـــانۆکەیەکە لە (نیشـــانە= هێمـــا)وە هـــاتووە، یەکەیەکـــی واتـــایی هەرە بچـووکە یـــان نیشانەیەکی واتایی جیاکارە ( Signe, Semeiome).

# ف

**فاصل . کۆما .** Demarcative

◊ کۆما، وێرگوڵ، فاریزە: (،) یەکێکە لە نیشانەکانی نووسین، پێچەوانەکەی پەیوەست، تەقەڵ، کۆکەرەوە(ـ)یە. لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەرکێکی ناوبڕانە یان بڕگەییانە دەبینێ، هەر کاتێک دیاردەیەکی دەنگی هەبێت، ئەوا بۆ گەڵاڵەکردنی یەکەکانی درکاندنی یەکەم بەکاردەهێنرێن.

**فاعل . بکەر .** Subject

◊ لە ڕووی ڕستەسازییەوە بکەر کارەکە ئەنجام دەدات و دەوترێت بکەری (کار) و (بەرکار).

١ـ بکەر سنووری پێویستە بۆ دروستکردنی ڕستەیەک و بەشداری کارەکەیە.

٢ـ لە ڕووی ئاستی قووڵەوە دەوترێت (نیهاد) و (گوزارە)، لە ئاستی ڕووکەش دەوترێت بابەت و ئامانج.

بڕوانە: ذات.

**فذلكة . گشت . Sum**

◊ وشـــەیەکی تێکەڵکــراو و ئــاوێتەکراوە، لە قســەی ژمێریــارییەوە وەرگیــراوە، کە دەڵێـت: (فـذلک کـان کـذا و کـذا)، پاشــان وشــەی (فذلکــة) ئامــاژەی پێکــراوە بــۆ هەر دەرەنجامێــک، کە لێــی دەبێــتەوە چ ژمــاردن بێــت یــان ئاخاوتن.

**فرادة لسانية . زمانی تاکەکەس/ زاری تاکەکەس . Idiolect**

◊ زمـانی تاکەکـەس یـان زاری تاکەکـەس ئامـاژە بـە ئاکـارێکی زمـانەوانیی تـایبەت دەکـات، کـە بە شـێوەیەکی نایـاب ئاخـاوتن ئەنجـام بـدات و زمـانێکی تـایبەتی لەنـاو گروپێکی زمانەوانی دیاریکراودا هەبێت. بڕوانە: مصطلح.

**فرد . تاک . Individual**

◊ تەنیا، تـاک، ئەوەیە کە کەسـی لەگەڵ تـێکەڵ نابێت، تاکێکی خودییە یان لە خودی خۆیدا تاکە.

١ـ تـاک لە دانە گشـتگیرترە و لە یەکـیش تـایبەتترە، جیـاوازی لە نێـوان تـاکی ڕاسـتەقینە (بە واتـای کەمتـرین ڕەگەز) و تاکی بایەخدار هەیە بە واتای تەواوی ڕەگەز.

٢. تاك توخمێكە لەناو پۆلێك، نوێنەرایەتی جۆرێكی دیـــاریكراو دەكـــات، ناتوانرێـــت دابەشـــبكرێت مەگەر بە هەڵتەكاندنی نەبێت.

**فعل . كار .** Verb

◊ (كار) وشەیەكە گوزارشت لە كردەیەك دەكات، كە بكەرێك ئەنجامیدابێت یان كارەكەی لەسـەر ئەنجامدرابێت، یان گوزارشت لە بوونی بكەرێك یان حاڵەتی كاراكتـەرێك (Actant) بكـات یـان گوزارشـت لە یەككگرتنـی ئاوەڵناوێـك بە بكەرێك بكات.

١ــ كـار جووتبـوونی ڕووداوێـكە بە كـات. بـڕوانە: عصام نورالدین، الفعل و الزمن، مجد، بیروت، ١٩٨٤.

٢ـــــ كـــــار ئامـــــاژە بە پرۆســـــێس (proces) و دەوروبەرەكان دەكات، چ پەیوەست بن بە كارەكان یان بە گۆشەكان یان بە گۆڕان لە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی دی.

٣ــ كـــار جـــووڵەی مـــرۆڤ و ئـــاژەڵ و شـــتەكانە، بابەتەكەی لە ڕووداوێك پێكدێت، كە لە كاتێكی دیاریكراودا ڕوویدابێت.

٤. كارییە یـان هۆكارییـە (Factitif و Causative): ئەو كـــارەیە كە دوو بـــەركار نەســـب دەكـــات، كـــارە

هۆکارئامێزەکــان ئامــاژە دەکەن بە تەرزێکــی کــاری لە جــۆری: (شــید)، (جمــد) (هدم).....هتــد. بە دوو هێمــا ئاماژەیـان بـۆ دەکرێـت: + (نیشـانەی کـاری ئەرێنـی)، ـ (نیشانەی کاری نەرێنی).

**فقرة ـ کۆپلە** Clause

◊ کۆپلە لە ڕێزماندا بەشێکە لە ڕستە: **(دەڵێت)**،**(ئەو دێت)**، ئەمە ڕستەیەکە و لە دوو کۆپلە پێکدێت.

**فقري ـ شیکردنەوەی گوێزانەوەی فرێز** ـ Transphrastique

◊ لە کۆپلەوە هاتووە، دەکرێ لەوبەری ڕستەوە بێت، دەکرێ لەناو ڕستەدا بێت، دەکرێ ئەو شتانەی بە ڕستەدا تێپــــەڕ دەبێــــت، ئەوەیە لە پشـــــتەوەی ڕســـــتەدایە و باکگراونـــدێکی وەک خەســـڵەتە بەرهەمهێنـــەکانی یـــان هێمابۆکراوێک لە ڕەهەندەکانی ڕستە بترازێت.

زمــانەوانە هاوچەرخەکــان چەمکــی شــیکردنەوەی گوێزانــەوەی فرێــز لە شــیکردنەوە زمانەوانییەکانیــان بــۆ یەکەی بــــالاتر لە ڕســـــتە بەکـــــاردەهێنن، کە پێشـــــتر لە ڕستەسازی دێریندا باسنەکراون و پەراوێزخراون.

**فن الشعر . هونەری شیعر .** Poetics

◊ شاعیرییەت یان شێوازی هونەریی ڕاستکردنەوەی زمان بە هەردوو ڕووەکەی چ پەخشان و چ شیعر.

١ــ(ڕۆمان جاکۆبسن) ئەرکی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە پێناسە دەکات و دەڵێت: مەبەستی پەیام لە ڕووی ئەوەی نێردراوە ئەوەیە، ئەرکی زمانی شیعری لەوانی دی جیادەکاتەوە.

Essais de Linguistique Générale (1963.1973).

٢ـ لە زمانی کۆنی عەرەبی، (القصیدة . قەسیدە) لە (قصد . مەبەست)ەوە وەرگیراوە (پرۆژەی فیکرییە، گوتاری شیعرییە لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی نێردراوە)، بەڵام هونەری شیعر بە هەوێنی دیوەخانی عەرەب هەژمار دەکرێت، واتە کۆکەرەوەی زانست و ڕۆشنبیری و هزری و بیرە لە مێژووی ئەدەبی و شارستانیدا. بڕوانە:

ـ أدونيس، ديوان الشعر العربي، بيروت، المكتبة العصرية، ١٩٧٢.

L’Art Poétique,op,cit.

ـ ابن رشيق، العمدة، جزءان، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٢.

## فهم . تێگەیشتن . Understanding

◊ تێگەیشـــتن وێنــاکردنی شـــتێکە، بەڵام تێگەیانــدن گەیانـدنی واتـایە بە واژە بـۆ هۆشـی گـوێگر، کەچـی هـزر جووڵەی عەقڵە بەرەو پڕەنسیپەکان و گەڕانەوە لێیان بـۆ خوازراوەکە، ڕوانینیش تێبینیکردنی ئەو زانیاریانەیە کە لە دووتوێی ئەو جووڵەیەدا ڕوودەدەن.

١ـ تێگەیشتن لەخۆگرتنی چەمکەکانە، ئەم پڕۆسەیەش بە تـاووتوێکردن دەبێـت، واتە دەرخسـتنی شـتێک ئەنجـام دەدرێت لەو شتانەی پەیوەندییان پێوە هەیە.

٢ـ تێگەیشتن درککردنە بە شتەکان لەڕێگەی پشکنینی ڕواڵەتەکـانی، واتە دەرخسـتنی شـتێک لەنـاو ئەو شـتانەی لەگەڵیدا تێکەڵن و جیاکردنەوەی لێیان.

٣ـ تێگەیشتن پێویستی بە شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و ڕاڤەکردن هەیە.

## فیلولوجیا . فیلۆلۆژی . Philology

◊ فیقهـی زمـان، چەمکێکـی لێڵـە بەشـێوەیەکی ئەوتـۆ نابینرێــت، کە ســنوورەکانی ڕوون و ئاشــکرا بێــت و لە زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب جودایان بکاتەوە.

١ـ (فردیناند دی سۆسێر) فیلۆلۆژی بەوە پێناسە دەکات، کە دەقەکان دیاریدەکات و شرۆڤەیان دەکات، بەڵام گرنگی بە مێژووی ئەدەب و دابونەریت و دامودەزگاکان دەدات. فیلۆلۆژی لە میانەی دەقەکانەوە مەبەستی ناسینی لێهاتوویی نەتەوە و شارستانییەتەکانە، هەروەها پاراستنی بەڵگەکانە وەک تۆمارە بنەڕەتییەکەی.

٢. فیلۆلۆژیا پشت بە مێژووی دەزگاکان دەبەستێت و لە نووسینەکان (Paléogrophie) و شێوازگەرییەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەخنە لە سەرچاوە و چاوگەکان دەگرێت.

٣ـ فیلۆلۆژیا لە سەدەی بیستەم یەک بابەتی ماوە: ئیتمۆلۆژیای دەقەکان لە ئێستادا، لێکۆڵینەوەی فیلۆلۆژی چەند قۆناغێک دەگرێتەوە:

أـ بە مێژوو کردنی بەڵگەنامەیەک یان ڕۆنووسێک (Corpus).

ب ـ لێکۆڵینەوە لە نووسین و ڕوونکردنەوەی ناڕوونییەکانی.

ج ـ بەراوردکردنی گۆڕانە زمانەوانییەکان و ڕێکخستنەوەی خەوش و هەڵەکان، ئەم سێ قۆناغە پەلکێشی دەکەن بۆ دارشتنی چەند پێوەرێک بۆ

ڕەسەنایەتی دەقەکان یان ڕاستگۆییان ( d’authenticité Critères) بڕوانە:


-F.De Saussure, Course de Linguistique Générale.

- Le Langage, Op, Cit .

ـ عبـدالله العلايلـي، أيـن الخطـأ، دارالجديـد، بيـروت، ١٩٩٤.

ـ مقدمة لدرس لغة العرب، بيروت، ١٩٣٦.

# ق

## قاطعة ـ دوو خاڵ لەسەر یەک ـ Asyndeton

◊ یەکێکە لە نیشانەکانی نووسین (Ponctuation)، ناوبڕێکە بە شێوەی دووخاڵ لەسەر یەک (:)دەنووسرێت، وەک:

**باران دەبارێت: ئەمڕۆ دەرناچم.**

## قاعدة ـ ڕێسا ـ Rele

◊ ئامێرێکە بۆ وردبینی و ڕێسا، وەک (ڕاستە ـ مەستەرە)، کە لە کێشانی هێڵە ڕاستەکاندا بەکاردەهێنرێت.

ڕێسا ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکات، کە لەسەر سیستەمێک جێگیر دەکرێن، بەهەمان شێوەش دەبێتە ڕێسایەک بۆ غەیری خۆی، وەک(ڕێزمان لە زماندا)، لێرەدا جیاوازی دەکرێت لەنێوان سێ ئاستی پڕۆسەی بەڕێساکردنی زمانەوانی (میتا زمان):

ـ ڕێسا: ئامرازی ڕێساکردن وەک (ناوەکان (جەزم) نابن، کارەکانیش (جەڕ) ناکرێن).

ـ بەڕێساکراو: ئەو شتانەن کە ڕێسا و ڕێزمانیان بۆ دانراوە، لەوانەش هەن لەسەریان ڕێککەوتوون و هەشن لەسەریان کۆک نین.

ـ بەڕێساکراوتر: ئەوانەن لەسەرووی زمانەوەن و قسەی بەپێز و نەستەق گوزارشتیان لێ دەکەن.

## قافیة ـ سەروا ـ Rhyme

◊ سەروا لە شیعری ستوونی عەرەبیدا یەکەیەکی جیاکاری ڕیتمە، ئەویش بە دابەشکردنی هێزەکان و هەندێک جاریش بە گونجاندنی دەنگی (Assononce)،[١] واتە بە دووبارەکردنەوەی هەمان دەنگ:

**قفا نبک من ذكرى حبيب و منزل**

**بسقط اللوى بين الدخول فحومل** **(إمرؤ القيس)**

---

١ـ گونجاندنی دەنگی (Assononce) بریتییە لە دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ لەو وشانەی لە وتەیەکدا بەرەو دوای یەک دێن، وەک دووبارەبوونی(ه) لەم نیوە دێرە شیعرییەدا: **بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە(وەرگێڕ).**

## قراءة . خوێندنەوە . Reading

◊ خوێندنەوە بە واتا گشتییەکەی ئاماژە دەکات بە ڕووداوی خوێندنەوە و بابەتەکەی بەیەکەوە.

١ـــ ئەوەی دەخوێنــــدرێتەوە و دەوتـــرێتەوە وەک قورئان.

٢ـــ خوێنـــدنەوە ڕەوشـــێکی پەیوەنـــدییە لەنێـــوان یادگەیـەکی دەسـتکرد بـۆ دەقێکـی نووسـراو (نووسـین) و لەنێـوان کـائینێکی مرۆیـی، کە بەهـۆی کـەناڵی بینینـیەوە دەخوێنێتەوە (چاوەکان).

٣ـــ خوێنـــدنەوەی نووســـراوەکان واتـــای جـــێ پێگــرتنەبەری شــوێنەوارەکانی ئاخــاوتن و وەرگێــڕان و شرۆڤەکردنیەتی.

٤ـــــ خوێنـــــدەوە بە تەریبـــــی و پـــــێچەوانەوە (Palindrom; Palindrome) لە شیعر و پەخشـاندا یەک خوێندنەوەیە لەلایەک لە هەردوولایـەکانی وشـەکە (خـوخ، توت، کعک، هتد) یان لە ڕستەدا:

Élu par cette crapule

**قطع . وەکیەک/ جیاکردنەوە .** Parataxis

◊ شـــێوەیەکی تـــایبەتە لە شـــێوەکانی جیاکردنـــەوە لەنێوان دوو ڕستەدا:

باران نابارێت، دەردەچم.

پـــــێچەوانەی پاشـــــکۆ یـــــان گەیانـــــدنە، کە بە (Hypataxe) ناودەبرێت.

**قلب . سەراوژێر/ سەراونخونکردن .** Metathesis

◊ وەک ئاخاوتنی سەراوژێر/ سەراونخوون.

ئەو گـــۆڕانە کتـــوپڕانەیە کە لە دوو دەنگـــی نـــاو وشەیەکدا ڕوودەدات (**رأى ← یرى/ بینی ← دەبینێت**)، یان کۆمەڵە وشەیەکن لە چەند زمانێکەوە پەیدابوون:

- زمانی لاتینی: Parabola
- زمانی ئیسپانی: Palabra
- زمانی فەرەنسی: Parole

**قول . گوتە .** Utterance

◊ گوتراو، واژەکراو، درکێندراوی ئاخاوتن.

جیاوازی لەنێوان سنووری گوتە و سنووری ڕستە یان فریز بەشێوەیەکی جۆرێتی نەک بەشێوەیەکی چەندێتی دەکرێت.

١ـ گوتە تەنیا کەڵەکەبوونی فریزەکان نییە، بەڵکو گۆڕانێکە لە ئاستی دەربڕین، لە حاڵەتێکدا زاراوەی گوتە لە چەمکی فریز کۆنترە.

٢ـ گوتە بەشێکە لە گوتار: بەشێکی گوتارە، کە تاک دەیدرکێنێ، لەپاش و پێشیدا بێدەنگی لەئارادایە، بەم واتایە: گوتار، زنجیرەیی گوتەکانە.

٣ـ جیاوازی دەکرێت لە نێوان گوتە (بە واتای وتراوی زانراو) و ڕاگەیاندنی ئاخاوتن (Enonciation): لێرەدا گوتە ئاماژە بە بوونی کاری نووسین دەکات (نووسراوەکەی خوێندەوە)، یان ئاماژە بە واژەکردنی چەند پیت و دەنگێک دەکات.

# ک

**کتابة . نووسین .** Writing

◊ پرۆسەیەکە لە ڕێگەی چەند پیت و هێما یان نیشانەیەکەوە نوێنەرایەتی زمان دەکات، نووسین شێوەی پیتە نیگارکێشراوەکانە یان نمرەکراوەکانە، هەروەها ئەو شێوازەی تایبەتە بە نووسەرەکە(وێنەی نووسین)، (شێوازی نووسین).

١. نووسینی وێنایی نیگارەکان، نوێنەرایەتی شتەکان دەکەن (Pictographque Écriture) و هێمای بیری (Ideographyue) یان هێماییانە و بڕگەییانە (نیشانەکانی نووسین یان بڕگەیی) و ئەلفوبێ (پیتەکان) یان دەنگی (نووسینی موزیکی: نوێنەرایەتی دەنگەکان و هێزەکان بەشێوەیەکی گونجاو بکات) دەبێت.

٢ـ لە زانستە مرۆییەکاندا جیاوازی لەنێوان چوار جۆری نووسیندا دەکرێت (لە بواری زمانەوانیدا بە هەمان شێوە):

أ ـ نووسـینی دەنگـی/ فۆنـەتیک (Phonétique)، کە پشـت بە نـوێنەرایەتی نیشـانەکان دەبەسـتێت لە دەنگەکـان یان لە بواری گروپە دەنگیەکاندا .

ب ـ نووسینی شیکاری یان نووسینی هەڵوەشاوەیی (Analytique) کە پشت بە گۆڕینی نیشـانەکان بـۆ وێنـەی پیتی/ گرافیم دەبەستێت.

ج ـ نووسـینی دروسـتەیی یـان پێکهـاتەیی، پشـت بە وەرگێڕانی ڕستە یان فریزەکان بۆ هێماکان دەبەستێت.

دـــ نووســـینی ئۆتۆمـــاتیکی (Automatique)، مەبەست لێی دەرخستنی مرۆڤە وەک خودی خۆی (بیان السـوریالیة، أندریـة بروتـون)، بەشـێوەیەک نووسـراوەکە (écrit) بەپێـــی توانـــا گوزارشـــت بکـــات لەو هـــزرەی دەگێڕدرێتەوە.

٣ــ لە بەکارهێنـانی ئاماژەییـانەدا، نووسـین بە دێـر دەکرێت و زمان شـڕۆڤە دەکرێت ـ لە نـاو و پیتەکانەوە ـ لەســەر غەیـری واقـیعە زانسـتی و کـردەییەکەی، ئەویـش بەوەی ئاخاوتنی درکاو و نووسـراو بکرێتە هێزێکی مەزن لەســەر بنەمـای بـاوەڕبوون بە هێـز و سـیحراوییبوون و شاکاربوونی ئاخاوتن، ئەمەش مەسەلەیەکە لادانی زمان لە ئەرکە واتاییەکـانی خـۆی ئاسـانتر دەکـات، بــۆ ئەوەی

ئەرکێکی ئەفسوناوی ببینێت  ـ وەک پیتەکان، کە لەسەر پڕۆسەی سیمبولئاژنی پیتەکان دەوەستێت بەهۆی نمرەکانەوە:

أ=١؛ ب=٢؛ ج=٣؛ د=٤، هتد.

## کلام ـ ئاخاوتن ـ Speech

◊ گوتراو، گێڕدراوە (Le parler).

١ـ بە واتا یۆنانییەکەی (Parubolê)، ئاخاوتن ئاماژە بە بەراوردکردن دەکات، هەروەک ئاماژە بۆ توانا گوزارشتی واژەیی دەکات، کە بیر و هزر و بارودۆخی دەروونی و ئاماژە بە گوتاری نووسراو یان درکاو دەکات، کە وەک هەمەکییەک لەپێشترە و دابەشبوون پەسەند ناکات (**وەک قسەی خودا**).

٢ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە، ئاخاوتن هەموو پێکهاتەیەکی زمانەوانییە، کە تاکەکان لە بارودۆخێکی پەیوەست و گەیاندن بەرهەمی دەهێنن ـ لەسەر ئەم بنەمایە زمان نەک ئاخاوتن دەبێتە بابەتی سەرەکی بواری زمانەوانی.

٣ـ هەموو ئاخاوتنێک بە ئەلفوبێ سنووردار کراوە، کاتێک ڕۆژئاوا سیستەمی ئەلفوبێی کردە سیمبولێک بۆ

پەسـەندە تـایبەتەکەی خـۆی، ئەوا پرۆسـەی ئاخـاوتن تـا ماوەیەکی زۆر کردە تاکە پاساوی نووسین و پوختەییە تەواوەکەی.

٤. نووسین بەرانبەر بە (ئاخاوتن)ە و پەیوەندییەکان دیاریدەکات و پێوەرەکانی دادەڕێژێت، نووسین دەسەڵاتێکی تایبەتی هەیە (**زانستی ڕێزمان هونەری نووسین و وەسفکردنی ئاخاوتنە**)، کە هیچی لە دەسەڵاتی ئاخاوتن کەمتر نییە: نووسین دووبارەدەکاتەوە پابەندی دەکات و تۆماری دەکات.

٥. (دی سۆسێر) ئاخاوتن بەرانبەر بە زمان دادەنێت، هەروەک چۆن تاک و کۆ بەرانبەر یەکتر دەبنەوە، زمان هێماکارە . سیمبولکارە، ڕۆنووسێکی سیمبولکارەیە لەلایەن هەموو ئاخێوەرانەوە، بڕوانە:

-I.DERRIDA, De la grammatologie, Éd. Minuit, Paris, 1968.

-G.Gusdorf, La Parole, Éd, P.U.F, Paris, 1953.

-F.De Saussurf, Cours de ling, Op.cit .

٦ـ ئاخاوتنی سەربەخۆ: ئاخاوتنێکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەبێ یارمەتی بونیادنراوە، و ئاماژە دەکات بۆ

هەمـــان واقـــیعەکەی کە نـــاوەکەی پێشـــوو واتـــاکەی دەبەخشێت:

**محەمەد (د.خ) پێغەمبەری خودا، پێغەمبەری جیهان.**

**کلمة . وشە .** Word

◊ **لۆگـــۆس (Logos)** لە زمـــانی یۆنانیـــدا بە واژە دەوترێت، هەروەک بە خـوازەیی بە گوزارشـتێک دەوترێت **(تعالوا الی کلمة سواء بیننا و بینکم)**، هەروەها بە گوتار و بە عەقڵ و بە هـزریش دەوترێت **(وشـە نـوری ژیـانە)**، لە ڕووی زمـــانەوانییەوە، وشـــە تـــاکە، یەکەی ئاخـــاوتنێکی نایابە.

**کلیمة . مۆرفیم .** Morpheme

◊ شـێوەیەکی واژەییە و ئامـاژە بە بەشـێکی وشـەکە دەکات، بەشـەکەش واتای ئەرکی ئەو وشـەیە دەبەخشێت و واتـای تەوەریـانەی وشـە دەدات بەدەسـتەوە (بـۆ نمـوونە تەوەری گۆشەیی).

١ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە مـۆرفیم هەمـوو یەکەیەکی واتـاییە، کە ئەرکێکـــی ڕێزمـــانی لە زمانـــدا ببینێـــت، لە زمانـــەوانیی ئەمریکیـــدا بە بچـــووکترین یەکەی واتـــایی دەوترێـــت و بەوە پێناســـە دەکرێـــت، کە (پێکهێنەرێکـــی

کۆتاییه): ڕەگ، پاشگر، ئامرازی بەستنەوە یان ئامرازی لێکدەر...هتد.

٢ــ مۆرفیم وشە نییە، مەگەر بە بەرهەڵستیانە بەکارهێنرابێت (هەروەک پیتەکانی جەڕ و ئامرازی بەستنەوە و پیتەکانی (النصب) و پیتەکانی (الجزم) )، بەگشتی سەربار دەکرێتە سەر یەکەیەکی سیمایی یان واتایی، و دەرەنجام لەگەڵیدا گۆشەیەکی سەربەخۆ لە زنجیرەی ئاخاوتندا پێکدەهێنن، کە هێزی بەکارهێنەرانی کردەیی لێوە بەدەستدێنێت.

٣ـ تاگمیمی/ یەکەی قاڵب (Tagmeme): خەسڵەتی مۆرفیمە، ئەوەی پەیوەندی بە ئەرکەکەیەوە هەیە، کە ناوە (Tagmème) و یەکەی دەرکەوتنی پلەبەندییە، بەشێوەیەک پێشینەی بۆ ئەرکەکەیەتی نەک شێوەکەی، پێشینەکەی بۆ واتاکەیەتی نەک بونیادەکەی.

**كناية . دركە .** Metonymy

◊ پرۆسەیەکی زمانەوانییە و پشت بە بەکارهێنانی ناوێک لەجیاتی ناوێکی دی دەبەستێت:

ـ **هەموو شارەکە بە مەسەلەکە دەزانن**، لەجیاتی: **هەموو خەڵکی شارەکە مەسەلەکە دەزانن.**

ـ **دە شمشێر**، لەجیاتی **دە جەنگاوەر.**

# ل

**لاحقة ختامية . گیرەکی ڕێزمانی .** Inflexion

◊ تەرزێکی تایبەتی پاشگرەکانە، کە وەک پاشگرێکی هەمیشە دانراو لە کۆتایی وشەدا کاردەکات.

جیـــاوازیکردن لە نێـــوان پاشـــگر (Suffixe) و نیشانەی ڕێزمانی زیاتر پشت بە ناوەڕۆک دەبەستێت نەک شـێوە، نیشـانەی ڕێزمـانی (کۆتـایی وشـە) نیشـانەیەکی ڕێزمانییە وەک(ژمارە و جۆر و کار و کات و کەس و کۆ، هتد.) پاش پاشگری ئاسایی دێت، هەروەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

| | | |
|---|---|---|
| Chant | eur | s |
| Redical | Suffixe | Desinence |

**لاصقة . گیرەک .** Affixe

◊ گیرەک.

لە شیکردنەوەی بونیادگەریدا، وشە لە ڕەگ یان بنج و پێشـگرەکان پێکـدێت و سـەرباری دەکرێـت و واتـا و ئەرکەکەی دەگۆڕێت، گیرەکەکان چەند جۆرێکیان هەیە:

ـ پێشگر (Prefixes) لەپێش ڕەگەوە بەکاردەهێنرێن:

Mal ⟶ Maladroit

ـ گیرەکی ناوخۆیی (Inifixes) لەناو بنجەکەدایە، هەروەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت، کە لە تاگالۆگ (Tagalog)ەوە وەرگیراوە، کە زمانی سەرەکی وڵاتی ئەندەنووسیایە و واتای (ئەو کەسەی دەنووسێت) دێت:

Su: LAT ⟶ SU MU: LAT.

ـ گیرەکی ئاسایی بۆ شێوە بنجیەکە دەکرێتە پاشگر:

Petit ⟶ Petitesse .

ـ گیرەکی کۆتایی، هەمیشە لە کۆتایی وشەدا دێت:

Petitesse ⟶ Petitesses .

**لحن( لحن في الاعراب). هەڵە .** Solecism

◊ هەڵەیەکی ڕێزمانییە، ئاماژە بۆ خەوش یان هەڵەیەکی زمانەوانی دەکات، هەڵەی زمانەوانی بە دوو ڕوو دەبێت:

١ـ لە ڕێزماندا، هەڵە پابەندنەبوون بە یاسای ڕستەسازی دەگەیەنێت.

٢ـ ئەو هەڵەیەیە کە لە ڕێسا زمانەوانییەکان دەکرێت.

N.B.تێبینی: ناکرێ تێکەڵی لەنێوان هەڵەی ڕێزمانی و هەڵەی موزیکیدا بکرێت، کە گۆرانی و ڕیتمی پێ ناوزەد دەکرێت.

**لسان . زمان .** Language

◊ زمانی نەتەوەیەک (Idiome) زمانی قسەکردنێتی، کە نەتەوەیەک بەکاری دەهێنێت (زمانی عەرەب)، کەچی زمان زنجیرەی قسەکردنە، کە نەتەوەیەک لەسەری ڕێککەوتوون و لە بەکارهێنانیدا ڕاهاتوون.

١ـ زمان ڕیسکی نیشانەکانە، کە بۆ پەیوەندیکردن یان ئاڕاستەکردنی گوتار لەنێوان تاکەکاندا بەکاردەهێنرێت، زمان تایبەتە بە مرۆڤ، کەچی (اللغة/ زمان) بە هەندێک لە زمانەکانی مرۆڤ دەوترێت، هەروەک بە زمانی ئاژەڵ و نیشانەکانی هاتوچۆ و جووڵەکان دەوترێت، جگە لە زمانی واژەیی، کە زاراوەیەکە بۆ تەنها بۆ (زمان/ لسان)ی مرۆیی بەکاردەبرێت.

٢ـ زمان بەکارهێنانی نەتەوەیەکە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ توانای گوتار و پەیوەندییەکان **(واتە تواناکانی زمان یان ئاخاوتن)**، زمان ڕیسکێکی ڕێزمانی لەخۆدەگرێت، کەچی ئاخاوتن کارێکی تایبەتە بە هەموو

تاکێک: زمانی ئاسنگەرە عەرەبەکان بەشێکە لە زمانی عەرەب.

٣ــ زمان بەرهەمێکی هەمەکییە، نەتەوەییە، شێوەزاری زارەکی کۆکاریکی لقییە لە کۆی زمانە نەتەوەییە فەرمییەکە: زمانی نووسین و قوتابخانە و کاروبارە فەرمییەکان، و قسەپێکراوی خۆجێی (شێوەزار) بەشێکن لە زمانی زارەکی گشتی، کە سەر بە زمانی نەتەوەکەیە: زمانی عەرەبی(کوردی)

↓

زمان

↓

زار

↓

شێوەزارەکان

٤ـ زمانی پیشە، دەستکرد(Artifical Language):

زمانی کتێبەکانی قوتابخانەیە، کتێب بارودۆخێکی ئەدەبی هەیە، کەچی بڵاوکراوە(Brochure) پەیوەندی بە ڕاگەیەنراوی بازرگانی و نابازرگانییەوە هەیە چ بە ڕۆژانە و چ بەگشتی.

٥ــ زمانی نەتەوەیی بە چالاکی گەڕەلاوژەیی ــ ژاوەژاوی یان زمانەوانی دەوترێت (Langagière)

(Activité، قسەکردن لەسەر زمان بۆ باسکردنی زمانی نەتەوەیی ڕاپێچمان دەکات و قسەکردنیش لەسەر زارەکی پەلمان دەکێشێت بۆ باسکردنی جوگرافیای شێوەزارە خۆجێییەکان.

**لسانة . زمانەوانی .** Linguistics

◊ زمانەوانی، زانستی زمان، زمانناسی.

١ـ زمانەوانی لێکۆڵینەوەیە لە زمان بەشێوەیەکی زانستی، زمانەوانی بە یەکێک لە زانستە مرۆییە تۆکمەکان هەژمار دەکرێت، کە لە سەدەی نۆزدەوە لە هەوڵدایە بۆ بەرهەمهێنانی زانستێکی ورد و یەکلاکەرەوە و گرنگی دەدات بە دیاریکردنی پەیوەندییەکان و وەسفکردنی ئەرکەکانی.

٢ـزمانەوانی زانستێکی مرۆییە، ڕەهەندێکی ڕۆشنبیرییە، وێنەیەکی ڕەسەنە دەربارەی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، کە لەگەڵ زماندا لە هەموو زمانێکدا پیادە دەکرێن.

٣.(دی سۆسێر) ئەم شتانە لە یەک جودا دەکاتەوە:

ـ زمانەوانیی بونیادگەریی (شرۆڤەی دەکات، دابەشی دەکات، ڕێکیدەخات).

ـ زمانـەوانیی بەرهـەمهێنان/ گوێزانـەوە: زمـان ڕیسـکێکی ڕێزمــانییە، کە بــوار دەدات بە گواســتنەوە لە بونیــادی ڕووکــەش/ بینــراو، بــۆ بونیــادی قــوول/ داپۆشــراو و بە پێچەوانەشەوە.

ـ زمانـەوانیی جیاکـاری، ئامـانج لەم بـوارە بەراوردکردنـی ڕیسکەکانی یەک زمان یان چەند زمانێکە.

٤ـ زمانەوانیی ڕەچەڵەکناسی (Ethnolinguistics) لەگەڵ زمانــــــەوانیی کــــــۆمەڵایەتی و زمانــــــەوانیی مرۆیی(ئەنسـرۆپۆلۆجی) و تەنـانەت جوگرافیـای زمـانەوانی یەکدەگرێتەوە:

هــەرچی زمانــەوانیی مرۆڤناســییە گرنگــی بەمــانە دەدات:

(أ) پێوانـەکردنی زمـان و بینینـی جیهـان، ئەویـش بە گوێرەی پۆلێنی فەرهەنگی و ڕستەسازی.

(ب) لێکۆڵینەوە لە بۆچوون و بێشـبینی عەقڵانیـەت لە زماندا.

(ج) لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکان.

٥ــ زمانــەوانیی دەروونــی (psycholingustics): زاراوەیەکە هەردوو زانــــــــا (ئۆســــــــــگۆرد و

سیبیۆک (E.Ossgood/T.A.Sebeok) لە ساڵی (١٩٥٤) دایانناوە و ئەم دوو واتایە لەخۆدەگرێت:

ـ یەکەمیـان لێکـۆڵینەوەیە و شـرۆڤەی لـە ڕێچـکە سـمبولەکان دەکـات، بە ڕاددەی بەسـتنەوەی ئەم ڕێچکـانە بـۆ حاڵەتەکـانی نـامە نێردراوەکـان و بـارودۆخی بـکەری گوتارەکان.

ـ دووەمیـان، واتـای ئەو زانسـتە لەخۆدەگرێت، کە لە مەرجەکـــانی بەرهەمهێنـــانی زمـــان و تێگەیشـــتنیان دەکـــۆڵێتەوە، ئەمەش واتـــایەکی جـــودایە لەوەی بە دەروونناسیی زمان دەناسرا.

## لعبة كلمات . یاری/ گەمەی وشەکان . Word game

◊ هەمـوو ئەو شـێوازانە دەگـرێتەوە، کە هاوشـێوە ژەنیارییەکان بەکاردەهێنن بۆ گۆڕینی واتای ڕستەیەک یان تێکەڵاوکردنی (گەمەکردن بە واژەکان)، ئەم گەمە قسـەییە پشت بە لارکردنی واتا و گۆڕینیان دەبەستێت.

لە زمانی میللیدا (ئاستی شێوەزار و زارەکییەکە) وا وەسـفی ئەم حـاڵەتە دەکەن، کە (جعدنـة)یە یـان (طـق حنک)ە، وەک ئەوەی لەسەر دوو گوریس یان زیاتر وازی

بکرێت، ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا ڕابواردنێکی قسەییە و بەبێ سیستەم ئەنجام دەدرێت (salade de mots).

**لغة . زمان .** Language

◊ بڕوانە مادەی (زمان).

زمـــان هەمـــوو ئەو ڕیســـک و سیســـتەمانەیە (systeme)، کە پشت بە نیشانە و سیمبولەکان دەبەستن و ئەرکـــی توخمەکـــان جێبـــەجێ دەکەن و ژمارەشـــیان بێکۆتـایە و وەرگـری پێکهـاتن و بەرهەمهێنـانی وتەکـانن بە ڕاددەی ژمارەیەکی بێکۆتا.

١ـ سەر بە زمانن: زمانە سروشتییەکان ـ ئاساییەکان و هێماکانی لۆجیک و ماتماتیک و سروت و پەرستشـەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان هەموو سەر بە زمانن.

٢ـ زمـانی جووڵـە (Gesture Language): زمـانی جـووڵەکردنە و هەمـوو بـزاوت و جووڵـەکـانی خـاوەن بەهـا واتاییەکان دەگرێتەوە، وەک جووڵەی دەست بەرزکـردنەوە بە مەبەسـتی سـڵاوکردن و جـووڵەی دەسـتەکان بـۆ چەپڵـە لێدان.

٣ـ زمـانی ئـاژەڵ (Animal Language): زمـانی ئـاژەڵانە و زمـانی گوزارشـتکردنی ئـاژەڵانیش لای مـرۆڤ

دەربــارەی بــارودۆخی دەروونــی وروژێنــراوە ــ وەک پەیوەنــدییەکانی نێــوان خانەوادەکــان و نــەوەکانیان، (هــو وریـــا) هۆشـــداری، بـــانگکردنی ڕەگەزی (إســـس) و ناکۆکییەکان و قەدەغەکراوەکان.

٤ـزمـانی نهێنـی (Langage Secret): ڕیسـکی پەیوەنــدیکردن هێماکــانی نازانرێــت، مەگەر ژمــارەیەکی دیـــــاریکراوی تاکەکـــــان نەبێـــــت (نووســــــینی هێماکراو (Cryptogrophie).

٥ـمیتـا زمـان (Meta - Language): زمـانێکی ســـەروو، بەڕێســـاکراو، کە بـــۆ وەســـفکردنی زمــــان بەکاردەبرێـت لە پـلەکەی دووەمیدا ـ وەک بـکەر و بەشــی نـــاوی، کە هەردووک لەو وشـــانەن ســـەر بە ســـرووی زمانـەوەن، میتـا زمـان زمـانی ڕاسـتەقینە شـیدەکاتەوە، کە دارێـژراون یـان لەسـەری ڕاهـاتوون: زمـان ـ شـتەکە (langue - objet).

٦ـزمـانی زانیـاری (Informatic Language): زمــانی ڕاگەیانــدنی ئۆتۆمــاتیکی، کە پشــت بە وەرگێڕانــی وێنەکــان دەبەســتێت بــۆ زمــانێکی بینــراو/ وێنەکراوــــ وێنەگیراو، کە وا دەخوازێت وێنەی پڕوپاگەندە و وێنەی پەروەردەیـی جیـاوازی لە نێوانیانـدا بکرێـت، لەم بـوارەدا

ســوود لە میتــۆدی شــیکاری ســیمیائی (نیشــانەکان و هێماکان) وەردەگیرێت.

**لغو ـ گوتنی دووبارە/ گەڕەلاوژە ـ Tautology**

◊ دەرەنجام.

گەڕەلاوژە/ گــوتنی دووبــارە قســەیەکە واتــا و بـابەتەکە تیایـدا لە ڕووی واتـاوە یەکسـانە، وەک قسـەکانی (لاڤـۆنتین): **پێتــان دەڵـێم بەم دوایــیە ببنــیم، بەهەردوو چاوەکانم ببینمن.**

گەڕەلاوژە ئەو قســەیە کە پێــی وایە پاســاوێک یــان شـرۆڤەیەک پێشـکەش دەکات، تەنیا دووبارەیەکی قسـەیی پێشکەش دەکات: واتـا: شـرۆڤەی ئـاو دەکات، پـاش ئەوەی لەناو ئاودا هەوڵدەدات.

# م

**ماهیة ـ کرۆک/جەوهەر ـ** Substance

◊ ئەوە چییە: کرۆکی قسەکردن و ماددەکەی.

١ـ کرۆکی کۆمەڵە فاکتەرێکی ماددی و جەوهەری، کە ئاخاوتن پێکدەهێنن.

٢ـ کرۆک: ماددەی وشە واژۆکەکەیەتی: وشەکەیە، یان ئەو وشەیەیە کە بە خۆیەوە بوونی هەیە و بۆ خۆی بوونی هەیە بەبێ ڕستەکە یان بەبێ فرێزەکە.

٣ـ کرۆک چەند پلەیەکی هەیە، لەوانە:

ـ کرۆکی سادە: هاوشێوەی واژەکان و تێکەڵکردنیان.

ـ کرۆکی جۆری: لە وێکچوەوە بۆ هاوشێوەوە.

ـ کرۆکی چەندی: یەکسانی یان یەکسانبوون.

ـ کرۆکی هاوڕەگەزی: هاوشێوەبوونی ڕەچەڵەک و پەیوەستبوونەکانیان.

ـ کرۆکی بنج: گونجانی سروشت.

### مبالغة . زیادەڕەوی . Prolixity

◊ ١. زیادەڕەوی؛ قسەکەر وەسفێک دەکات، پاشان زیاتری بخاتە سەری، بەشێوەیەک واتاکە ڕەوانبێژتر بکات لەو واتـــایەی مەبەســـتێتی، (بڕوانــــە: الكليــات)، دەڵـــێن گوتــاربێژێکی زیــادەڕەو، و گوتــارێکی زیــادەڕەوی تێــدا کرابێت.

٢ــــــ زیـــــادەڕەوی (Hyperbole) شــــــێوەیەکی شـــــێوازیانەیە و پشـــــت دەبەســـــتێت بە زێـــــدەڕەوی لە گوزارشتە بەکارهێنراوەکان، کە لە ڕەوانبێـژی بەرجەستە دەبێـت، وێنەیەکـی شـێوازیانەیە کە پشـت بە ڕۆچـوون لە بەکارهێنـانی ئەو گوزارشـتانە دەبەسـتێت، کە لە واقـیعەکە دەترازێت بە مەبەستی سیحراویکردنی عەقڵ، هەروەک لەم وتەیەدا دەردەکەوێت: **لە ترسان مرد.**

### متشابه . لێکچوو . Equivocal

◊ ١ـ لێکچـوو بە پـێچەوانەی پـڕ بە پێسـتە، کە یەک واتــا یــان یەک بەهــای ئەگەرکـراو وەردەگرێـت، لێکچـوو تـێکەڵ و پێکەڵییەکی تێدایە، کە ئامـاژە بـۆ چەند واتـایەکی ئەگەرخواز دەکات.

٢ـ لێکچوو بەهایەکی دوانەیی یان زیاتری هەیە، بە هەموو ئەو شتانە دەوترێت، کە دوو بەها یان دوو واتایان لە یەک کاتدا هەیە: هەستێکی دوو بەها، هەستێکی دوانەیی **(خۆشەویستی و ڕق لێبوون بەیەکەوە).**

**متکلم ـ قسەکەر / ئاخێوەر ـ** Speaker

◊ لە ڕووی زمانەوانییەوە، قسەکەر بە یەکەم کەس دادەنرێت و لە پەیوەندیکردنیشدا قسەکەر نێرەر و پەیامبەرە، کەچی گوێگرەکەش وەرگر یان ئەو کەسەیە کە پەیامەکەی بۆ دەنێردرێت.

بە شێوەیەکی تایبەتتر، قسەکەر کەسێکە گوتار ئاراستەی کەسێکی دی دەکات، ئاراستەی گوێگر (Auditeur) یان وەرگری گوتارێک (Allocuté) دەکات.

**مثل ـ پەند ـ** Proverb

◊ ١ـ قسەی نەستەق، پەند، قسەیەکی باوی میللییە، دارشتنێکی ئامادەکراوە بۆ گوزارشتکردن لە ڕاستەقینەیەکی باوەڕکراوی گشتییە، وەک (عدو جدک لا یودک ـ دوژمنی باپیرەت خۆشتی ناوێت)، ئەم شێوازە بە زۆری لە قسەدا (parler) بەکاردەهێنرێت، پەندەکان بە

شێوازی ڕۆشنبیرییکردن یان بۆماوەیی ڕۆشنبیری زارەکی یان نووسراو دەگوازرێتەوە.

٢ــ پەنــد (parable) ئاخــاوتنە، پەنــدیارییە، پەنــد وەرگــرتنە، ئەو چیــرۆکەیە کە کــڕۆک و مەبەســتەکە تێــدا حەشاردراوە، ئاخاوتن و پاساو و بەڵگەیە.

٣ــ ئەرکــی پەنــدەکان لێکچوانــدن و بەراوردکــردن و پەندوەرگرتنە.

## مجاز . خوازە . Trope

◊ زاراوەیەکــی ڕەوانبێــژییە، لە ڕووی کــردەییەوە بە دوو ڕووداوی جــــودا دەوترێــــت و لە شــــێوەی چەنــــد وشــەیەک بەرجەســتە دەبێت، وەک لێکچووانــدن و پەلار و خوازەی نێردەیی، لەسەر هەموو ئەو شێوانە پیادە دەبێت، کە پەل بۆ گۆڕانی واتا دەکێشن.

هـــــەرچی خـــــوازەی نێردەییـــــە، شـــــێوازێکی گوزارشتکاری واتایەکی گشتگیرتر لە واتــا ئاسـاییەکەی بە وشەکان دەبەخشێت و پشت بە گوزارشتکردنی (بەشەکی) دەبەستێت، وەک ئاماژەکردنێک بۆ (هەمەکی):

ئاسن ← شمشێر

چل چارۆکە ← چل کەشتی.

بڕوانە: کناية: Metonymie

**مجانسة. هاوبێژی .** Homonymy

◊ هاوبێژی زمانەوانی ئەگەریبوونی هاوبەشیی یەک واتایە (یەک شێوەی دەنگییە) لە چەند واتاکراو یان چەند واتایەکی جودادا، وەکو:

CHER / CHAIRE

PÉRE / PAIR

MER / MÉRE / MAIRE

**مجزوء . بەشەکی .** Segment

◊ بەش، پارچە.

بەشەکان- پارچەکان، لە زنجیرەی یەکەکان پێکدێن، کە لە وتەکان یان درکێندراوەکانەوە وەرگیراون، وەک وشە، کۆپلە لەناو دەقدا.

بەشەکی ئاخێوەرانە لە بواری زمانەوانیدا، ئەو بەشەیە کە پەیوەندی بە فۆنیم هەیە، واتە پەیوەندی بە یەکەی دەنگییەوە هەیە.

بەرانبەرەکەشی سەرووی بەشەکییە (Suprasegmental).

**محاكاة . لاساییکردنەوە .** Onomatopoeia

◊ لاســـاییکردنەوەی دەنگـــی لاســـاییکردنەوەیەکی نوقسانە بۆ گەڕەلاوژەیەک یان هاوارێکی نازمانی.

گوزارشـــت لە بونیـــادی زمـــانی دەنـــگ دەکـــات و بەرانبـــەر بە وشـــە گوزارشـــتکارە ڕاشـــکاوەکانە، چـــونکە لاســـاییکردنەوە بەهـــۆی وشـــەکان یـــان لەمیـــانەی کۆبوونەوەیەکی سادەی چەند فۆنیمێک بەڕێوەدەچێت.

لێرەدا دوو جۆر لە لاساییکردنەوەی دەنگی هەیە:

أـ لاسـاییکردنەوەی دەنگـی مەبەسـتدار: بـۆ نمـوونە لاساییکردنەوەی کەسایەتییەکی سیاسییە.

ب. لاساییکردنەوەی دەنگی هەڕەمەکی: لاسـاییکردنی کەسێک بۆ کەسێکی دی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی.

**محمول . گوزارە/ خەبەر .** Predicate

◊ حەواڵەکراو.

لە زمانەوانیدا جیاوازی لەنێوان گوزارە و بابەت یان بابەتۆکە دەکرێت:

ــ گـوزارە لەگەڵ گروپـی کـار یـان لەگەڵ کـار لە ڕستەی سادەدا یەکدەگرێتەوە.

. کەچی بابەت لەگەڵ بکەرەکەدا یەکدەگرێتەوە.

**ژیا ⟵ کار ⟵ گوزارە ⟵ حەواڵەکراو**

**کوڕەکە ⟵ بکەر ⟵ بابەت ⟵ حەواڵەبۆکراو.**

لەلایەکی دیکەوە جیاوازی دەکرێت لەنێوان بابەت (یان حەواڵەبۆکراو) و جەختکراوە یان لەنێوان بابەت و زانراوەکەی (گوزارە: Propos)، واتە ڕاگەیەندراوی سەربارکراو بۆ بابەتەکە. بڕوانە:
R.JAKBOSON, Essais de Linguistique générale, op cit.

**محور . تەوەر .** Axis

◊ تەوەری ئاخاوتن، لەوانە:

١ـ تەوەری ئاسۆیی/ Syntagmatic Axis: لە دەربڕینەکەی (ڕۆمان جاکۆبسۆن) ئاماژە دەکات بۆ تەوەری جووتەکان و بەستەرەکان و دراوسێیەکان، هەروەها تەوەری جێگۆڕکێشی پێ دەوترێت.

٢ـ تەوەری ستوونی/ : Paradigmatic Axis: لە هەموو خاڵێکی تەوەری ئاسۆیدا بژاردەیەک هەیە، ئەو توخمانەی ئەگەری گۆڕینیان هەیە، دەکرێ بەوانە جێگۆڕکێیان پێ بکرێت، کە بە شێوەیەکی کردەیی

دیـــاریکراون، ئەوەی لە زمانەوانیـــدا بە: گۆشـــەکان واتە پلەبەندییەکانی جێگۆڕکێی ناوزەد دەکرێن.

(جاکۆبسـۆن) ئەم تەوەرە بەوە پێناسـە دەکـات، کە: تەوەری بژاردەکـانە یـان پوختەکراوەکـانە یـان ئـاڵوگۆڕ و مشتومڕەکانە یان تەوەری پەلارەکانە.

## مدلول . هێمابۆکراو . Signified

◊ ئامـــاژە بـــۆ چەمـــک یـــان نـــاوەڕۆکی نیشـــانە زمـانەوانییەکە (Signe Linguistique) دەکـات، واتە بـۆ ئەو شتەی هێمابۆکراوەکە دەریدەخات.

## مدونة / عینة . نموونە . Corpus

◊ کۆمەڵە پێدراوێک یـان زانیارییـەکی ڕێکخـراوە، کە پێشـتر بە یەک چـۆنێتی پێشـاندراون: (**ڕۆژگـاری عەرەب**) (**دیـوانی عەرەب**) (**ئەفسـانە یۆنانییەکـان ـ ڕۆمانییەکـان**) (**نەخشەکانی بیزەنتە**)،...هتد.

١ـ نموونــە کـۆمەڵە زانیـارییەکی واقعـین و خـاوەن کاران.

٢ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە نموونە ئاماژە دەکات بۆ چەند وتە و زانیارییەکی دیاریکراو، کە شیکار دەکرێن: (زمانی عەرەب، پەندەکانی عەرەب).

٣ـ چەرخی نموونە لای عەرەب چەرخی نووسین و زانست و دارشتنی یاساکان (بە یاساکردن) و ڕێساکان (ڕێساکردن)ە، واتە چەرخی گەڕانە لە بواری ڕاگەیاندن و زانیارییەکان.

## مرجع ـ سەرچاوە ـ Reference

◊ سەرچاوە، گەڕاوە.

١ـ سەرچاوە لە ڕووی زمانەوانییەوە، گەڕانەوەیە بۆ ئەو شوێنەی تیایدا بووە، کەچی چارەنووس(المصیر)،(کە الصیرورة بەشێکە لێی) گەڕانەوەیە بۆ ئەو شوێنەی تیایدا نەبووە (الکلیات)٠

٢ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە سەرچاوە ئاماژە دەکات بۆ ئەو شتانەی نیشانەی زمانەوانی بۆیان حەواڵە دەکات، تەنانەت لە جیهانی ڕاستەقینەشدا(واقعی نازمانی)، یان لە جیهانی خەیاڵیشدا هەر بە هەمان شێوەیە. (سەرچاوە) ئاماژە بۆ شتە ناوبراوەکە یان ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکات، کە هێماکەی بۆ بەکاردەهێنرێت.

٣ــ شــتی ڕاســتەقینە یــان خەیــاڵی: بە بــۆ گەڕاوە ناودەبرێت.

٤ـ سـەرچاوە ئەو پەیوەندیەیە، کە لە نێوان وشـەکان و گەڕاوەکـــان ـــــ ســــەرچاوەکانیاندا هەیە لە ڕووداو و کاروبارەکــــــان و مەبەســـــــت و مەرامەکـــــــان و چۆنێتیەکان،...هتد.

٥ـ ئەرکـی سـەرچاوە پەیوەنـدی بەو دەوروبـەرەوە هەیە، کە بە سەرچاوە نـاوزەد دەکرێت، لێرەدا گەڕاوەکە ـ ســەرچاوە بەوە وەســف دەکرێــت، کە پێگەیەکــە کاتێــک ئامــاژە بــۆ ئەو شــوێنەی دەکــات، کــە هەردوو ئاراســتەی گوتــار لە چرکەســاتی قســەکردنی نێوانیانــدا دەیگــرنەوە، بەوەش وەســف دەکرێــت، کە دەقێکــە کاتێــک ئامــاژە بــۆ تــوخمی دی دەکــات، کە لە دەقە هاوبەشــەکەدا جێبەجــێ دەبن.

٦ـ ســەرچاوەی ڕاگەیانـدن ئەرکـی ئەو نـامەیەیە، کە بــوار دەدات بە نیشــانەیەکی زمــانەوانی بە واتابەخشــین لەسەر کائینەکان یان شتەکانی جیهان لە بواری نازمانیدا:

أــ کاتێــک واتــای نیشــانە دەبەخشــێت، واتــایەک بە دەستەوە دەدات.

ب ـ کاتێک نیشانە واتابەخشە، ئەوا بۆ سەرچاوەکە حەواڵەی دەکات.

**مرسلة الیه ـ نێرەر ـ** Transmitter

◊ نێـــــرەر یـــــان پێشـــــوازیکەرە و بەرانبـــــەر بە پەیامبەرەکەیە.

نێـرەر ئەو پێشـوازیکەرەیە، کە پەیامێـک پێشـوازی دەکات، کە لە پەیامبەرێکەوە ئاراستەی دەکرێت.

**مرسل ـ پەیام ـ** Message

◊ پەیام، نامە، زنجیرەیەکی بەدواییەکە لە نیشانە و هێماکـان پێکهـاتووە، کە پەیامبـەرێک یـان پەخشـکارێک دەیاننێرێت، بۆ وەرگرێک یان پێشوازیکەرێک، ئەویش لە ڕێگـەی گواسـتنەوە و پەیوەنـدیکردنەوە (ڕۆژنـامە، گۆڤـار، کتێب، نووسراو، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، مۆبایل، فاکس، هتد). پەیـام بە شـێوازەکانی زارەکـی و ئاراسـتەکردنی گوتـار و نووسین و بیستن و بینین دەبێت.

هەموو نێردەیەک دەوروبەرێکی هەیە، کە هاوکێش و یەکسـانە لەگەڵ چەمکی دەقە هاوبەشـەکەدا: یەک پێگەشـی هەیە، بە واتـای سـەرچاوەی جێگیـر و دانـراو، و بـوار و

پـــێگەکە هەردووکیـــان لەم حـــاڵەتەدا لەلایەن هەردوو گوتارکارەوە ناسراون.

**مرمی . ئامانج .** Target

◊ لە زمـانی ڕاگەیاندنـدا بەو لایەنە دەوترێـت، کە بە ئامـانج دەگیرێت، واتە بەو کەسانە دەوترێت، کە هەڵمەتـی ڕاگەیاندن یان پڕوپاگەندە دەیانگرێتەوە.

لە ڕووی تەکنـیکەوە ئامــانج بە نیگـارکردنی چەنـد بازنەیەکی تێکهەڵکێش دیاردەکرێت: کە بارودۆخی تاکەکان لەناویاندا سەنتەرە، ئەگەر لەنـاو گوتارەکانی یەکەمدا بـن، هەروەها پەراوێزانەش دەبێت، ئەگەر ئەو تاکانە گۆشـەگیر و دوورەپەرێز بن.

**مستمعون . گوێگرەکان .** Audience

◊ گوێبیســــــتەکان/ بینەرەکــــــان/ وەرگرەکــــــان، پێشوازیکارەکان.

گوێگرەکـان لە جەمـاوەر پێکـدێن، کە پەیامـەکان لە دەرگاکـــانی ڕاگەیانـــدنی ڕادیـــۆ و تەلەفزیـــۆنەوە و لە گوتـاربێژە ڕاسـتەوخۆکان و وانەبێـژان و گفتوگۆکـارانەوە وەردەگرن...هتد.

گوێگرەکـان بەوە وەسـف دەکـرێن، کە جەمـاوەری گوێگرن/ بیسـەرن، بینـەرن، پەیامـەکان بە دەنگ و وێنە و بە هەستەکان پێشوازی لێ دەکەن.

هـەرچی گوێگرەکانـە وەک ئامـانجی ڕاگەیانراوانـە، ئەو کەسـانەن کە گوێیـان لێبـووە یـان بینیویـانە، گـوازراوەیەکی (Support) ڕاگەیەنـدنانەی دیاریکراویـان خوێنـدۆتەوە و کـاریگەربوونە پێـی، بەم واتـایە دەربـارەی (جەمـاوەرێکی بەسـوود) واتە ژمـارەیەک گـوێگر لەژێـر کاریگەریـدان، بە ئامـانجی ئەو ئـامرازەی ڕاگەیانـدن ناوەرۆکێکیان ئاراستە دەکات.

**مستوى اللغوي ـ ئاستی زمانەوانی ـ** Level Language

◊ ١ـ لە ڕووی زمـانەوانییەوە، ئاسـت ڕوانـگەی شـیکردنەوەی زمـانە، بـۆ نمـوونە ئاسـتی دەنگـی لە چینـی دەنگ، و ئاستی واتاسازی و ئاستی ڕستەسـازی پێکدێت، (المسـتوى) لە (سـوى)ەوە هـاتووە، واتە دوو شـت بە یەک ئاست بن، ئاستێک بە ئاستێکی دیکە بپێورێت.

٢ـ لەنێـوان زمـانی لاسـاییکار و زمـانی نووسـراو ناوچەیەکی هاوبەش هەیە، کە بە زمانی بەکارهێنراو ناوزە دەکرێـت، لەنێـوان ئەم دوو زمـانەدا ـ بـۆ نمـوونە لەنێـوان

زمــانی شــیعریی و زمــانی ڕۆژانەدا ــ ئاســتی زمــانی بەکـارهێنەرانە، کە هەنـدێکیان بەرەو زمـانێکی ڕۆشـنبیری هەنگـاو دەنـێن، کەچـی هەنـدێکی دیکەیـان زمـانی میللـین، لەگەڵ ئەوەشدا زمانێکی هاوبەش لە نێوان زمانی شـیعریی و زمانی ڕەمەکی خەڵک دەمێنێتەوە.

٣ـ جیاوازی لەنێوان ئاستە زمانەوانییەکان یان ئاستە زمانییەکــان بە گــوێرەی پێوەرگەلێــک دەکرێــت، کە دیارترینیان ئەمانەن:

**أــ پێـوەری کـۆمەڵایەتی:** ڕەنگـدانەوەی جیـاوازی کــۆمەڵایەتی و ڕێکبــوونی ئاســتە ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتییەکانە.

**ب ـ پێوەری زمانی:** ئەم جیاکاریانەی هەیە:

ـ زمانی ڕەسەن، گرانبەها، نایاب، باڵا.

ـ زمانی خوازراو، کەم، ڕواڵەتی، ڕاستەوخۆ.

ـ زمانی سەرقاڵ، دروستکراو، تەنراو.

ـ زمانی بێلایەن.

ـ زمانی ڕاهاتوو، گشتی، هاوبەش.

ـ زمانی پەراوێزخراو، پەکخراو.

ـ زمانی ڕەق و تەق،...هتد.

**ج ـ پێوەری فەرهەنگی:** لەوانە: زمانی ئەدەبی، زمانی گشتی، زمانی تەکنیکی یان پیشەیی تایبەت.

**د ـــ پێـــوەری زمـــانی نەتەوەیـــی:** لەوانـــە: زارە خۆجێییەکان، ڕەمەکی و زمانێکی هاوبەش هەیە.

## مشیر ـ ئاماژەکار/ پێڕست/ ئیندێکس ـ Index

◊ ئاماژەکـــار، ئینـــدێکس، دۆزەرەوە بە واتـــای (فەهرەست ـ پێڕست).

١ـ ئاماژەکار هێمایەکی دیار و زەقە، هێمای بوونی شتێکی دیارە، ئەرکەکەی ڕوونکردنەوەی شتێکی دیار و ڕوونکـردنەوە یـان واتابەخشـین و ڕوونئـامێزکردن یـان پێنوێنکردنی شتێکی لێکۆڵراو دەبینێت.

٢ـــ لە ڕووی زانیـــارییەوە، ئاماژەکـــار زانیـــارییە، پێـدراوێکی ڕاگەیانـدکارانەیە لە دیـاریکردنی کەسـایەتی ماددی ڕاگەیاندنەکەدا بەکاردەهێنرێت.

٣ـ لە زمانەوانیدا، ئاماژە هێمای گوتارە (چ ئاخاوتن یان وتە یان گوتە) بێت، کە شتێک دەخاتە سەر واتایەکی تایبەت بە خۆی، کە دەخرێتە سەری، لێرەدا ئاماژەکار یەکسانە بە بەڵگە.

٤ـ ئاماژەکاری وەسفێکی ئاماژەکارە، واتە ئەو شتەی ئامـاژەی پـێ دەکرێـت و لە بـنەڕەتەوە وەردەگیرێـت یـان دەبێتە سیمبولێک بۆ یەکەی زمانەوانی.

**مصاوتة . هاودەنگ .** Homophony

◊ ١ـ کردەی دەربڕینی دوو وشە یان چەند وشـەیەک بە یەک چـــۆنێتی، کە بە شــــێوەیەکی جـــودا لە واژەکەی بنووسرێت:

CHANT/ CHAMP

VOIX / VOIE, etc .

هاودەنگ هاوشێوەی دەنگییە.

٢ـــ جــوتکردنی دەنگــە، واتە هەمــوارکردنی هێــزی دەنگەکــان بە گــوێرەی گواســتنەوەی لە بۆشــاییەکەوە بــۆ بۆشــاییەکی دیــکە: شــەپۆلی خــولی (بزوێنــەکان) و پــۆلی ناخولیانە (نەبزوێنەکان) و هێزی دەنگی تێکەڵ.

**مصاورة . هاوپیت/ هۆمۆگرافی .** Homography

◊ وێنەکــاری، وێنەیــی، شــێوەیی، هاوپیــت، هـاوپیـت بەرانبەر بە هاودەنگە.

ئاماژە بە هاوشێوەیی شێوە یان وێنەیی لەنێوان دوو وشــە یــان چەنــد وشــەیەکدا دەکــات، کە هەمــان شــێوەی

نووســـینی وەرگرتبێـــت، بەڵام لە درکانـــدن و لە مانـــادا جودابێت:

Les Poules du Couvent Couvent .

بڕوانە: (هاوبێژی).

**مصرف صور . بانکی وێنە .** Image Bank

◊ کـۆگەی وێنەکـانە، کتێبخـانەی وێنەکـانە، لە بـانکی وێنەکاندا جیاوازی دەکرێت لەنێوان: وێنەی ڕاگەیاندن و وێنەی عەقڵانی.

١. ڕۆڵـی وێنەی ڕاگەیاندن لەمیانەی زمانی بینینـەوە (Langage visuel) یـان لەمیـانەی زمـانی بینـراوەوە دەردەکەوێت، وێنە عەقڵانییەکەش لەمیانەی وێنەی ڕەهـاوە دەدۆزرێتەوە، کە جیـاوازی لەگەڵ وێـنە گوزارشـتکارەکەدا هەیە.

٢. واتای وێنەکـان بە گـوێرەی جیـاوازی جۆرەکانیـان دیاریدەکرێن، ئەوانیش:

- وێنەی شێوەکاری: وشەکان.
- وێنەی ناشێوەکاری: موزیک.
- وێنەی سیمبولی.
- وێنەی بابەتی،... هتد.

**مصطلح . زاراوە . Vocabulary**

◊ وشەکانی زمان، فەرهەنگێکی پوختە، زاراوەیەکی هونەریی.

زاراوە کۆمەڵە وشەیەکە لیستی وشەکان دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو وشانەی لە زمانێکی دیدا لەگەڵیان هاوشێوە و یەکسانن، کەواتە هەموو یەکە فەرهەنگییەکان لە دەقێکدا یان لە تۆمارێکدا دەردەکەون، بە زاراوە دادەنرێن.

**مصوت . بزوێن . Vowel**

◊ بزوێن، دەنگدار، پیتی نەرم، بزاوت، جووڵە، شێوە.

بزوێنەکان لەڕووی درکاندنییەوە بە تێپەڕبوونی هەوا بەئاسانی لەناویدا، هەروەها بەهۆی شەپۆلی ژێیەکانی دەنگ (a,e,o,i,u,y) و بە لێدانی موزیکیانەی (بیستن، گویّ) دروست دەبن.

- فتحة/ سەر - فتحتان - تنوین فتحة / دوو سەر
- ضمة/ بۆر - ضمتان - تنوین ضمة/ دوو بۆر
- کسرة/ ژێر - کسرتان - تنوین کسر/ دوو ژێر

سکون/ زەنە

**معارضة . بەرهەڵست .** Opposition

◊ لە فۆنەتیک یان دەنگسازی، بەرهەڵستی بریتییە لە جیاکردنەوەی و جیاوازی لەنێوان دوو دەنگ یان چەند دەنگێکدا (فۆنیم Phonemes).

**معاودة كتابة . دووبارە نووسینەوە/ نووسینەوە .** Rewriting

◊ دووبارە نووسینەوە، نووسینەوە بۆ جاری دووەم.

١ـ لە زمانەوانیدا دووبارە نووسینەوە ژماردنی ڕستەکانی ڕستەسازییە، ڕێساییە، کە ئاماژەکردن بۆی بە هێما سیمبولەکان دەبێت، وەک:

تیرێکە (یەک ئاراستە): ( ← )

(دوو ئاراستە): ⇄

نیشانە: +

دوو کەوانەی بچووک: (   )

٢ـ یاساکانی دووبارە نووسینەوە بە ڕێسای دەوروبەر دادەنرێت، لەبەرئەوەی دەوروبەری وشەکە بەهەندوەردەگرێت.

بڕوانە: خاڵبەندی (نیشانەکانی نووسین Ponctuation).

## معجم . فەرهەنگ . Dictionary

◊ فەرهەنـگ (Lexicon)، فەرهــەنگۆک، قـاموس بـە زمـانی فارسـی، واتـای دەریـایە(المحیط). زمـان بە هەمـوو زمانـــەکان و هـــەموو زارەکانییـــەوە لە فەرهەنـــگ و فەرهەنگـۆک و ڕێزمـان پێکـدێت. فەرهەنگـی زمـان بەوە پێناسە دەکرێت، کە کۆمەڵە یەکەیەکی ئەوتۆن، بەگوێرەی ڕێسـاکانی ڕێزمـانی لەم زمـانەدا داڕێـژراون. تەنهـا بەسـە فەرهەنگــــۆک و ڕێزمــــان بەیەکەوە ببەســــترێنەوە بــــۆ بەرهەمهێنــــانی پێکهــــاتەیەکی ســــیمبولی ـــ هێمــــایی (Encodage) یـــان بـــۆ تێگەیشـــتن لە هەڵوەشـــاندنی ســـیمبولی (Decodage) لە گوزارشـــتەکانی زمـــانێکەوە (بڕوانە هێما).

١ـ فەرهەنـگ کـۆمەڵە وشـەیەکی زمـانێکە، هــەرچی وێـنەی فەرهەنگـە، فەرهەنگمـان پـێ دەبەخشـێت، ئەویـش لەبەر ئەوەی وشەی فەرهەنگی بە ڕیسکێکی هزر دەمێنێت و وێنایەکی زانـراو بـۆ جیهـان پێشـکەش دەکـات. فەرهەنـگ بەڵگەیە لەسەر زانین و ئەفسانە و بیروباوەڕەکـانی تـایبەت بە ژیـار یـان ڕۆشـنبیرییەک (وەک ڕۆشـنبیری عەرەبـی - ئیســـلامی)، بەهەمـــان شـــێوەش دەبێـــتە مـــاددەیەک بـــۆ نەتەوەناسـی و مێژووناسـی.

٢ـ زمانی فەرهەنگ (بۆ نموونە زمانی عەرەب)ی (ئیبن مەنزوور): دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ مێژووییە لە ئاڵ و وێرە تەواوەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا دروست دەبێت. هەموو تاکێک زاراوەچکەی خۆی یان پێکهاتەیەکی تاکێتی زمانی خۆی هەیە، واتە خاوەن پێکهاتەی فەرهەنگی تاکیانەی خۆیەتی، بەم واتا دیاریکراوە دەتوانین بڵێین وشەی ناوازە وشەیەکە لەوانیتر کەمترە، چونکە بەها ئاڵوگۆڕەکەی کەمترە، لەبەر ئەوە دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان فەرهەنگ و بەشەکی (Sous-Lexique) بکرێت، نموونەی فەرهەنگی بەشەکی لە شێوەزارە خۆجێییەکان یان زمانە هەرێمییەکان دەبینین (نیشتمانی لای عەرەب، خوار نەتەوەیی یان زمانی نەتەوە)، هەروەها لە زمانی نەوەکان کە ڕاهاتوون لەسەری دەیاندۆزینەوە و بەرچاومان دەکەوێت، کە دانراون بۆ گوزارشتکردن لە بەرژەوەندی و گرنگیپێدانی دیاریکراو.

٣ـ فەرهەنگ وەسفێکی تەواوە ـ ئەگەر بکرێ ـ بۆ فەرهەنگۆک ـ فەرهەنگ دەقێکی ئەوتۆیە، کە لەسەر دوو پایە وەستاوە:

أ. گێڕانەوەی ستوونی کلیلەکان (Clés,Iteme)، کە بە دەروازەکان (Entrees) ناوزەد دەکرێت، یان چەند ئاراستەیەکە بەگشتی بە شێوازێکی ئەلفوبێی ڕێکدەخرێن . کە بە ڕۆنووس یان لیستی دەروازەکان ( Nomenc lature) ناوزەد دەکرێت.

ب. بەرنامەی ڕاگەیاندنی تایبەت بەم دەروازانەوە، کە پێکەوە لەگەڵیاندا ماددەکان پێکدەهێنن، هەروەک لە فەرهەنگە ئیسلامیەکاندا بەدی دەکرێت بۆ نموونە (E.I.). لەبەر ئەوە فەرهەنگی زمان بوارێکی گشتییە، کە زانیاری لەبارەی زۆربەی وشەکان (نایابەکان)مان دەداتێ لە هەر زمانێکدا بێت، کەچی ئینسکلۆپیدیا ( Encyclopédi, Encyclopedy) فەرهەنگێکی گشتییە (دائیرەت مەعارف لای فوئاد ئەفرام ئەلبستانی، ئینسکلۆپیدیای مەورد لای مونیر بەعلەبەکی)، ئەو زانیاریانەمان پێ دەبەخشن، کە پەیوەندییان بە زانستێکەوە یان ژیارێکەوە هەیە و پێناسەکانمان پێشکەش دەکەن، کەچی پێناسەی (سنوورە Pefinition) شرۆڤەیەکە پێویستە هاوکوف و نزیکی ئەو وشەیە بێت، کە خوازیاری پێناسەکردن و داڕشتنی سنوورێکین بۆیان.

٤ــ چەنــد فەرهەنگێــک هەن، کە یەک زمانیــان تێــدا بەکاردەهێنرێــت (monolingue) عەرەبــی ـ عەرەبــی، فەرەنســی ـ فەرەنســی، هتــد،[1] کە لە شــیکردنەوەی یەک زماندا ســوودیان لێوەردەگیرێت، هەروەهـا فەرهەنگی دوو زمــانی (bilingue) هەن، کە ســوودیان لێوەردەگیرێــت لە شـــــیکردنەوەی دوو زمـــــان و وەرگێـــــڕان لێیـــــانەوە .(traduction Théme)

٥ـ فەرهەنگی یەکەم (Coverwor, Archilexie)، فەرهەنگــی یەکەم لەســـەر ئاســتی واتابەخشــین ئادگــارە هاوبەشـەکانی نێوان دوو فەرهەنگ یـان زیـاتر گوزارشـتی لێ دەکەن.

٦ــ لێکســـیم (Lexems, Lexéme): گۆشـــەی فەرهەنگی وشـەکانە.

---

[1]ـ مەبەست لەم جۆرە فەرهەنگە، فەرهـەنگی نەتەوەییە، کـە وشـە و زاراوەکـانی یــەک زمــان دەگرێتــەخۆ، وەک فەرهــەنگی نەتــەوەیی کـــوردی کـــوردی یـــان عـــەرەبی عـــەرەبی یـــان ئینگلیـــزی ئینگلیزی....هتد(وەرگێڕ).

## معنى . واتا . Meaning

◊ واتا، واتایی، هێمابۆکراو.

١ــ واتــا ئەو چەمــکەیە، کە لە ڕواڵەتــی دەرەوەی واژەکەیە، ناوەڕۆکیش واتای ڕەهای چەمکەکەیە، واتا لە ئێش و ئازار پێکدێت . ئێش و ئازاری مەرام و مەبەست لە ئاخاوتن.

٢. واتای واتا: ((**ئەوەیە لە واژەکەوە واتایەک بچێتە مێشــکەوە، پاشــانیش ئەو واتــایە پەلمــان بکێشــێت بــۆ واتایەکی دیکە**))(ابوالبقاء، الکلیات).

٣. واتا یان مانا (Signifiance): هەموو وشەیەکی زمــانی واتــادارە، واتە خەســڵەتی خــۆی هەیە، کە واتــای ئاخاوتن و ناوەڕۆکەکەی لەخۆدەگرێت.

٤ـ زانستی واتا یان واتاسازی ( :(Sémiologie :((Semantics, Sémantique

أــ زاراوەیەکــی زمــانیی گشــتییە، کە لە وشــەی (Sema)ی یۆنــانییەوە (نیشــانە ــ هێمــا) داتاشــراوە، کە (میشال برێل M.BRÉAL) ساڵی (١٨٨٣) دایڕشتووە.

ب ــ واتــاگەریی بەو زانســتە دەوترێــت، کە بــاس لە واتای وشە و پێشکەوتنی واتاکەی دەکات، واتە واتاسازی

مێـژوویيه، كه جـارێكی دی نیگـاری پێشـڤەچوونی هـزر دەكێشێت، ئەویش لە میانەی جودایی واتای وشەكان.

ج ـ (دی سۆسێر) ئەمانە لەیەك جودا دەكاتەوە:

ـ واتای ئێستایی، كە لە گۆڕانەكانی واتای وشـەیەك لەنـاو دەوروبـەرێك یـان بونیادێـك دەكـۆڵێتەوە و جەخـت دەكاتەوە سەر ئەوەی واتـای وشـە پەیوەندی بە مێژوویـی هەموو وشەكەوە هەیە.

ـ واتـاگەری مێژوویـی، لە پێشـڤەچوونی سـەربەخۆی واتاكـــانی هەمـــوو وشـــەیەك لەڕووی مێـــژووییەوە دەكـــۆڵێتەوە، لەم جیاكـــارییەوە واتاســـازی بونیـــادگەری ســـەری هەڵـــداوە، كە گـــروپە فەرهەنگییەكـــان نەك وشـــە تاكەكان بەهەند وەردەگیرێ.

## **مفردة معجمية ـ وشەی فەرهەنگی ـ** Lexical unit

◊ یەكەیەكـــی فەرهەنگـــی زمـــانییە و لە ســـێ جـــۆر پێكدێت:

أـ وشەیەكی ئاسایی، سادە: **دەفتەر ، قەڵەم، تەختە.**

ب ـ وشەیەكی ئاوێتەیی: **دووقات: بەعلەبەك، ئەسپ، دارتاش.**

جـ وشەیەکی لێکدراو بە شێوازی (دانەپاڵ): **باڵندەی شەو، نیوەی نیوەڕۆ.**

**مفروض . گریمانە .** Supposing

◊ زاراوەیەکی زمانەوانی داتاشراوە لە گریمانە یان گریمانەکردنەوە (Supposition)، واتای دانانی وێنەیەکە بۆ شتێکی دی، وەک وەسفکردنی هەسارەی (زوهرە) بەوەی ئەستێرەیەکی بەیانییان و ئەستێرەیەکی ئێوارەیە، پاشان بەوە هەژماربکرێن کە گریمانەکراون یان دانراون بۆ ئاماژەکردن لەسەر ئەوەی ئەم ئەستێرەیەی بەیانی و ئێوارە دەردەکەوێت و ئەم دوو وەسفە ببنە ناو بۆیان.

**مفهوم . چەمک .** Concept

◊ وێناکردن، درککراو، بیرۆکە، زانیاری.

١ـ چەمک ناوێک یان پێشنیازێکی زانیارییانەیە، کە لەنێوان وشە تاک و هەمەکیەکاندا بوونی هەیە.

٢ـ جیاوازی لەنێوان چەمکی تاکی (بەشەکی) و گێڕاوەیی (هەمەکی) و ڕێکاری (کردەیی) دەکرێت.

٣ـ لە ڕووی زمانەوانییەوە زاراوەی چەمک بەشێوەیەکی تۆکمە پەیوەندی بە وێنەی دەنگی یان بیستن و بە نیشانەی زمانییەوە هەیە، چەمک ناوێکە واتایەک

هەڵـدەگرێت و ئەرکێکـی ناوەنـدگیری لە شـرۆڤەکردن بە بینین یان تاقیکردنەوەکان دەبینێت.

**مقارنة. بەراورد/ بەراوردکردن .** Comparaison

◊ نزیککردنەوە، وێکچواندن.

١ـ وێنە یان گوزارشتی جۆری بۆ بەراورد و درکە دەگەڕێتەوە، لەم دوو حاڵەتەدا نزیکایەتیەک لەنێوان دوولا یـان دوو واژە پەیوەسـت بە یەکـدییەوە بەڕاددەیەکـی دیاریکراو دروست دەبێت، کەچی هەردوو واتاکە لە یەک وشـەدا کۆدەبنەوە، کە بە بەراورد ئاماژە بە نزیکایەتی و سۆزداری و هاوبەشی نێوانیان دەکەن.

٢ـ ڕێزمانی بەراورد هەوڵدەدات بۆ دارشتنی ڕێسای ڕێزمانی ستاندارد، کە پشت بە چەمکی نزیکایەتی لەنێوان زمانەکاندا دەبەستێت.

**مقايسة لغوية. پێوانەی زمانەوانی .** Glottochronology

◊ پێوانـەی زمـان، زاراوەیەکە زمـانەوانی ئەمەریکـی (مـۆریس سـویدش) (M.Swadesh) دایڕشـتووە، لەو گریمـانەیەی دەڵێـت زاراوەی سـەرەکی (بەرانبـەر بە زاراوەی ڕۆشـنبیری یـان پسـپۆڕی) لە هەمـوو زمانەکانـدا

گـۆڕانی بەســەردا دێـت، ئەویـش بە گـویرەی ڕەوشـێکی چەسپاو بەشێوەیەکی ڕێژەیی.

(سویدیش) لە هـەوڵی ئـەوەدابوو ئـەو کاتـەی کۆتـایی هاتووە لەنێوان دوو حاڵەتی زمانیدا هـەژمار بکـات، پاشـان هەوڵیدا ئەم ڕێگەیە بـە بـەراوردی نێـوان دوو زمـانی جودا پیادە بکات، مەبەستیش زانینی کاتی جودابوونەوەیـان بـوو لەیەکتری.

## **مقطع . بڕگە .** Syllabe

◊ دەنگێک یـان چەنـد دەنگێـک بە نـاردنی یەک دەنـگ دەدرکێنرێت (یەک ناردن).

جیاوازی لەنێوان بڕگەیەکی کراوە (دەنگێکـی بـزوێن) و بڕگەیەکی داخراو (دەنگێکی نەبزوێن) دەکرێت.

## **مقلوب . جێگۆڕین/ ئەناگرام .** Anagram

◊ گوێزانەوەی پیتە لە وشـەیەک، جێگـۆڕین وشـەیەکە لە چەنــد پیتێکــی جێگــۆڕدراوی وشــەیەکی دیــکەیە، کە بەشێوەیەکی دی ڕێکخراون:

طارق ← قطار ← قاطر...

بحر ← حبر ← ربح ← رحب ← حرب...

**مكونات فورية. پێکهاتەی ڕاستەوخۆ.** Immediate Constituents

◊ بنــەمای پــارچەکردنی ڕســتە بــۆ چەنــد یەکەیەک، پشــت بە شــیکردنەوەی بڕگەیــی یــان هەڵوەشــاندنەوەی بەشــەکیانەی ڕســتە دەبەســتێت، ئەویــش بەگــوێرەی ڕێکخستنی ئەو توخمانەی پێکی دەهێنن.

توخمەکــانی بەدەســتهاتوو لە هەمــوو ئاســتە پارچەییەکـانی بە: پێکهـاتەی ڕاسـتەوخۆ نـاوزەد دەکـرێن، چونکە ڕاستەوخۆ یەکەی باڵا پێکدەهێنن، وەک:

**ال باب مفتوح. دەرگاکە کراوەتەوە.**

**پێکهاتەی خێرا بۆ (باب)/ دەرگا.**

بەڵام نــابێتە پێکهێـنەری پێکهاتــەی ڕاســتەوخۆ بــۆ تەواوی ڕستەکە، چـونکە (البـاب) پێکهێنەری ڕاسـتەوخۆی ڕستە تەواوەکەیە.

**مناسبة. گونجان.** Pertinence

◊ بەدوایەکداهاتن، هاوشێوە، وەکیەک، ئاوێزان.

زاراوەیەکـی زمـانییە لە دەنگدا بە بـوونی ئادگـارێکی جیاکــار یــان جــودا دەوترێــت، کە لەنــاو دەنگــەکەدایە و بەرانبـەر یەکتـر دەبـنەوە، بەشـێوەیەک لە شـێوەکان لەگەڵ

دەنگـەکەی دی لە یەک دەوروبـەردا: بـۆ نمـوونە گونجـانی (B) و (P).

٢ـ گونجـان بە واتـای وابەسـتەکی و پەیوەسـتبوون، لێرەدا گونجان ڕێگەی ئەو (کار)ەوە دێت، کە (بکەر)ەکە و (بارکراو) یان (بەرکار)ەکە بەیەکتر دەگەیەنێت. وەک:

**Richard est aimable .**

**ڕیچارد خۆشەویست بوو.**

**منفصل . جودا .** Discreet

◊ جودا پێچەوانەی لکاو (Continu) یـان گەیەنـەرە، یەکەی زمانەوانی هەمیشە جودایە، کاتێک جودا دەکرێتەوە لە یەکە زمانەوانییەکانی دی.

**مواضعة . کارپێکراو .** Convention

◊ کـارپێکراو ئامـاژە بـۆ کـارپێکراوێکی زمـانەوانی، هـزری یـان ڕێچکەیـی کـۆمەڵی دەکـات. کارپێکراوەکـان جیاوازییان لەگەڵ ڕێسا و یاسا و کارپێکراو و پەندەکان و بـنجە ئاکارییەکـان هەیە و جیاوازییـەکەشـیان بە پـلەی پابەندی و بەردەوامبوونیانە.

کارپێکراوە زمانەوانییەکان ئەوانەن، کە زمانەوانان یان ڕێزماننناسان کارپێکارووییان دەربارەی هەیە، کاتێک ڕێسای زمانەوانی دیاریکراویان بۆ دادەڕێژن.

**موضوع . بابەت .** Object

◊ لە ڕووی زمانەوانییەوە بارکراوە . یان بەرکارە بە هەموو شێوەکانییەوە. بڕوانە: خود یان بکەر.

# ن

## نبر ـ هێز ـ Accent

◊

١ـ هێز واتای توندکردنه (Oxyton, Proparaxyton).

٢ـ هێز واتای شێوەزارە، زارە (هێز: Ton).

٣ـ هێز کۆمەڵە تایبەتمەندییەکە دەبێتە هاریکار بۆ ڕوونکردنەوەی پڕۆسەی درکاندن لە زمان یان زارێکی خۆجێی و جیاشی دەکاتەوە لە درکاوێکی گشتگیرتر: وەک هێزی دەنگ یان هێزی ژێ.

٤ـ هێزی وشە (سازگەی وشە: Final Ton): پێکهاتەیەکی چینی دەنگی دژبەیەکە: بەرزبوونەوە، لەرە، مەودا. جیاوازی لەنێوان ئەو زمانانە دەکرێت، کە خاوەنی هێزی قسەیی جیاکارن، هەروەها لە نێوان زمانێک، کە پێویستییان بەم هێزانە هەبێت، بەم واتایە ئەرکی هێز بەشداریکردنە لە دابەشبوونی ئاخاوتن و وردەکاریکردنی.

٥. هێز بریتییە لە بەرزکردنەوەی دەنگ بەهۆی هێزی هەناسەدانێکی گەورە.

٦ـ هێـز (ئـاواز Tone, ton) پـلەی دەنـگە، چینـە جیاوازەکـانییەتی. جیـاوازی لەنێـوان هێـزە نزمەکـان و ئاوازەکان (هێزی ئاوازدار) دەکرێت.

## نحو . ڕستەسازی . Syntaxis

◊ ١.لە ڕێزماندا (Grammar, Grammaire) جیاوازی دەکرێت لەنێوان:

أــ وشەسـازی/ مۆرفۆلـۆژی (Morphologie) لە سروشـتی وشـەکان و دروسـتبوونیان لە دەرەوەی پەیوەندییەکان و ئەرکەکانیان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە.

ب ـ ڕێزمـان گرنگـی بە پێکهاتـەی وشـەکان لەنـاو ڕستەدا دەدات: ڕێکخستنی وشەکان، ڕواڵەتی تێکەڵبوون و ئەرکەکانیان.

٢ـ ڕێزمـانی شـێوەیی ( Formal Grammar, Grammaire formelle): هەمـوو ڕیسـکێکی ڕواڵەتـی، وێنەیی، کە بابەتی ماتماتیکی لەخۆگرتبێت.

٣ـ ڕێزمـانی پێـوەری ( Normative Grammar, Grammar Normative): زانستی ڕێزمـانی پێوەری بە

واتای هونەری شێوازە/ زمانییە، کە نووسینی ڕاست و دروست و ئاخاوتنی ڕاست فێردەکات.

**نسخ . لەبەرگرتنەوە/ کۆپیکردن/ نووسینەوە .** Transcription

◊ گواستنەوە، گوێزانەوە، گۆڕین.

١ــ لەبەرگرتنەوە بەکارهێنانی کۆمەڵە هێما و نیشانەیەکە، کە لە هێز و دەنگەکانی زمانێک پێکدێت، وەک نووسینی پیتەکانی زمانی عەرەبی بە پیتی لاتینی و بە پێچەوانەوە (Translitération): ئەحمەد (Ahmad)، تەلەفزیۆن: (Television)

٢ــ لەبەرگرتنەوەی خێرا ( Stenography, Sténographie): کۆپیەکی خێرا، شێوازی نووسینی خێرا (نووسینی ئاخاوتن بەخێرایی درکاندنەکەی).

**نسق . سیستەم .** System

◊ سیستەم، سیستەمۆکە . سیستەمکراو . ڕێکخراو.

بە واتا یۆنانییەکەی (Systema) ئاماژە دەکات بۆ کۆبوونەوەی چەند تاکێک، شتێک، مەسەلەیەک، چەند وشەیەک لە یەک گێڕانەوەدا.

سیستەم کۆمەڵە توخمێکە پەیوەندی ئاڵوگۆڕانەیان هەیە وەک سیستەمی سەرچاوەیی یان زمان و زبان.

**نص ـ دەق ـ Text**

◊ لە زمـــانی عەرەبیـــدا دەق واتـــای هەرە بەرز دەگەیەنێت و سەکۆی بووکیش دەگەیەنێت.

١ــ دەق ئاخـــاوتنێکە واتـــاکەی زانـــراوە، بە هەمـــان شێوەش واتای سەرچاوە و کانیاو دەدات.

٢ــ دەقانــدن ڕۆچوونەــ زیــادەڕەوییە لە دەقــدا تــا گەیشتن بە ئامۆژگاری.

٣ـ دەق (Textus) لە چنراو پێکدێت، واتە نووسینی ڕەســـەنی ڕاســـت و دروســـت، کە بە گـــوێرەی بـــنجەکە نووســـــراوەتەوە بەرانبـــەر بە تێبینییـــەکان (Notes) و شرۆڤەکان و توانجەکان (Commentaires).

٤ـ دەق : تۆمارـ تۆمارگە، واتـای کتێب دەگەیەنێت لە زمـــانی یەکەمـــی ئەوەی وەرنەگێـــڕدراوە، وەک: **بنجـــی بابەتەکەیم خوێندەوە.**

٥ـ دەق هەموو تۆمارێکی چاپکراو یان دەستنووسە، وەک دەقی هاوبەش (co-texte).

٦ــ دەوروبـــەری دەق، ڕیســـکەکەیەتی، هەروەهـــا لە بەشـــــەکانی دەقێـــــک پیکـــــدێت، کە پـــــێش بەڵـــــگە هێنانەوەیەک (Citation) یان لەدوایدا دێت و واتا ڕاست و دروستەکەی پێشکەش دەکات.

دەوترێت: لە شوێنە ڕاست و دروستەکەی خۆی دایبنێ.

دەوروبەر (Contexture) گونجاندنی بەشەکانی هەمەکییەکەیە: گونجانی هەڵبەستێک، دەوروبەری ئاخاوتن.

**نطق . درکاندن . گۆکردن .** Prunonciation

◊ ١ـ واژەکردنە/ دەربڕینە، شێوازی واژەکردنە، واتە بەخشینی شێوەیەکی دەنگییە بۆ فۆنیمێک یان وشەیەک یان ڕستەیەک، نووسینی دەنگی وەک بەڵگەیەکی پێوەریی بۆ ڕاستی و دروستی درکاندن بەکاردەهێنرێت.

٢ـ درکاندنی ڕاست و دروست ( Correct Prunonciation, Ortophonie) ئاماژە دەکات بۆ واژەکردنی ڕاست یان واژەی ڕێکوپێکی فۆنیمەکان، هەروەها ئاماژە دەکات بە دووبارەکردنەوەی شیاندنی نەخۆشەکان، کە دووچاری شڵەژانبوونە لە گوێگرتن یان دەنگ یان لە پڕۆسەی قسەکردنیاندا یان لە قسەکردنی وتراو و نووسراو.

**نظم الشعر . ڕێکخستنی شیعر . Versification**

◊ لە هەموو ئەو شێواز و هونەرانە پێکدێت، کە لە ڕێکخستنی هەڵبەستدا بەکاردەهێنرێت و پەیوەندییان بە مەسەلە دەنگییەکان و ڕێزمانییەکان و کێش و سەرواکانەوە هەیە.

**نعت . نەعت / ئاوەڵناو . Epithet**

◊ بەگشتی نەعت بە ئاوەڵناو دەوترێت، بەڵام ئاوەڵناوی نەعتی بە پێچەوانەی ئاوەڵناوە (Adjectif)، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە وەسفکراوەکەوە نووساوە بەبێ هیچ دابڕێک و بێ هیچ مەودایەک، وەک:

**درەختێکی سەوز.**

**نغم . ئاواز . Sound**

◊ بڕوانە: هێز.

ئاواز ئەو دەنگەیە کە بەر گوێ دەکەوێت لە دەرەنجامی جووڵەی ڕیتمی شەپۆلاوی پەیدا دەبێت (لیتری LITTRE). ئاوازی ئاخاوتن: زەنگ و هاوئاوازی ڕیتمیەتی.

بڕوانە: منى شعراني، تاريخ الموسيقى العربية، معهد الانماء العربي، بيروت، ١٩٨٧.

ـ کلود لیڤي نتراوس، النظر، السمع، القراءة، م. س.

**نفل . ناپێویست .** Redundancy

◊ ناپێویستی ڕاگەیەنراوی، زانیارییەکی زیاد لە پێویست.

١ـ ناپێویست لە ڕووی زمانییەوە؛ لادان یان لاچوونە لە سنووری چەندێتی ئەو زانیارییانەی لە تواناادا هەیە ئاڵوگۆڕ بکرێن و بگوازرێنەوە، هەروەها ئەو زیادەیەیە کە پێویست نییە: ئاخاوتنێکی زیاد لە پێویست.

٢ـ ناپێویست زیادەی نیشانەکان سەبارەت بە ژمارە خوارەوەی نیشانە پێویستەکان، بەتەواوەتی دەپارێزێت بۆ ڕاددەی یەک ڕاگەیاندن، لەبەر ئەوە دەوترێت (باشترین قسەکردن ئەوەیە، کە کەم بێت و واتادار بێت).

٣ـ ناپێویست لە بازنەکردنی ئەو ڕاگەیاندنەیە، کە لە شڵەژانی نیشانەکان یان هێماکانەوە(Signes) پەیدا دەبێت، کە هاوکوف نین، هەروەها ئاماژە دەکات بۆ چەندێتی ڕاگەیاندنکارانە بەشێوەیەکی گەورەتر لەوەی پێویستە بۆ گواستنەوەی ڕاستی و وردی نامەکە یان نێردەکە.

٤ـــــ ناپێویســــت بەرانبـــەر بە زیــــادەڕەوییە لە بەکارهێنـانی نیشـانە زمانییەکـان و دووبارەکردنەوەیـان، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێک بگەیەنن.

**نفي . نەرێ .** Negation

◊ نـــەرێ لە هێـــزی گـــۆڕین یـــان گواســـتنەوە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە پێکدێت.

. زمانەوانان جیاوازی دەکەن لەنێوان:

. نەرێی حاڵ: **(ناخوات).**

. نەرێی ئاراستە یان نەرێی پێچەوانە: **دەچێتە ژوور . دەردەچێت.**

**نقطة . خاڵ .** Point

◊ خـــاڵ (.) ئامـــاژە بـــۆ حـــاڵی یەکـــلاکەرەوە بـــۆ ڕووتکـــردن و ڕەهـــاکردنی بارســـتایی دەکـات، هەروەهـــا ئاماژە بۆ شوێن و بنج و نیشتمان و چاوگ دەکات.

لە بـواری نووسـیندا خـاڵ هێمـای وەسـتانی قسـەیە. بڕوانە خاڵبەندی.

**نقيضة . دژیەک .** Antithesis

◊ لە زمانەوانیی گشتیدا: دانانی دوو وشە یان دوو کۆپلـە، کە دوو واتـای پێچەوانەیـان هەیە لە یەک بـواردا، دژیەک بە دژبوونی دوو وشە و دوو بیرۆک دەوترێت:

**. ئەمە خۆشمی دەوێت.**

**. ئەمە دەمکوژێت.**

**نكرة . نەناسراو .** Indeterminate

◊ نەناسراو ئاماژە بە چەمکێک دەکات بەبێ ئەوەی ئامـاژە بە جوداکـاری و ئامـادەگی و دیـاریکردنی جەوهەرەکەی بـدات، هەمـوو وشـەیەک یـان ناوێـک، کە (ەکـە)ی (ناسـراو)ی لەسـەر نەبێـت، ئەوا پێـی دەوترێـت (نەناسراو).

**(ماڵ)** بەرانبەر بە ناسراوەکەی بە(ەکە): **(ماڵەکە).**

**نواة . ناوک .** Kernel

◊ گوزارشتی ڕستە . ناووک (kernel Sentence) ئامـاژە بـە ڕسـتەیەک دەکـات، کە بەگـوێرەی ڕێسـاکانی نووسـینەوە و گوێزانـەوەی پێویسـتەکان بونیـادنراوە .

داڕێــژراوە: بە پــێچەوانەی ڕســتە داتاشــراوەکان، کە بەگوێرەی گۆڕانی چەندێتی بەڕێوەدەچن.

ڕســتە ــ نــاوک لە گروپــی نــاوی ( Groupe nominal) و گروپی کاری (Croupe Verbal) پێکدێت.

## نوع . جۆر/ ڕەچەڵەک . Genre

◊ جۆر/ ڕەچەڵەک بریتییە لە ڕەگەزی نێر و مێ، بەڵام جۆر پێویست ناکات لە هەموو زمانەکاندا وەکیەک بێت، کە لەگەڵ پێچەوانەبوونی نێر و مێ:

ـ هەندێک زمانی دێرین و هاوچەرخ هەن، کە سێ جۆریان تێدایە: نێر، مێ، بێلایەن.

. هەندێک زمانی دی هەن، کە دوو جۆری جودایان تێدایە، وەک داتاشراو، متبوو، ڕەها و خودی، جوزڵەدار و بێ جووڵە.

# هـ

**هراء . پڕوپووچ .** Nonsense

◊ ئاخــــاوتنێکی پووچـــــه، ئاخــــاوتنێکه هەڵەی زۆری تێدایە و لۆجیکێکی پووچی تێدا بەکاردەهێنرێت.

**هيئة . شێوە .** Appearence

◊ شــــێوە حــــاڵەتی شــــتەکان و چۆنێتیــــانە، وەک مەشخەڵ، نیشانەی سەر ڕێگاکان.

# و

### واصلة . بەستنەوە . Copula

◊ بەستنەوە، لێکدەر.

لە زمانەوانیـــــــدا بەو واژانە دەگوترێـــــــت، کە ئاخاوتنەکان بە یەکتر دەبەستنەوە، وەک (و) بەرانبەر بە واژە جیاکەرەوەکان وەک (یان)، هەروەها ئاماژە بۆ ئەو کارانە دەکات، کە بکەر و بەرکارەکەی یان بارکراوەکەی پێکەوە دەبەستنەوە.

**(المرأة تبدو لطيفة/ ئافرەتەکە خنجیلانە دیارە).**

(تبدو) کــارێکە نیهادەکــەی (المــرأة) و بارکراوەکـــەی (لطيفة)یە.

### وحدة . یەکە . Unity

◊ یەکە (الوحدة) لە یەک (وحد)ەوە هاتووە، واتە بە تەنهایی مایەوە: یەکەی جۆری (هاوشێوەیی)یە، یەکەی ڕەگەزی (هاوشێوەیی)یە یەکــەی چــۆنێتی (وێکچــوون)ە،

یەکەی چەندێتی (یەکسانی)یە، یەکەی باری (بەرانبەر)ە، یەکەی لایەنە (پڕاوپڕ)یە، یەکەی سەبارەتی(گونجاو)یە.

١ــ یەکەی سیمیائی یەکەم (Archisememe): ئەو کۆمەڵە ئاماژە و واتایانە دەگرێتەوە، کە بە ئادگارەکانی خۆی یەکەیەک لەسەر ئاستی ناوەڕۆک دیاریدەکات، یان ئەو کۆمەڵە ئادگارە واتاییە هاوبەشانەیە، کە لە نێوان دوو یەکەی فەرهەنگی یان زیاتر بوونیان هەیە.

٢ــ یەکەی کێشناسی(prosodeme): یەکەیەکە لە سەرووی بەشەوەیە، کە بەشێک لە گێڕانەوەی ئاخاوتنەکان درێژ دەکاتەوە، کە لە فۆنیم یان مۆرفیم بەرزترە.

٣ــ یەکەی زمانەوانی نزم/ مۆنیم (moneme): زمانەیی، یەکەی واتایی، یەکەی درکاندنی یەکەم، کە واتا و وێنەی دەنگی هەیە، بڕوانە: فەرهەنگسازی و گرافیم .

### وضع . بارودۆخ/ حاڵەت . Position

◊ بارودۆخ ئەو چەقەیە، کە بە هێما هەستەوەرییەکان ئاماژەی بۆ کراوە، دەوترێت (شوێن، چەق) لە زمانەوانیدا بەو پێگەیە دەوترێت، کە توخمێک (کارتێکەر بۆ نموونە ) لە گێڕانەوەی ئاخێوەرانەدا دەیگرێتەوە، هەروەها بەو

پێگەیە دەوترێت، کە لە گێڕانەوەی وێناییدا داگیری دەکات. (بـارودۆخ) چەقـی بـابەتە زمانەوانییەکـانە، کە ئامـاژە بە واژەی خۆیان بۆ واتاکانیان دەکەن.

### وظیفة . ئەرک . Function

◊ ئەرک پەیوەنـــدی نێـــوان دوو واژە یـــان چەنـــد واژەیەکە، کە جـــــودان و وەکـــــیەک نـــــین و بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

ئەرک گشتاندنی چەمکی(پاساو. هۆکار)ە، و لەڕووی زمانەوانییەوە ئەرک ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان توخمەکان لەگەڵ یەکدیـــدا دەکـــات، هەنـــدێک لە ئەرکەکـــانی زمـــان ئەمانەن:

- گوزارشتکردن (ئەرکێکی وروژاوییە).
- بانگکردن (ئەرکێکی دواندنە).
- نواندن (ئەرکێکی سەرچاوەییە).

### وقف ثنائي . وەستانی دووانەیی . Dieresis

◊ درکانـــدنی دوو بـــڕگەیە (دوو وەســـتان)ە بـــۆ دوو نـــەبزوێنی یەک لە دوای یەک لەنـــاو یەک وشـــەدا، وەک PRIER.

لێرەدا (i) دەچێتە ناو بڕگەی (PRI).

و (E) دەچێتە ناو بڕگەی(ER).

وەستان لەسەر نەبزوێن (یان بزوێن) بە ناوی (synérése) لە زمانی فەڕەنسیدا ناودەبرێت.

# پاشکۆ

# فەرهەنگی

# عەرەبی كوردی ئینگلیزی

| | | |
|---|---|---|
| | أ | |
| Prothesis | پرۆتێسیس(فۆنیمی زیادکراوی سەرەتا) | ابداء |
| Commutation | جێگۆڕکێ | إبدال |
| performance | چالاکی | أداء |
| Amalgame | تێهەڵکێش | إدغام |
| Allegory | خواستن | استعارة |
| Style | شێواز | أسلوب |
| Stylistice | شێوازگەریی | أسلوبية |
| Name | ناو | اسم |
| Proper Name | ناوی تایبەتی | اسم العلم |
| Derivation | داتاشین | اشتقاق |
| Slang | زاراوەی تایبەت(زمانی) | اصطلاح خاص |
| Lexicon | زاراوەی فەرهەنگی | اصطلاح معجمي |
| Epenthesis | سەرباری پیت | اضافة حرف |
| Alexie | شڵەژانی خوێندنەوە | اضطراب القراءة |
| Ellipsis | شاردنەوە | اضمار |
| Prolepie | ناڕازیی | اعتراض |
| Flexion | شیکردنەوە(شلۆڤەکردن) | اعراب |

| | | |
|---|---|---|
| Enunciation | ڕاگەیاندن | اعلام |
| Onomastics | ناوهێنانەكان | اعلاميات |
| Language Economy | ئابووریی زمانەوانی | اقتصاد اللغوي |
| Ambiguity | لێڵی | التباس |
| Amphibology | لێڵی واتایی | التباس المعنى |
| Subordination | پاشكۆكان | الحاق |
| Speling (Orthographe) | ڕێنووس | املاء |
| Lingustic Deviation | زمان لاری ناتەواوی زمان | انحراف لساني |
| Homogeneity | گونجان | انسجام |
| Metric | كێشی شیعر | أوزان شعرية |
| Rhythm | ڕیتم | ايقاع |
| | ب | |
| Substitute | لەجیاتی | بدل |
| Eloquence | ڕەوانبێژی | بلاغة |
| Structure | بونیاد | بنية |
| | ت | |
| Allomorph | ئەلۆمۆرف | تباين شكلي |
| Allophone | ئەلۆفۆن | تباين صوتي |
| Allograph | ئەلۆگراف | تباين كتابي |
| Mutation | گۆڕانی دەنگی | تبدل صوتي |

| | | |
|---|---|---|
| Transfer of Function | پۆلگۆڕین | تبدل رتبي |
| Abstraction | ئەبستراکت | تجريد |
| Determination | دیاریکردن | تحديد |
| Actualization | جێبەجێبوون | تحقق |
| Arbitrary | کۆنترۆڵ | تحكم/ تحكمي |
| Distributional Analysis | شیکردنەوەی ستوونی | تحليل توزيعي |
| Syntagmatic Analysis | شیکردنەوەی ئاسۆیی | تحليل ركني |
| Semic Analaysis | شیکردنەوەی واتایی | تحليل معناتي |
| Grammaticale Analysis | شیکردنەوەی ڕێزمانی | تحليل نحوي |
| Transformation | گوێزانەوە | تحويل |
| Phem | سازگە | تخريج |
| Allocation | تایبەتکردن | تخصيص |
| Embedding | ئاوێتەبوون | تدامج |
| Synonymy | هاوواتا | ترادف(مرادف) |
| Translation | وەرگێڕان | ترجمة |
| Alliteration | دووبارەکردنەوەی پیت | ترجيح حرفي |
| Pictogram | نیگارکێشی نووسین | ترسيم كتابي |
| Syntagma | ئاسۆیی | تركيب |
| Phonetic | پێکهاتەی | تركيبة صوتية |

| | | |
|---|---|---|
| | دەنگی (فۆنەتیک) | |
| Synchrony | ئێستایی | تساوق |
| Stem | بەدرەختکردن | تشجير |
| Emphasis | توندکردن | تشديد |
| Noise | شێواندن | تشويش |
| Hiatus | دووبارەکردنەوەی بزوێن یان نەبزوێن | تصاوت |
| Concept | وێناکردن | تصور |
| Vocalization | فۆنیمی | تصويت |
| Script / Graphie | وێنە (نووسین) | تصوير |
| Antonymy | دژواتا | تضاد |
| Implication | گرتنەوە | تضمين |
| Diachrony | دایکرۆنی/ مێژوویی | تعاقب |
| Graduation | بەدوایەکهاتنی نەبزوێن | تعاقب المصوتات |
| Expression | دەربڕین | تعبير |
| Idiomation expression | دەربڕینی زاراوەیی (ئیدیۆم) | تعبير اصطلاحي |
| Polysemy | فرەواتا | تعدد دلالي |
| Polysyndetic | فرە بەستنەوە | تعدد ربطي |
| Preterition | وڕێنە | تعريض |

| | | |
|---|---|---|
| Abuse | خراپ بەکارهێنان | تعسف |
| Syllepsis | پەیوەندی مەعنەوی | تعلق معنوي |
| Denotation | دیاریکردن | تعيين |
| Glossematics | لێکدانەوە | تفسيرية |
| Punctuation | خاڵبەندی | تقطيع |
| Meta Language | میتا زمان | تقعيد اللغة |
| Litotes | بەهێزکردنی واتا | تقوية المعنى |
| Anaphora | ئەنافۆر/ دووبارە | تكرار |
| Speking | ئاخاوتن | تكلم |
| Completion | تەواوکردن | تكميل |
| Appropriateness | پێکەوەبەستراو/ گونجان | تلازم |
| Pun | گەمەی واژەیی(یاریکردن بە وشەکان) | تلاعب لفظي |
| Representation | نواندن | تمثل |
| Agreement | گونجان، سازان | تناسب |
| Vowel harmony | گونجانی بزوێن | تناغم صوتي |
| Coordination | هەماهەنگ | تناسق |
| Accentution | هێز | تنبير |
| Mimic | خۆگۆڕین/ شێواندن | تنكر |
| Intonation | ئاواز | تنغيم |
| Parody | گاڵتەجاڕیی | تهكمية |

| | | |
|---|---|---|
| Frequency | کەڕەت | تواتر |
| Communication | پەیوەندی/ وابەستەکی | تواصل |
| Metaphore | میتافۆر / خوازە | تورية |
| Distribution | دابەشبوون | توزيع |
| Expansion | فراوان | توسيع |
| Disponibility | دابینکردن (دەستەبەر) | توفر |
| Neologism | نوێباو | توليد |
| | ث | |
| Paire | دوانەیی | ثنائي |
| | ج | |
| Root | ڕەگ | جذر |
| Sentence | ڕستە | جملة |
| Paronomasis | ڕەگەزدۆزی | جناس |
| | ح | |
| Determiner | دیاریکراو/ دەستنیشانکراو | حاد |
| Gerundive | دۆخ | حال |
| Aphasia | ئەفاسیا/ تەتەڵە | حبسة |
| Apocopation | لابردن/ لابردنی کۆتایی وشە | حذف اخر كلمة |
| Elision | لابردنی بزوێن | حذف الصائت |
| Aphaeresis | لابردنی سەرەتای وشە | حذف مطلع |

| | | الكلمة |
|---|---|---|
| Expletion (Padding) | زیادە، بێسوود، بێکەڵک | حشو |
| Lexical field | کێڵگەی فەرهەنگی | حقل معجمي |
| Attribution | دانە پاڵ | حمل |
| | خ | |
| Fault | هەڵەی ڕێنووس | خطأ املائي |
| Discourse (speech) | گوتار | خطاب |
| | د | |
| Meaning/ Signifiant | هێما | دال |
| Meaning/ Signification | واتا | دلالة |
| Index | ئیندێکس/ ڕێبەر | دليل |
| | ذ | |
| Subject | خود/ بکەر | ذات |
| | ر | |
| Transmitter | نێرەر | راسل |
| Symbolise | هێمایی | رامز/مرموز |
| Code | کۆد | راموز |
| Ideogram | هێمای بیری | رمازة |
| Symbol | نیشانە/ هێما/ سیمبول | رمز |
| Little Symbol | هێمای بچووک | رميزة |

| | | |
|---|---|---|
| Mathematics Linguistic | ماتماتیکی زمانەوانی | رياضيات لسانية |
| | ز | |
| Slip - Lapsus | هەڵەی زمان | زلة لسان |
| | س | |
| Sequence | گێڕانەوە | سرد |
| Acoustic | زانستی بیستنی دەنگ (ئەکۆستیکی) | سماع |
| Sanskrit | سانسکریتی | سنسكريتية |
| Semanteme | سیمانتیمی | سويمة |
| Context | دەوروبەر | سياق |
| | ش | |
| Signal | نیشانە | شارة |
| Paraphrase | شرۆڤەی لاسایکەر | شرح تقليدي |
| Condition | مەرج | شرط |
| Form | ڕوخسار/ شێوە | شكل |
| Extension | گشتگیر | شمول |
| | ص | |
| Adjective | ئاوەڵناو | صفة |
| Lexicography | دروستکردنی فەرهەنگ | صناعة المعجم |
| Phonetics | فۆنەتیک | صواتة |

| | | |
|---|---|---|
| Voice | دەنگ | صوت |
| Phoneme | فۆنیم | صويت |
| Grapheme | گرافیم | صويرة |
| | ض | |
| Antiphrasis | دژە ڕستە | ضد الجملة |
| Prounoun | جێناو | ضمير |
| | ط | |
| Stamp | مۆرک | طابع |
| Linearity | درێژایی | طولانية |
| | ظ | |
| Occurence | دەرکەوتە | ظهور |
| | ع | |
| Acting | کاراکتەر | عامل |
| Expression,Locution | فرێز / گوزارشت | عبارة |
| Norm | ناسراو | عرف |
| Prosody | کێشناسی | عروض |
| Conjonction | بەستنەوە | عطف |
| Sign | نیشانە | علامة |
| Cause | هۆکار | علة |
| Linguistics | زمانەوانی | علم اللسان |
| Bit | بچووکترین یەکەی زانیاری | عليمة |

| | | |
|---|---|---|
| | ف | |
| Demarcative | كۆما | فاصل |
| Subject | بكەر | فاعل |
| Sum | گشت | فذلكة |
| Idiolect | زمانی تاكەكەس/ زاری تاكەكەس | فرادة لسانية |
| Individual | تاك | فرد |
| Verb | كار | فعل |
| Clause | كۆپلە | فقرة |
| Transphrastique | شیكردنەوەی گوێزانەوەی فرێز | فقري |
| Poetics | هونەری شیعر | فن الشعر |
| Understanding | تێگەیشتن | فهم |
| Philology | فیلۆلۆژی | فيلولوجيا |
| | ق | |
| Asyndeton | دوو خاڵ لەسەر یەك | قاطعة |
| Rele | ڕێسا | قاعدة |
| Rhyme | سەروا | قافية |
| Reading | خوێندنەوە | قراءة |
| Parataxis | وەكیەك/ جیاكردنەوە | قطع |
| Metathesis | سەراوژێر/ سەراونخونكردن | قلب |

| | | |
|---|---|---|
| Utterance | گوتە | قول |
| | ک | |
| Writing | نووسین | كتابة |
| Speech | ئاخاوتن | كلام |
| Word | وشە | كلمة |
| Morpheme | مۆرفیم | كليمة |
| Metonymy | درکە | كناية |
| | ل | |
| Inflexion | گیرەکی ڕێزمانی | لاحقة ختامية |
| Affixe | گیرەک | لاصقة |
| Solecism | هەڵە | لحن( لحن في الاعراب) |
| Language | زمان | لسان |
| Linguistics | زمانەوانی | لسانة |
| Word game | یاری وشەکان/ گەمەی وشەکان | لعبة كلمات |
| Language | زمان | لغة |
| Tautology | گوتنی دووبارە/ گەڕەلاوژە | لغو |
| | م | |
| Substance | کرۆک/جەوهەر | ماهية |
| Prolixity | زیادەڕەوی | مبالغة |

| | | |
|---|---|---|
| Equivocal | لێکچوو | متشابه |
| Speaker | قسەکەر / ئاخێوەر | متكلم |
| Proverb | پەند | مثل |
| Trope | خوازە | مجاز |
| Homonymy | هاوبێژی | مجانسة |
| Segment | بەشەکی | مجزوء |
| Onomatopoeia | لاساییکردنەوە | محاكاة |
| Predicate | گوزارە/ خەبەر | محمول |
| Axis | تەوەر | محور |
| Signified | هێمابۆکراو | مدلول |
| Corpus | نموونە | مدونة / عينة |
| Reference | سەرچاوە | مرجع |
| Transmitter | نێرەر | مرسلة اليه |
| Message | پەیام | مرسل |
| Target | ئامانج | مرمى |
| Audience | گوێگرەکان | مستمعون |
| Level Language | ئاستی زمانەوانی | مستوى اللغوي |
| Index | ئاماژەکار/ پێڕست/ ئیندێکس | مشير |
| Homophony | هاودەنگ | مصاوتة |
| Homography | هاوپیت/ هۆمۆگرافی | مصاورة |

| | | |
|---|---|---|
| Image Bank | بانكی وێنه | مصرف صور |
| Vocabulary | زاراوه | مصطلح |
| Vowel | بزوێن | مصوت |
| Opposition | بەرهەڵست | معارضة |
| Rewriting | دووباره نووسینەوه/ نووسینەوه | معاودة كتابة |
| Dictionary | فەرهەنگ | معجم |
| Meaning | واتا | معنى |
| Lexical unit | وشەی فەرهەنگی | مفردة معجمية |
| Supposing | گریمانه | مفروض |
| Concept | چەمک | مفهوم |
| Comparaison | بەراورد/ بەراوردكردن | مقارنة |
| Glottochronology | پێوانەی زمانەوانی | مقايسة لغوية |
| Syllabe | بڕگه | مقطع |
| Anagram | جێگۆڕین/ ئەناگرام | مقلوب |
| Immediate Constituents | پێكهاتەی ڕاستەوخۆ | مكونات فورية |
| Pertinence | گونجان | مناسبة |
| Discreet | جودا | منفصل |
| Convention | كارپێكراو | مواضعة |
| Object | بابەت | موضوع |

| | | |
|---|---|---|
| | ن | |
| Accent | هێز | نبر |
| Syntaxis | ڕستەسازی | نحو |
| Transcription | لەبەرگرتنەوە/ کۆپیکردن/ نووسینەوە | نسخ |
| System | سیستەم | نسق |
| Text | دەق | نص |
| Prunonciation | درکاندن/ گۆکردن | نطق |
| Versification | ڕێکخستنی شیعر | نظم الشعر |
| Epithet | ئاوەڵناو | نعت |
| Sound | ئاواز | نغم |
| Redundancy | نا پێویست | نفل |
| Negation | نەرێ | نفي |
| Point | خاڵ | نقطة |
| Antithesis | دژیەک | نقیضة |
| Indeterminate | نەناسراو | نكرة |
| Kernel | ناوک | نواة |
| Genre | جۆر | نوع |
| | هـ | |
| Nonsense | پڕوپووچ | هراء |
| Appearance | شێوە | هیئة |

| | | |
|---|---|---|
| | و | |
| Copula | بەستنەوە | واصلة |
| Unity | یەکە | وحدة |
| Position | بارودۆخ/ حاڵەت | وضع |
| Function | ئەرک | وظيفة |
| Dieresis | وەستانی دووانەیی | وقف ثنائي |

# فەرهەنگی

# ئینگلیزی کوردی عەرەبی

| | | |
|---|---|---|
| A | | |
| Abstraction | ئەبستراكت | تجريد |
| Abuse | خراپ بەكارهێنان | تعسف |
| Accent | هێز | نبر |
| Accentution | هێز | تنبير |
| Acoustic | زانستی بیستنی دەنگ (ئەكۆستیكی) | سماع |
| Acting | كاراكتەر | عامل |
| Actualization | جێبەجێبوون | تحقق |
| Adjective | ئاوەڵناو | صفة |
| Affixe | گیرەک | لاصقة |
| Agreement | گونجان، سازان | تناسب |
| Alexie | شڵەژانی خوێندنەوە | اضطراب القراءة |
| Allegory | خواستن | استعارة |
| Alliteration | دووبارەكردنەوەی پیت | ترجيح حرفي |
| Allocation | تایبەتكردن | تخصيص |
| Allographe | ئەلۆگراف | تباين كتابي |
| Allomorphe | ئەلۆمۆرف | تباين شكلي |
| Allophone | ئەلۆفۆن | تباين صوتي |
| Amalgame | تێهەڵكێش | إدغام |

| | | |
|---|---|---|
| Ambiguity | لێڵی | التباس |
| Amphibology | لێڵی واتایی | التباس المعنى |
| Anagram | جێگۆڕین/ ئەناگرام | مقلوب |
| Analaysis Semic | شیکردنەوەی واتایی | تحليل معناتي |
| Anaphora | ئەنافۆر/ دووبارە | تكرار |
| Antiphrasis | دژە ڕستە | ضد الجملة |
| Antithesis | دژیەک | نقيضة |
| Antonymy | دژواتا | تضاد |
| Aphaeresis | لابردنی سەرەتای وشە | حذف مطلع الكلمة |
| Aphasia | ئەفاسیا/ تەتەڵە | حبسة |
| Apocopation | لابردن/ لابردنی کۆتایی وشە | حذف اخر كلمة |
| Appearence | شێوە | هيئة |
| Appropriateness | پێکەوەبەستراو/ گونجان | تلازم |
| Arbitrary | کۆنترۆڵ | تحكم/ تحكمي |
| Asyndeton | دوو خاڵ لەسەر یەک | قاطعة |
| Attribution | دانەپاڵ | حمل |
| Audience | گوێگرەکان | مستمعون |
| Axis | تەوەر | محور |
| B | | |

| | | |
|---|---|---|
| Bit | بچووکترین یەکەی زانیاری | عليمة |
| C | | |
| Cause | هۆکار | علة |
| Clause | کۆپله | فقرة |
| Code | کۆد | راموز |
| Communication | پەیوەندی/ وابەستەکی | تواصل |
| Commutation | جێگۆڕکێ | إبدال |
| Comparaison | بەراورد/ بەراووردکردن | مقارنة |
| Completion | تەواوکردن | تكميل |
| Concept | وێناکردن | تصور |
| Concept | چەمک | مفهوم |
| Condition | مەرج | شرط |
| Conjonction | بەستنەوە | عطف |
| Context | دەوروبەر | سياق |
| Convention | کارپێکراو | مواضعة |
| Coordination | هەماهەنگ | تناسق |
| Copula | بەستنەوە | واصلة |
| Corpus | نموونە | مدونة / عينة |
| D | | |
| Demarcative | کۆما | فاصل |
| Denotation | دیاریکردن | تعيين |

| | | |
|---|---|---|
| Derivation | داتاشین | اشتقاق |
| Determination | دیاریکردن | تحدید |
| Determiner | دیاریکراو/ دەستنیشانکراو | حاد |
| Diachrony | دایکرۆنی/ مێژوویی | تعاقب |
| Dictionary | فەرهەنگ | معجم |
| Dieresis | وەستانی دووانەیی | وقف ثنائي |
| Discreet | جودا | منفصل |
| Disponibility | دابینکردن (دەستەبەر) | توفر |
| Distribution | دابەشبوون | توزيع |
| Distributional Analysis | شیکردنەوەی ستوونی | تحليل توزيعي |
| E | | |

| | | |
|---|---|---|
| Elision | لابردنی بزوێن | حذف الصائت |
| Ellipsis | شاردنەوە | اضمار |
| Eloquence | ڕەوانبێژی | بلاغة |
| Embedding | ئاوێتەبوون | تدامج |
| Emphasis | توندکردن | تشديد |
| Enunciation | ڕاگەیاندن | اعلام |
| Epenthesis | سەرباری پیت | اضافة حرف |
| Epithet | ئاوەڵناو | نعت |
| Equivocal | لێکچوو | متشابه |
| Expansion | فراوان | توسيع |
| Expression | دەربڕین | تعبير |
| Expression,Locution | فرێز / گوزارشت | عبارة |
| Extension | گشتگیر | شمول |
| F | | |
| Fault | هەڵەی ڕێنووس | خطأ املائي |
| Field Lexical | کێڵگەی فەرهەنگی | حقل معجمي |
| Flexion | شیکردنەوە(شلۆڤەکردن) | اعراب |
| Form | ڕوخسار/ شێوە | شكل |
| Frequency | کەڕەت | تواتر |
| Function | ئەرک | وظيفة |
| G | | |

| | | |
|---|---|---|
| Genre | جۆر | نوع |
| Gerundive | دۆخ | حال |
| Glottochronology | پێوانەی زمانەوانی | مقايسة لغوية |
| Glossematics | لێکدانەوە | تفسيرية |
| Graduation | بەدوایەکهاتنی نەبزوێن | تعاقب المصوتات |
| Grammaticale Analysis | شیکردنەوەی ڕێزمانی | تحليل نحوي |
| Grapheme | گرافیم | صويرة |
| H | | |
| Hiatus | دووبارەکردنەوەی بزوێن یان نەبزوێن | تصاوت |
| Homogeneity | گونجان | انسجام |
| Homography | هاوپیت/ هۆمۆگرافی | مصاورة |
| Homonymy | هاوبێژی | مجانسة |
| Homophony | هاودەنگ | مصاوتة |
| I | | |
| Ideogram | هێمای بیری | رمازة |
| Idiolect | زمانی تاکەکەس/ زاری تاکەکەس | فرادة لسانية |
| Idiomation | دەربڕینی | تعبير |

| | | |
|---|---|---|
| expression | زاراوەیی(ئیدیۆم) | اصطلاحي |
| Image Bank | بانكی وێنە | مصرف صور |
| Immediate Constituents | پێكهاتەی ڕاستەوخۆ | مكونات فورية |
| Implication | گرتنەوە | تضمين |
| Indeterminate | نەناسراو | نكرة |
| Index | ئیندێكس/ ڕێبەر | دليل |
| Index | ئاماژەكار/ پێڕست/ ئیندێكس | مشير |
| Individual | تاك | فرد |
| Inflexion | گیرەكی ڕێزمانی | لاحقة ختامية |
| Intonation | ئاواز | تنغيم |
| K | | |
| Kernel | ناوك | نواة |
| L | | |
| Language Economy | ئابووریی زمانەوانی | اقتصاد اللغوي |
| Language | زمان | لسان |
| Language | زمان | لغة |
| Level Language | ئاستی زمانەوانی | مستوى اللغوي |
| Lexical unit | وشەی فەرهەنگی | مفردة معجمية |
| Lexicography | دروستكردنی فەرهەنگ | صناعة المعجم |

| | | |
|---|---|---|
| Lexicon | زاراوەی فەرهەنگی | اصطلاح معجمي |
| Linearity | درێژایی | طولانية |
| Linguistics | زمانەوانی | علم اللسان |
| Linguistics | زمانەوانی | لسانة |
| Lingustic Deviation | زمان لاری/ ناتەواوی زمان | انحراف لساني |
| Litotes | بەهێزکردنی واتا | تقوية المعنى |
| Little Symbol | هێمای بچووک | رميزة |
| M | | |
| Mathematics Linguistic | ماتماتیکی زمانەوانی | رياضيات لسانية |
| Meaning /Signifiant | هێما | دال |
| Meaning | واتا | معنى |
| Message | پەیام | مرسل |
| Meta Language | میتا زمان | تقعيد اللغة |
| Metaphore | میتافۆر / خوازە | تورية |
| Metathesis | سەراوژێر/ سەراونخونکردن | قلب |
| Metonymy | درکە | كناية |
| Metric | کێشی شیعر | أوزان شعرية |
| Mimic | خۆگۆڕین/ شێواندن | تنكر |

| | | |
|---|---|---|
| Morpheme | مۆرفیم | كليمة |
| Mutation | گۆڕانی دەنگی | تبدل صوتي |
| N | | |
| Name | ناو | اسم |
| Negation | نەرێ | نفي |
| Neologism | نوێباو | توليد |
| Noise | شێواندن | تشويش |
| Nonsense | پڕوپووچ | هراء |
| Norm | ناسراو | عرف |
| O | | |
| Object | بابەت | موضوع |
| Occurrence | دەرکەوتە | ظهور |
| Onomastics | ناوهێنانەکان | اعلاميات |
| Onomatopoeia | لاساییکردنەوە | محاكاة |
| Opposition | بەرهەڵست | معارضة |
| P | | |
| Padding /Expletion | زیادە، بێسوود، بێکەڵک | حشو |
| Paire | دوانەیی | ثنائي |
| Paraphrase | شرۆڤەی لاسایکەر | شرح تقليدي |
| Parataxis | وەکیەک/ جیاکردنەوە | قطع |
| Parody | گاڵتەجاڕیی | تهكمية |

| | | |
|---|---|---|
| Paronomasis | ڕەگەزدۆزی | جناس |
| Performance | چالاکی | أداء |
| Pertinence | گونجان | مناسبة |
| Philology | فیلۆلۆژی | فيلولوجيا |
| Phoneme | فۆنیم | صويت |
| Phonetic | پێکهاتەی دەنگی (فۆنەتیک) | تركيبة صوتية |
| Phonetics | فۆنەتیک | صواتة |
| Pictogram | نیگارکێشی نووسین | ترسيم كتابي |
| Poetics | هونەری شیعر | فن الشعر |
| Point | خاڵ | نقطة |
| Polysemy | فرەواتا | تعدد دلالي |
| Polysyndetic | فرە بەستنەوە | تعدد ربطي |
| Position | بارودۆخ/ حاڵەت | وضع |
| Predicate | گوزارە/ خەبەر | محمول |
| Preterition | وڕێنە | تعريض |
| Prolepie | ناڕازیی | اعتراض |
| Prolixity | زیادەڕەوی | مبالغة |
| Proper Name | ناوی تایبەتی | اسم العلم |
| Prosody | کێشناسی | عروض |
| Prothesis | پرۆتێسیس (فۆنیمی | ابداء |

| | | |
|---|---|---|
| | زیادکراوی سەرەتا) | |
| Prounoun | جێناو | ضمير |
| Proverb | پەند | مثل |
| Prunonciation | گۆکردن/ درکاندن | نطق |
| Pun | گەمەی واژەیی(یاریکردن بە وشەکان) | تلاعب لفظي |
| Punctuation | خاڵبەندی | تقطيع |
| R | | |
| Reading | خوێندنەوە | قراءة |
| Redundancy | نا پێویست | نفل |
| Reference | سەرچاوە | مرجع |
| Rele | ڕێسا | قاعدة |
| Representation | نواندن | تمثل |
| Rewriting | دووبارە نووسینەوە/ نووسینەوە | معاودة كتابة |
| Rhyme | سەروا | قافية |
| Root | ڕەگ | جذر |
| Rhythm | ڕیتم | ايقاع |
| S | | |
| Sanskrit | سانسکریتی | سنسكريتية |
| Script/ Graphie | وێنە(نووسین) | تصوير |

| | | |
|---|---|---|
| Segment | بەشەکی | مجزوء |
| Semanteme | سیمانتیمی | سويمة |
| Sentence | ڕستە | جملة |
| Sequence | گێڕانەوە | سرد |
| Sign | نیشانە | علامة |
| Signal | نیشانە | شارة |
| Meaning/ Signification | واتا | دلالة |
| Signified | هێمابۆکراو | مدلول |
| Slang | زاراوەی تایبەت(زمانی) | اصطلاح خاص |
| Slip - Lapsus | هەڵەی زمان | زلة لسان |
| Solecism | هەڵە | لحن( لحن في الاعراب) |
| Sound | ئاواز | نغم |
| Speaker | قسەکەر / ئاخێوەر | متكلم |
| Speech | ئاخاوتن | كلام |
| Speech /Discourse | گوتار | خطاب |
| Speking | ئاخاوتن | تكلم |
| Speling /Orthographe | ڕێنووس | املاء |
| Stamp | مۆرک | طابع |

| | | |
|---|---|---|
| Stem | بەدرەختکردن | تشجير |
| Structure | بونیاد | بنية |
| Style | شێواز | أسلوب |
| Stylistice | شێوازگەریی | أسلوبية |
| Subject | خود/ بکەر | ذات |
| Subject | بکەر | فاعل |
| Subordination | پاشکۆکان | الحاق |
| Substance | کرۆک/جەوهەر | ماهية |
| Substitute | لەجیاتی | بدل |
| Sum | گشت | فذلكة |
| Supposing | گریمانە | مفروض |
| Syllabe | بڕگە | مقطع |
| Syllepsis | پەیوەندی مەعنەوی | تعلق معنوي |
| Symbol | نیشانە/ هێما/ سیمبول | رمز |
| Symbolise | هێمایی | رامز/مرموز |
| Synchrony | ئێستایی | تساوق |
| Synonymy | هاوواتا | ترادف(مرادف) |
| Syntagma | ئاسۆیی | تركيب |
| Syntagmatic Analysis | شیکردنەوەی ئاسۆیی | تحليل ركني |
| Syntaxis | ڕستەسازی | نحو |

| | | |
|---|---|---|
| System | سیستەم | نسق |
| T | | |
| Target | ئامانج | مرمى |
| Tautology | گوتنی دووبارە/ گەڕەلاوژە | لغو |
| Text | دەق | نص |
| Transcription | لەبەرگرتنەوە/ کۆپیکردن/ نووسینەوە | نسخ |
| Transfer of Function | پۆلگۆڕین | تبدل رتبي |
| Transformation | گوێزانەوە | تحويل |
| Translation | وەرگێڕان | ترجمة |
| Transmitter | نێرەر | راسل |
| Transmitter | نێرەر | مرسلة اليه |
| Transphrastique | شیکردنەوەی گوێزانەوەی فرێز | فقري |
| Trope | خوازە | مجاز |
| U | | |
| Understanding | تێگەیشتن | فهم |
| Unity | یەکە | وحدة |
| Utterance | گوتە | قول |
| V | | |
| Verb | کار | فعل |

| | | |
|---|---|---|
| Versification | ڕێکخستنی شیعر | نظم الشعر |
| Vocabulary | زاراوە | مصطلح |
| Vocalization | فۆنیمی | تصويت |
| Voice | دەنگ | صوت |
| Vowel harmony | گونجانی بزوێن | تناغم صوتي |
| Vowel | بزوێن | مصوت |
| W | | |
| Word game | یاری وشەکان/ گەمەی وشەکان | لعبة كلمات |
| Word | وشە | كلمة |
| Writing | نووسین | كتابة |